حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی زانستی کۆمپیوتەر

# ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و پەیوەندی بەپاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی

ماستەرنامەیەکە پێشکەش بەئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی کراوە وەك

بەشێك لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە

(ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستی کۆمپیوتەر)دا

لەلایەن

سەرکەوت جمال محمد

بە سەرپەرشتی

پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد

د. ئاکۆ محمد عبداللە

٢٧٢٢ کوردی ٢٠٢٢ زاینی ١٤٤٤ کۆچی

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زانستی کۆمپیوتەر

# ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و پەیوەندی بەپـــاڵنەری فێربـــــوون و زیـــــرەکی هەڵچوونـــــی لای خوێندکـــــارانـــی زانـــکۆی سلێمانـــــی

ماستەرنامەیەکە پێشکەش بەئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی
کراوە وەك بەشێك لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە
(ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستی کۆمپیوتەر)دا

لەلایەن

سەرکەوت جمال محمد

**بە سەرپەرشتی**

**پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد** — **د. ئاكۆ محمد عبدالله**

**٢٧٢٢ کوردی** — **٢٠٢٢ زاینی** — **١٤٤٤ کۆچی**

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

**((يَرْفَعِ اللهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ**
**وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجات))**

**صدق الله العظيم**

**(سورة المجادلة:الاية ١١)**

**بڕیاری سەرپەرشتیاران**

**ئەم نامەیە بە ناونیشانی (ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و پەیوەندی بەپاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی) بە سەرپەرشتی و لە ژێر چاودێری ئێمەدا لە لایەن خوێندکاری ماستەر (سەرکەوت جمال محمد) لە زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری پەروەردە/ ڕێگاکانی وانەووتنەوە/ زانستی کۆمپیوتەر، لەو پێناوەدا واژۆمان کردووە.**

واژۆ
پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد
ڕێکەوت: / /٢٠٢٢

واژۆ
د. ئاکۆ محمد عبدالله
ڕێکەوت: / /٢٠٢٢

بە پێی ئەم پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژۆ
ناو : ئاری صابر عارف
سەرۆك بەشی زانستی کۆمپیوتەر
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتووگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بەناونیشانی (ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و پەیوەندی بەپاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی) لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (سەرکەوت جمال محمد) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا کە شایستەی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەر لە بواری پەروەردە/ ڕێگاکانی وانەوتنەوە/زانستی کۆمپیوتەری پێ بدرێت، لەو پێناوەدا واژۆمان کردووە.

واژۆ
ناو: پ.ی.د.سلوی احمد امین
ئەندام
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژۆ
ناو:پ.ی.د.سرمد صلاح محی الدین
ئەندام
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژۆ
ناو : پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد
ئەندام و سەرپەرشتیاری
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژۆ
ناو:د. ئاکۆ محمد عبداللە
ئەندام و سەرپەرشتیاری
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

واژۆ
ناو : پ.د.جواد نعمت حسین
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە( )لە ڕێکەوتی ( / / ٢٠٢٢ ) پەسەندکرا.

واژۆ
ناو : پ.ی.د. علی قادر عثمان
ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
ڕێکەوت: ١١/٥/٢٠٢٢

پێشکەشە بـــە:

دایك و باوکی خۆشەویستم.

خوشك و براکانم.

هاوڕێکانم

دۆستانی زانست و زانیاری

بەتــــۆ

تـــــوێژەر

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و ستاییش بۆ خودای گەورە کەیارمەتیدەرم لە تەواوکردنی توێژینەوەکە.

سوپاس بۆ خێزانەکەم کە هەمیشە یارمەتیدەرم بوون.

سوپاس و پێزانینم بۆ سەرپەرشتیارە بەڕێزەکانم(پ.ی.د.حسن فخرالدین خالد) و (د.ئاکۆ محمد عبداللە)لەبەرامبەر هەوڵ و ماندوبوون و ئامۆژگارییەکانیان.

سوپاس و پێزانینم بۆ بەڕێزان(پ.د.علی قادر،پ.د.صابر بکر مصطفی، پ.د.جواد نعمت حسین،پ.د.نظام عبدالجبار حسین)هەمیشە هاوکارم بوون.

سوپاس و پێزانینم بۆ بەڕێزان (پ.ی.د.عطا رشید)و(پ.ی.د.پۆڵا عبدالصمد) هاوکارییان کردم لەپێداچوونەوە بەماستەرنامەکەدا.

سوپاس بۆ مامۆستای بەڕێز(ڕووناك غازی)لە زانکۆی ابن رشد- بغداد،یارمەتیدەرم بوو لە کۆکردنەوەی سەرچاوەکان و وەرگێڕانی بابەتەکان.

سوپاس بۆ(د.ژیان فاضل ،م.ئاڤان عمر،م.مریوان مارف،م.رەنگین حبیب)هاوکارییان کردم لە وەرگێڕانی زمانە جیاوازەکاندا.

سوپاس بۆ(م.ئاسیا مجید،زریان عبداللە،لارۆس محمود،سلمان مصطفی، ڕۆژە محمد، ساکار حسین،هێژا عبداللە،سەربەست جمال،بەڕێزجمال،بنار عزیز) یارمەتیدەرم بوون.

سوپاس بۆ بەشی زانستی کۆمپیوتەر بۆ هەوڵ و ماندووبونەکانیان.

سوپاس بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی یارمەتیدەرم بوون لە هەڵسەنگاندی ئامرازەکانی توێژینەوەکەدا.

سوپاس بۆ کۆمەڵەی خوێندکاران هاوکارم بوون لە بڵاوکردنەوەی ڕاپرسییەکاندا.

سوپاس بۆ سەرجەم ئەو خوێندکارە خۆشەویستانەی بوونە نموونەی توێژینەوەکە.

سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی ڕێنیشاندەرم بوون

سوپاس بۆ کتێبخانەی ناوەند و کتێبخانەی کۆلێج.

**تـــوێژەر**

# پێڕستی ناوەڕۆك


| ناوەڕۆك | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| ناونیشان | أ |
| ئایەتی قورئان | ب |
| بڕیاری سەرپەرشتیاران | ج |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن | د |
| پێشکەشکردن | هـ |
| سوپاس و پێزانین | و |
| پێڕستی ناوەڕۆك | ز - ط |
| پێڕستی خشتەکان | ط - ی |
| پێڕستی پاشکۆکان | ك |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی | ل - ن |
| **بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە** | ١ |
| پێشەکی | ٣-٤ |
| کێشەی توێژینەوەکە | ٤-٨ |
| گرنگی توێژینەوەکە | ٨-١٠ |
| ئامانجی توێژینەوەکە | ١٠-١١ |
| سنوری توێژینەوەکە | ١١ |
| پێناسەی زاراوەکان | ١٣-١٤ |
| **بەشی دووەم : چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو** | ١٥ |
| چەمکی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکرد | ١٦-١٨ |
| بەشە سەرەکیەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | ١٩ |
| پێکهاتەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | ١٩-٢١ |
| ئەرکەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | ٢١-٢٢ |
| سودە بەدەستهێنراوەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | ٢٢-٢٤ |
| مەرجەکانی فێربوون لە ژینگەی پشت بەست بە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | ٢٤-٢٩ |
| سود و بەکارهێنانی(ICT)تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لە بواری پەروەردەدا | ٢٩-٣٣ |
| بەربەستەکان و چارەسەرەکان لەڕوانگەی خوێندکارانەوە | ٣٣-٣٤ |
| بەربەستەکان و چارەسەرەکان لەڕوانگەی مامۆستاوە | ٣٤-٣٧ |
| بەربەستەکان و چارەسەرەکان: تێڕوانینی ژێرخانی کارگێڕی و ئای سی تی | ٣٧-٣٩ |
| چەمکی فێربوون | ٣٩ |
| چەمکی پاڵنەر | ٣٩-٤١ |
| چەمکی پاڵنەری فێربوون | ٤١-٤٢ |
| تایبەتمەندیەکانی پاڵنەر | ٤٢ |
| گرنگی پاڵنەر | ٤٢-٤٣ |
| مەرجەکانی پاڵنەری فێربوون | ٤٣ |
| سەرچاوەکانی پاڵنەری فێربوون | ٤٣-٤٥ |

| | |
|---|---|
| تیۆرەکانی پاڵنەر | ٤٥-٤٩ |
| ڕۆڵی مامۆستا لەدروستکردنی پاڵنەری فێربوون | ٤٩-٥٠ |
| ئەرکەکانی پاڵنەری فێربوون | ٥٠-٥٣ |
| چەمکی زیرەکی | ٥٣-٥٤ |
| چەمکی هەڵچوونەکان | ٥٤ |
| چەمکی زیرەکی هەڵچوونی | ٥٤-٥٦ |
| پەیوەندی نێوان زیرەکی هەڵچوونی و دروستی دەروونی | ٥٦-٥٧ |
| شێوەی هەڵچوونەکان | ٥٧ |
| مەرجەکانی ڕوودانی هەڵچوون | ٥٨ |
| ڕەهەندەکانی زیرەکی هەڵچوونی | ٥٨-٥٩ |
| تیۆرەکانی زیرەکی هەڵچوونی | ٥٩-٦٦ |
| توێژینەوەکانی پێشوو | ٦٧ |
| توێژینەوەکانی تایبەت بە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | ٦٧-٧٣ |
| توێژینەوەکانی تایبەت بە پاڵنەری فێربوون | ٧٤-٧٧ |
| توێژینەوەکانی تایبەت بەزیرەکی هەڵچوونی | ٧٧-٨٠ |
| لێکچوون و جیاوازی لەنێوان توێژینەوەی ئێستا و توێژینەوەکانی پێشوو | ٨٠-٨١ |
| **بەشی سێیەم : ڕێکارەکانی توێژینەوەکە** | ٨٢ |
| میتۆدی توێژینەوەکە | ٨٣ |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٨٣-٨٤ |
| نموونەی توێژینەوەکە | ٨٤-٨٧ |
| ئامڕازەکانی توێژینەوە | ٨٧-١٠٦ |
| ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی کۆتایی | ١٠٦ |
| ئامڕازە ئامارییە بەکارهاتووەکان | ١٠٦-١٠٧ |
| **بەشی چوارەم : ئەنجامەکانی توێژینەوە** | ١٠٨ |
| خستنەڕوی ئەنجامەکان | ١٠٩-١٣٥ |
| دەرئەنجامەکان | ١٣٥-١٣٦ |
| ڕاسپاردەکان | ١٣٧ |
| پێشنیارەکان | ٣٧ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ٣٨ |
| سەرچاوەکان بە زمانی کوردی | ١٣٩ |
| سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی | ١٣٩-١٤١ |
| سەرچاوەکان بە زمانی  فارسی | ١٤١ |
| سەرچاوەکان بە زمانی ئیگلیزی | ١٤٢ |
| نامەی ماستەر و دکتۆرا بە زمانە کوردی | ١٤٢-١٤٣ |
| نامەی ماستەر و دکتۆرا بە زمانی عەرەبی | ١٤٣-١٤٥ |
| نامەی ماستەر و دکتۆرا بە زمانی ئینگلیزی | ١٤٥ |
| بڵاوکراوەی گۆڤارەکان بە زمانی عەرەبی | ١٤٥-١٤٦ |
| بڵاوکراوەی گۆڤارەکان بە زمانی ئینگلیزی | ١٤٦-١٤٩ |
| کۆنفرانسەکان | ١٤٩-١٥٠ |

| | |
|---|---|
| سەرچاوەکان لە ئەنتەرنێت | ١٥١-١٥٠ |
| **پاشکۆکان** | ١٩٤-١٥٢ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | i-ii |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | iii-iv |


## پێڕستی خشتەکان


| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| (١) | پێکهاتەی توانستە هەڵچوونییەکان بەبۆچوونی دانیاڵ گۆڵمان | ٦١ |
| (٢) | توێژینەوەکانی تایبەت بە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | ٧٣-٦٧ |
| (٣) | توێژینەوەکانی تایبەت بە پاڵنەری فێربوون | ٧٧-٧٤ |
| (٤) | توێژینەوەکانی تایبەت بەزیرەکی هەڵچوونی | ٨٠-٧٧ |
| (٥) | کۆمەڵگای توێژینەوە کەپێکهاتووە لەخوێندکارانی زانکۆی سلێمانی | ٨٤ |
| (٦) | نمونەی سەرەتایی توێژینەوەکە | ٨٥ |
| (٧) | نموونەی توێژینەوەکە | ٨٧-٨٦ |
| (٨) | هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوانە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | ٩١-٩٠ |
| (٩) | هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوان تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | ٩٢ |
| (١٠) | هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | ٩٣ |
| (١١) | هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوانەی پاڵنەری فێربوون | ٩٨-٩٧ |
| (١٢) | هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوانەی پاڵنەری فێربوون | ٩٨ |
| (١٣) | هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی پاڵنەری فێربوون | ٩٩ |
| (١٤) | هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوانە زیرەکی هەڵچونی | ١٠٣-١٠٢ |
| (١٥) | هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوانەی زیرەکی هەڵچوونی | ١٠٤ |
| (١٦) | هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی زیرەکی هەڵچونی | ١٠٥ |
| (١٧) | ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لای نموونەی توێژینەوەکە | ١٠٩ |
| (١٨) | دەرخستنی جیاوازی ڕەگەز لەئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و فێرکردن | ١١٠ |
| (١٩) | دەرخستنی جیاوازی بەش لەئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | ١١١ |
| (٢٠) | دەرخستنی جیاوازی بەش لەئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و فێرکردن | ١١٢ |
| (٢١) | ئاستی پاڵنەری لای نموونەی توێژینەوەکە | ١١٣ |
| (٢٢) | دەرخستنی جیاوازی ڕەگەز لەئاستی پاڵنەری فێربوون | ١١٤ |
| (٢٣) | دەرخستنی جیاوازی بەش لەئاستی پاڵنەری فێربوون | ١١٥ |
| (٢٤) | دەرخستنی جیاوازی بەش لەئاستی پاڵنەری فێربوون | ١١٦ |

| | | |
|---|---|---|
| (٢٥) | ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای نموونەی توێژینەوەکە | ١١٦ |
| (٢٦) | دەرخستنی جیاوازی ڕەگەز لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی | ١١٧ |
| (٢٧) | دەرخستنی جیاوازی بەش لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی | ١١٨ |
| (٢٨) | دەرخستنی جیاوازی بەش لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی | ١١٩ |
| (٢٩) | ڕێژەی سەدی کاتژمێری بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لای نموونەی توێژینەوەکە | ١٢٠ |
| (٣٠) | ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ کاتژمێرەکانی بەکارهێنان و جیاوازییان لەئاستی پاڵنەری فێربووندا | ١٢٠ |
| (٣١) | جیاوازی نێوان کاتژمێری بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەئاستی پاڵنەری فێربوون | ١٢٠ |
| (٣٢) | ژمارەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنان و جیاوازیان لەئاستی پاڵنەری فێربون بەپێی یاسای(LSD) | ١٢١ |
| (٣٣) | ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ کاتژمێرەکانی بەکارهێنان و جیاوازییان لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی | ١٢٢ |
| (٣٤) | جیاوازی نێوان کاتژمێری بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەئاستی زیرەکی هەڵچونی | ١٢٢ |
| (٣٥) | ژمارەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنان و جیاوازیان لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی یاسای(LSD) | ١٢٣ |
| (٣٦) | دەرخستنی پەیوەندی نێوان ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و پاڵنەری فێربوون | ١٢٤ |
| (٣٧) | دەرخستنی پەیوەندی نێوان ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و زیرەکی هەڵچوونی | ١٢٥ |
| (٣٨) | دەرخستنی پەیوەندی نێوان ئاستی پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی | ١٢٦ |
| (٣٩) | ژمارەی دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی کۆلێجەکان | ١٢٧ |
| (٤٠) | ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ کۆلێجەکان و جیاوازییان لەئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | ١٢٨ |
| (٤١) | جیاوازی نێوان کۆلێجەکان لەئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | ١٢٨ |
| (٤٢) | ژمارەی خوێندکارانی کۆلێجەکان و جیاوازیان لەئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەپێی یاسای(LSD) | ١٢٩-١٣٠ |
| (٤٣) | ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ کۆلێجەکان و جیاوازییان لەئاستی پاڵنەری فێربووندا | ١٣٠ |
| (٤٤) | جیاوازی نێوان کۆلێجەکان لەئاستی پاڵنەری فێربوون | ١٣٠ |
| (٤٥) | ژمارەی خوێندکارانی کۆلێجەکان و جیاوازیان لەئاستی پاڵنەری فێربون بەپێی یاسای(LSD) | ١٣١-١٣٢ |
| (٤٦) | ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ کۆلێجەکان و جیاوازییان لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی | ١٣٢ |
| (٤٧) | جیاوازی نێوان کۆلێجەکان لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی | ١٣٣ |
| (٤٨) | ژمارەی خوێندکارانی کۆلێجەکان و جیاوازیان لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی (LSD) | ١٣٤-١٣٥ |

## پێڕستی پاشکۆکان


| ژمارەی پاشکۆ | ناونیشانی پاشکۆ | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ڕاپرسی کراوە بۆ ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوانەی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن (I CT) | ١٥٣-١٥٤ |
| ٢ | بڕگەکانی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن کە لەڕاپرسی کراوە ئامادەکراوە | ١٥٤-١٥٥ |
| ٣ | ناوی پسپۆڕانی زمانی کوردی بۆ هەڵسەنگاندنی پێوەرەکە لەڕووی زمانەوانی و داڕشتنەوە | ١٥٥ |
| ٤ | ناوی شارەزایان و پسپۆڕان و نمرەی هەڵسەنگاندنیان بۆ تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | ١٥٦-١٥٧ |
| ٥ | ئەنجامدانی ڕاستگۆیی ڕواڵەت بۆ پێوەری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | ١٥٨-١٦١ |
| ٦ | پێوانەی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن دوای گەڕانەوەی لای پسپۆڕان | ١٦١-١٦٤ |
| ٧ | مانەوەی بڕگەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن دوای گەڕانەوەیان لای شارەزاکان | ١٦٤-١٦٥ |
| ٨ | پێوانەی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن دوای ڕاستگۆیی بونیادنان | ١٦٥-١٦٦ |
| ٩ | ئەنجامدانی جێگیری بۆ پێوانەی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | ١٦٦-١٦٨ |
| ١٠ | ڕاپرسی کراوە بۆ ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوانەی پاڵنەری فێربوون | ١٦٩ |
| ١١ | بڕگەکانی پاڵنەری فێربوون کە لەڕاپرسی کراوە ئامادەکراوە | ١٧٠ |
| ١٢ | ئەو بڕگانەی لەتوێژینەوەی(گوڵاڵە سەلام)وەرگیراوە | ١٧٠ |
| ١٣ | ناوی شارەزایان و پسپۆڕان و نمرەی هەڵسەنگاندنیان بۆ پاڵنەری فێربوون | ١٧١ |
| ١٤ | ئەنجامدانی ڕاستگۆیی رواڵەتی بۆ پێوانەی پاڵنەری فێربوون | ١٧٢-١٧٣ |
| ١٥ | پێوانەی پاڵنەری فێربوون دوای گەڕانەوەی لای پسپۆڕان | ١٧٤-١٧٥ |
| ١٦ | مانەوەی بڕگەکانی پاڵنەری فێربوون دوای گەڕانەوەیان لای شارەزاکان | ١٧٥-١٧٦ |
| ١٧ | مانەوەی بڕگەکانی پێوەری پاڵنەری فێربوون دوای ڕاستگۆیی بونیادی | ١٧٦ |
| ١٨ | ئەنجامدانی جێگیری بۆ پێوانەی پاڵنەری فێربوون | ١٧٧-١٧٨ |
| ١٩ | ناوی شارەزایان و پسپۆڕان و نمرەی هەڵسەنگاندنیان بۆ زیرەکی هەڵچوونی | ١٧٩ |
| ٢٠ | ئەنجامدانی ڕاستگۆیی ڕواڵەت بۆ پێوەری زیرەکی هەڵچوونی | ١٨٠-١٨٢ |
| ٢١ | پێوانەی زیرەکی هەڵچونی دوای گەڕانەوەی لای پسپۆڕان | ١٨٢-١٨٤ |
| ٢٢ | مانەوەی بڕگەکانی زیرەکی هەڵچوونی دوای گەڕانەوەیان لای شارەزاکان | ١٨٤-١٨٥ |
| ٢٣ | مانەوەی بڕگەکانی زیرەکی هەڵچوونی دوای ڕاستگۆیی بونیادی | ١٨٥-١٨٦ |
| ٢٤ | ئەنجامدانی جێگیری بۆ پێوانەی زیرەکی هەڵچوونی | ١٨٧-١٨٩ |
| ٢٥ | ئەنجامدانی پێوانەکان بەشێوەی کۆتایی | ١٩٠-١٩٤ |

## پوختەی توێژینەوەکە

ئامـانجی ئەم تـوێژینەوەیە،بریتییە لەزانینـی پەیوەنـدی نێـوان ئاسـتی بەکارهێنـانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەپاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونیەوە ( هەست و سـۆز )،هەروەهـا زانینـی جیـاوازی نێوانیـان بەپێـی گۆڕاوەکـانی) ڕەگەز و لقـی خوێندن،قۆناغی خوێندن) . زانینی ژمارەی کـاتژمێری بەکارهێنانی تەکنەلۆجیـای زانیـاری و پەیوەنـدیکردن و جیاوازییـان لەئاسـتی پـاڵنەری فێربـوون و زیرەکـی هەڵچوونیـدا،زانینی جیاوازی لەئاستی پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی بەپێی کۆلێجەکان ،توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسەرجەم خوێندکارانی زانکـۆی سـلێمانی بـۆ سـاڵی خوێنـدنی ٢٠٢١-٢٠٢٢،لە خوێنـدنی بەیانیـان کەژمارەیـان(٢١١٦١)خوێنـدکارە.هەروەها نمـوونەی تـوێژینەوەکە(٩٩٥)خوێنـدکار بـوون لەڕەگـەزی نێـر و مـێ،بە شـێوەی هەڕەمەکـی چینـی ڕێژەیـی گونجـاو هەڵبژێـردراوە،ئەو ئـامڕازانەی بەکارهـاتووە،بریتییە لە پێـوەری(ئاسـتی بەکارهێنـانی تەکنەلۆجیـای زانیـاری و پەیوەنـدیکردن)،تـوێژەر خـۆی بنیـاتی ناوە،هەروەهـا هەردوو پێـوەری (پـاڵنەری فێربـوون و زیرەکـی هەڵچـوونی) بە سـود وەرگـرتن لە توێژینەوەکـانی پێشـوو ئامـادەی کـردووە،دوای دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیـری ، پێوەرەکـان جـێ بـەجێ کـران. لە گرنگتـرین ئەو ئـامڕازە ئامارییانەی بە کارهاتووە بریتییە لە(ناوەندی ژمێرەیی،لادانی پێوەری،هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، تاقیکردنەوەی(**ANOVA،t-test**)ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەریدەخەن کە:

١. ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لای خوێنکاران بەرزە.

٢. نەبـوونی جیـاوازی بەڵگـەداری ئامـاری لە ئاسـتی بەکارهێنـانی تەکنەلۆجیـای زانیـاری و پەیوەندیکردن بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

٣. بـوونی جیـاوازی بەڵـگەداری ئامـاری لە ئاسـتی بەکارهێنـانی تەکنەلۆجیـای زانیـاری و پەیوەندیکردن بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن لە بەرژەوەندی لقی زانستی بوو.

٤. نەبـوونی جیـاوازی بەڵگـەداری ئامـاری لە ئاستی بەکارهێنـانی تەکنەلۆجیـای زانیـاری و پەیوەندیکردن بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن(یەکەم و دووەم).

٥. ئاستی پاڵنەری فێربوون لای خوێنکاران بەرز بوو.

٦. بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی پاڵنەری فێربوون لای خوێنکاران بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لە بەرژەوەنی ڕەگەزی مێیە.

٧. بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی پاڵنەری فێربوون لای خوێنکاران بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن لە بەرژەوەندی لقی زانستیە.

٨. بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی پاڵنەری فێربوون بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن لە بەرژەوەندی قۆناغی یەکەم بوو.

٩. ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێنکاران بەرز بوو.

١٠. بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێنکاران بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەبەرژەوەنی ڕەگەزی مێیە.

١١. بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێنکاران بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن لەبەرژەوەندی لقی زانستیە.

١٢. بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێنکاران بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن لە بەرژەوەندی قۆناغی یەکەم بوو.

١٣. سەبارەت بە ژمارەی دووبارە بوونەوەی کاتژمێرەکان و ڕێژەی سەدیان لەئەنجامدا دەرکەوت لە(١٤.٤%)کەدەکاتە(١٤٣)خوێندکار لەنموونەی توێژینەوەکە( ١- ٢)کاتژمێر تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن،هەروەها لە(٣٣.١%)دەکاتە(٣٢٩)خوێندکار لەنموونەی توێژینەوەکە(٣ - ٤)کاتژمێر تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن، هەروەها لە(٣٣.٧%)دەکاتە(٣٣٥)خوێندکار لەنموونەی توێژینەوەکە(٥ - ٦)کاتژمێر تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن،و لە(١٨.٩%)دەکاتە(١٨٨)خوێندکار لەنموونەی توێژینەوەکە(لە ٧ کاتژمێر زیاتر) تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن.

١٤. پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بە پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە و بە زیاد بوونی ئاستی هەر یەکێکیان ئەوی دیکەش ئاستی بەرز دەبێتەوە و بە پێچەوانەشەوە،وە هەروەها ئەنجامەکان ئەوە پیشان دەدەن تاوەکو کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن زیاتربێت ئاستی پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی بەرز دەبێتەوە.

**١٥.  پەیوەندی نێوان پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە و بەزیاد بوونی ئاستی هەریەکێکیان ئەوی دیکەش ئاستی بەرز دەبێتەوە و بە پێچەوانەشەوە.**

**لەکۆتایدا توێژەر لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێکی پێشکەش کرد.**

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

## پێشەکی

## کێشەی توێژینەوەکە

## گرنگی توێژینەوەکە

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە

## سنووری توێژینەوەکە

## دیاریکردنی چەمکەکان

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

## پێشەکی(Introduction):

قۆنـاغی زانکـۆ، یەکێکـە لەقۆناغـە گرنگـەکانی ئامـادەکردنی تـاکێکی ڕاهێنـراو و بەهۆکارێکی گرنگ بۆ بەرەو پێشچوونی هەر کۆمەڵگایەك لەڕووی کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنبیری و تەندروستی و ئابوری....هتد)دادەنرێت.لەو ڕوانگەیەوە مامۆستا ئەرکی پـەروەردەکردن و فێرکردنی خوێندکارانی لەسەرە،لەبەر ئـەوە دەبێـت زیـاتر گرنگـی بـەفێربوونی خوێـندکاران بـدرێت و تەکنـەلۆجیا و زانسـتی نوێیـان فێربکرێـت و هانبـدرێن بـۆ سـوود وەرگـرتن لەتەکنـەلۆجیـای زانیـاری و پەیوەندیکردن.هـەروەها پێویسـتە پـەرە بەپاڵنـەری فێربـوون و زیرەکی هەڵچوونیان بدرێت،چونکە هەرفێربوونێك لـەو ڕێگـەیـەوە بێـت ئـەوا ئەنجامەکـەی باشتر دەبێت و کاتێکی زیاتر لەبیرەوەریدا دەمێنێتەوە.

خوێندکارانی ئەمڕۆ دەوروبـەریان بـەتەکنەلۆجیـا دەورەدراوە، کە تیایـدا بەدەستهێنانی کـۆمەڵەیەکی زۆر لەزانیـاری تەنهـا کلیکێکـی دەوێـت،هەربۆیـە زۆر لە بـواری پێداگۆجی،کـە ئاوێتـەکردنی تەکنـەلۆجیای یارمەتیـدەر و پێشـکەوتووە،بـۆ ئەوەیـە پرۆسـەی پـەروەردە سەرکەوتووبێت،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لەمامۆستایان وخوێندکاران، نەک هانـدەرنین بـــۆ هەوڵـــدان و فێربوون،بـــەڵکو هاوکـــاریش نـــین لەدروســـت کردنـــی گۆڕانکاریەکەدا(Egbert,2009:4).

شایەنی باسە،تەکنەلۆجیـای زانیـاری و پەیوەنـدیکردن،کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت و سیستـەمی گەیانـدنی ئەلیکترۆنـی وەک ڕادیـۆ و تەلەفزیۆن،کـە بە شـێوەیەکی بەربـڵاو لە بـواری پەروەردەی ئەمڕۆدا بەکار هاتووەئەوەیان دەستنیشان کردووە، کە دەزگا پەروەردەییـەکان ژینگەیـەکی گرنگە،بۆئـەوەی خوێنـدکاران بەشـداری تێـدا بکـەن لە مەودایەکـی فـراوان لە چالاکی کۆمپیوتەردا.ئەمە جگەلەوەی لە کاتێکدا ماڵەوە وەک شوێنێکی تەواوکاری خزمەت دەکات بۆ پەیوەندی کردنی ئاسایی لە کۆمەڵەیەکی تەسکتری گروپێك لە چالاکی کۆمپیوتەر بە شێوەیەی چالاکی زیاد. تەکنەلۆجیای زانیـاری و پەیوەنـدیکردن بە سـەرکەوتوویی کـاری پێدەکرێت لە ڕێنمایی فێربوون و هەڵسەنگاندندا. هەروەها بە ئامرازێکی بەهێزیش دادەنرێن بۆ گۆڕانکاری پەروەردەیی و چاکسازی(Kent&Facer,2004:440).

لە ساڵی( ٢٠١٣) دا ڕاپرسییەک ئەنجامدرا لە کۆلێجی گشتی شیکاگۆ لەلایەن (ئیرلیچ سپۆرت، سێبرینگ,٢٠١٣ )دەرکەوت، کە (٩٢%) ی خوێندکارەکان جۆرێک لە تەکنەلۆجیا و ئینتەرنێتیان هەبووە لە ماڵەکانیاندا ، بەڵام بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە کەمتر لە نیوەی خوێندکارەکان ئەو تەکنەلۆجیایەیان بەکار هێناوە بۆ کار و پەیوەندی بەپرۆسەی فێربوون (Ehrlich,2013:19).

لەڕاستیدا، لە سەردەمی زانیاریی هاوچەرخدا، دەتوانین بگەین بەگرنگترین و زۆرترین زانیاری جیهان لە ڕێگەی چەندین ئامێری جۆراوجۆرەوە.بۆنموونە ئەو تەکنەلۆجیایەی ، کەپێشتر بەکاردەهێنرا گران و سنوردار بوو، بەڵام لەئێستادا، تاڕادەیەکی زۆر پێشکەوتووە و هەرزانتر بووەئەمەش بۆتە هۆکارێك، کەخوێندکاران زیاتر ئاشنابن لەگەڵ ئەو تەکنەلۆجیایەی لە دەوروبەریاندا هەیە.تەنانەت پێویستە مامۆستایانیش خۆیان لەگەڵ ئەم تەکنەلۆجیە نوێیانەدا بگونجێنن و شێوازێکی بەکارهێنانی گونجاو بدۆزنەوە و سوود لەم شێوازە نوێیانەی تەکنەلۆجیا لە هۆڵەکانی خوێندندا وەربگرن، نەک تەنها لە ئاستێکی هاندەردا، بەڵکو لەسەرئاستی ڕێنماییکردندا.بێگومان، ئەمەش دەکرێت بە چەندین شێوەی جیاوازی وەك خوێندنی ئۆنلاین ،تاقیکردنەوەی سەرهێڵ(Online Test) ، کۆنترۆڵکردنی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان لەدوورەوە(Remote control)،وە چەندین شێوازی گرنگی دیکەش ئەنجام بدرێت(Edwards,2009:3).

لەمڕۆدا کۆمەڵگای تەکنەلۆجی دەرکەوتوو، بەو هۆکارە وەستاوە، کە ڕۆژی مۆدێرن پێویستە لە ناو هۆڵدا ڕەنگدانەوەی ئەوە مۆدێرنییە بێت، کە لەکۆمەڵگادا دەبینرێت ئەوەش بە نیشاندانی بوارەکانی تەکنەلۆجیای جیهانی ڕاستەقینە.لەلایەکی تریشەوە دەتوانرێت تەکنەلۆجیای کوالێتی زۆر بەرز بهێنرێنە پرۆسەی فێربوونەوە،کەئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی بەرژەوەندی پاڵنەر لەلای خوێندکاران(Usher, 2012:3).هەروەها گرنگە ئەم هۆڵانە پێویستی هەموو خوێندکارانیش دەستنیشان بکەن.لەڕاستیدا،تەکنەلۆجیا پشتگیریی پێویستی فێربوونی چارەسەری کێشە و فرە بیرۆکەیی دەکات و یارمەتیدەریشە بۆ دروستکردنی گروپی هەرەوەزی بۆ فێربوون و ئەزموونی مانادار (Futurelab, 2009:19).

بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای گونجاو دەتوانێت خزمەتی هۆڵەکانی خوێندنی ئاسایی بکات بە هاندانی خوێندکاران لە هەموو دیسپلینەکاندا،وەک بیرکاری، خوێندنی کۆمەڵایەتی (هەروەزی) ،خوێندەواری(Heafner, 2004:42; Housand & Housand, 2012:49) هەربۆیە باشترین هەڵوێستی فێرکاریی، بوونی پاڵنەرە لای خوێندکار.

واتە وا لەخوێندکار بکرێت حەز و ئارەزووی لەبابەتەکە هەبێت و بەگرنگییەوە لێی بڕوانێت(بن ستی،٢٠١٣ : ٢٤).

سەبارەت بەبابەتی زیرەکی (سۆراندایک) لە ساڵی دا١٩٢٠ سەرنجی زانایانی بۆ لای هەندێک جۆری تر لەزیرەکی ڕاکێشا، کە پێشتر کەس وەک ئەو پەی پێ نەبردبوو.بە بۆچوونی سۆراندایک هەندێک خەسڵەت و سیفاتی ویژدانی و کۆمەڵایەتی وەک زیرەکی گرنگن بۆ سەرکەوتن لەژیان و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕنکارییەکانیدا(قەرەچەتانی،٢٠١٧: ١٤٣) ، بەڵام (گۆڵمان) بۆچوونی وابوو، کە هەموو تاکێک دوو جۆر زیرەکی هەیە، ئەوانیش زیرەکی لۆجیکی و زیرەکی ویژدانیە و لەو بڕوایەشدا بوو، کەبیرو زیرەکی لۆجیکی بەبێ زیرەکی ویژدانی ناتوانێت کارو چالاکییەکان بەسەرکەوتووانە جێبەجێ بکات،بۆیە پێکەوە کارکردن و هاوسەنگی نێوان ئەو دوو جۆرە زیرەکییە گرنتی سەرکەوتنی تاکن لەژیان و ڕاگرتنی هاوسۆزی و هاوکاریکردن لە نێوان دڵ و عەقڵدا (ابراهیم،٢٠١٠ : ٢٢٦)،نەك هەرئەوەندە،بەڵکو گۆڵمان لەو بڕوایەدایە، کەزیرەکی لۆجیکی بە ڕێژەی ٢٠% بەرپرسە لەسەرکەوتنی تاک لەژیاندا، بەڵام فاکتەرەکانی تر لەپێشەوەی هەمووشیان زیرەکی ویژدانی بەڕێژەی ٨٠ % بەرپرس و هۆکارن بۆ سەرکەوتنی مرۆڤ لەژیاندا.

## ١.١ کێشەی توێژینەوەکە:

وەك دەبینین،هیچ کام لەسەدەکانی پێشوو، هێندەی سەدەی بیست و یەك کاریگەر نەبووە بەپێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە ، کەخۆی لەشۆڕشی تەکنەلۆجیای فێرکردن و پەیوەندی و زانیاری و خێرایی گواستنەوەیدا دەبێنێتەوە.هەروەها هاوشان لەگەڵ هەڵکشانی ژمارەی دانیشتوان و فراوانی مەعریفەشدا، کاریگەری لەسەر پرۆسەی فێرکردن کردووە و شێوازێکی نوێی پێبەخشیوە چ لەدامەزراوەکانیدا بێت، یان لەناوەڕۆك و لەلایەن هۆکارەکانی فێرکردندا بێت.هەموو ئەمانەش وایانکردووە،کەتەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن هۆکارێکی بنەڕەتی پرۆسەی فێرکردن بێت لەسەرجەم قۆناغە جیاوازەکاندا، هەربۆیە دامەزراوە فێرکارییەکان هیچ هەڵبژاردەیەکی بۆ نەماوەتەوە، جگە لەهاوشان بوونی گۆڕانکارییە جیهانییەکان و جێبەجیکردنی باشترین کوالێتی لەفێرکردندا(الشمری ،٢٠٠٧: ٢) . تەنانەت قەرەباڵغی هۆڵەکانی خوێندن، یەکێکە لەو گرفتانەی بووەتە هۆی ئەوەی زانیارییەکی کەم بەخوێندکاران بگات، چونکە کەمترین دەرفەتیان بۆ دەرەخسێت بۆ بەشداری کردن.هەروەها دروست بوونی ژاوەژاوە و بەریەك کەوتن لەناو خوێندکاران و بەفیرۆدانی کاتی خوێندن هۆکارێکی ترە، هەربۆیە پێویستە بیر لەچارەسەرێك بکرێتەوە، کە

بتوانێـــت پشـــت بەو فێرکردنـــانە ببەســـتێت، کەبەهـــۆی تەکەنـــەلۆجیای زانیـــاری و پەیوەندیکردنەوە بەدەست دێن(التودری ، ٢٠٠٥: ٥٣).

لەڕاستیدا،کێشەی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەرئەنجامی سالانی خوێنـدنی زانکـۆیی و دواتـر کـارکردن لە نـاو زانکـۆدا. تـوێژەر خـۆی هەسـتی بەکێشـەکە کـردووە بەوەی، کە تەکنەلۆجیـای زانیـاری و پەیوەنـدیکردن بەشـێوەیەکی گونجـاو لەنـاو چینەکـانی کۆمەڵگـا بەگشتی و خوێنـدکارانی زانکـۆ بەتایبـەتی وەک چینێکـی زینـدوی کۆمەڵگـا بەکارنـایەت و سوودی لێوەرناگیرێت بۆ فێربوون بەشێوەیەکی گونجاو. تـەنها لەهەنـدێك بەشـی زانسـتیدا نەبێت، کەوادەخوازێت تەکنەلۆجیا بەبەردەوامی بەکاربهێنن.لەلایەکی دیکەوە نەبوونی حەز و خولیای خوێندکاران بۆ فێربوون، کەئەمەش بەهۆی نەبوونی پاڵنەری فێربوونەوە دروست بووە.هەروەها بێهیوایی خوێندکارانیش لەدامەزراندن و دۆزینەوەی هەلـی کـار لەبـوارەکەی خۆیاندا وایکردووە،کەزۆرێک لەخوێندکاران زانکۆ بکەنە شـوێنی کـات بەسـەربردن و تەنها چـوار سـاڵ هـاتوو چـۆکردن و ئاهەنـگ و سـەفرەکان لەیادەوەریانـدا بمێنێـتەوە و تەنهـا بڕوانامەیەک وەربگرن بێ زانیاری.

شـایەنی باسـە، ژمـارەیەک لە توێژینـەوەکانی پێشـوو دەریانخسـتووە، کە بەکارهێنـانی تەکنـەلۆجیای زانیـاری و پەیوەنـدیکردن دەتوانێـت کـوالیتی پەروەردەیـی بەرز بکاتـەوە و فێربوون ببەستێتەوە بە باری ژیانی ڕاستەقینەوە ( Lowther etal,2008; Weert & Tatnall 2005)هـەروەها ئاماژەشـیان بـۆ ئەوە کـردووە ،کـەفێربـوون چالاکییەکـە بـەدرێژایی ژیـان بەردەوامەو فێرخـــوازان دەتـــوانن چاوەڕوانییەکانیـــان بگۆڕن،ئـــەوەش بە گەڕان بەدوای زانیاریدا لە ڕێگای نەریتییەوە دوور دەکەونەوە وەک کات دەڕوات، دەبێت چاوەڕێی بکەن و ئامادەبن بەدوای سەرچاوەی نوێی زانینـدا بگەڕێن،کـارامەیی لە بەکارهێنـانی تەکنـەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن دەبێتە پێشمەرجێکی پێویست بۆ ئەو فێربوونانە.

سـەرەڕای جەختکـردنەوە لەسـەر بـوونی پـاڵنەر لای خوێنـدکاران و پـاڵنەری فێربـوون بەتایبەتی، کە بە چەقی تێگەیشتنی خوێندکاران دادەنرێت.لەهەمـوو کۆمەڵگایەکـدا سـاڵانە ژمـارەیەکی زۆر لـەخوێندکاران واز لـەخوێندن دەهێنن،ئـەوەش بـــەهۆی کەمـی، یـاخود نـــەبوونی پاڵنەری فێربوونـــەوەیە (Salili etal,2001:2).

جیهـان بەردەوام لەپێشـکەوتندایە و ڕۆژ بەڕۆژ داهێنـان و تەکنەلۆجیـای پێشـکەوتووتر بەرهەم دەهێنرێت،ئامـانجی سـەرەکی لەو تەکنەلۆجیایـانەش خزمەتکردنـی مرۆڤـایەتییە

لەگرنگترینی ئەو داهێنانە، کەئەمڕۆ لەزۆربەی جیهاندا باوە و ڕۆژانە بەکارهێنەرێکی زۆری هەیە،ئەویش تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردنە،کەجیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە بەتایبەتیش ئەوانەی بەکاردەهێنرێت بۆ دەستکەوتنی زانیاری و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و وێنە و دەنگ،کەبەهۆیەوە جیهانی کردووە بە شارۆچکەیەکی بچووک و لەهەر شوێنێک بیت لەم جیهانە فراوانەدا دەتوانێت لە ڕێگەی مۆبایل، یاخود کۆمپیوتەر، یان هەر ئامێرێکی دیکەوە بەهۆی هێڵێکی ئینتەرنێتەوە زۆرترین زانیاریت دەستبکەوێت، یان پەیوەندی بکەیت بەهەرکەسێکەوە لەهەر جێگایەک بێت لەڕێگەی دەنگ و وێنە و ڤیدیۆوە.

بێگومان،هەموو ئەو بەرەو پێشووچوونە گەورانەش لەبواری تەکنەلۆجیادا بەگشتی و تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەتایبەتی،کە ڕوویانداوە کاریگەری زۆری کردۆتە سەر ژیانی مرۆڤەکان،چونکە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن ڕۆڵی گرنگی هەیە لە گواستنەوەی زانیاریدا.هەروەها بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی، ئاشناکردنی گەلان بەکلتورە جیاوازەکان، دۆزینەوەی سەرچاوە جیاوازەکانی فێربوون و نوێترین ڕێگای چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی ڕۆژانەی تاکە جیاوازەکانی کۆمەڵگە،بۆ نموونە(گۆگڵ کلاسڕووم)وەک قوتابخانەیەکی ئەلکترۆنییە،کەبەهۆیەوە مامۆستا وانەو چالاکیەکانی تێدا دادەنێت و خوێندکاران لەهەرشوێنک بن و هەرکاتێک بیانەوێت سەردانی کلاسەکانیان بکەن،دەتوانن سوودی لێ وەربگرن،یاخود ماڵپەڕەکانی(یوتیوب و فەیسبوک....هتد)،بوون بەدیاردەیەکی جیهانی و ئەو زانیاری و خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکەن بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری کردۆتە سەر هەموو خەڵک و بەتایبەتیش تویژی خوێندکارانی زانکۆ. بۆئەومەبەستەش،توێژەر مەبەستێتی بەڕێگای زانستی هەوڵی ئاشکراکردنی کاریگەرییە جۆراو و جۆرەکانی ئەو تەکنەلۆجیایانە بدات و لەو پەیوەندییە بکۆڵێنەوە، کە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی دروستیان کردووە)،ئەوەش بەوەی،کەتوێژەر لەئەنجامی ئەزموون و کارکردنی ساڵانی زانکۆیدا هەستی بەوە کردووە،کە ژمارەیەکی زۆر لەخوێندکاران بایەخێکی زۆر بەتەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن دەدەن.

توێژەر دەرئەنجامی ساڵانی خوێندنی زانکۆی و دواتر کارکردن لەزانکۆدا تێبینی ئەوەی کردووە، کەپاڵنەری فێربوون لای خوێندکاران کەمە، ئەویش بەهۆی ئەو بارودۆخە سەختەی ئابوری وڵات و بێ هیوا بوونی بەشێکی زۆری خوێندکاران لەدامەزراندن دوای دەرچوونیان لەزانکۆدا و ئەو گۆڕنکارییەی لەژینگەی فیربووندا ڕوو دەدات بەتایبەت خوێندن لەزمانی

کوردییەوە بۆ زمانی ئینگلیزی، یان عەرەبی. لێرەدا،خوێندکاران پێویستیان بەپاڵنەری زیاتر هەیە، تاوەکو لەگەڵ ئەو ژینگە نوێیەدا ڕابێن و خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا،پێویستە مامۆستایانیش بەرچاو ڕوونیان هەبێت، کە تەنیا سیستەمی خوێندنی باش و بینای باش و کەرەستە و هۆکارەکانی فێرکردن پێوەر نییە بۆ بەرەوپێشچوونی خوێندنی زانکۆیی و دروستکردنی پاڵنەری فێربوون ، بەڵکو پێویستی بە مامۆستای لێهاتوو و شارەزا و چالاک و خوێندکاری باشیش هەیە،بەڵام ئەگەر بێت و هەموو ئەوانەی باسکراون پێکەوە هاوشانی یەکدی نەبن، ئەوا ئەو کات گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ڕوونادات بۆ بەرەوپێشچوونی خوێندنی زانکۆکان(عەبدوڵا,٢٠١٤:٤٠)،بۆیە کاتێک مامۆستا هەست بەجیاوازی تاکی دەکات لەنێوان خوێندکارەکاندا،دەبینێت هەندێکیان ئارەزووی بابەتی خوێندن دەکەن و هەندێکی تریشیان بەداخەوە ئارەزوویان لەخوێندن نییە و بێزاریی خۆیان لەوانەی خوێندندا دەردەبڕن.لەڕاستیدا،ڕەنگە ئەمەش پرسیاری سەرەکی ژمارەیەک لەمامۆستایان بێت،کەبۆچی هەندێک لەخوێندکاران ئارەزووی وانە خوێندنیان نییە و حەز دەکەن زوو کۆتایی بێت؟بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەو دەیان پرسیاری تری لەوشێوەیە دەتوانین زۆر بەسادەیی وەڵام بدەینەوە، کە هۆکاری سەرەکی ئەم بارودۆخە نەبوونی پاڵنەرە، کەوا لەخوێندکاران دەکات لەوانە خوێندن بێزار بن،بۆیە ئەرکی مامۆستایە ئاگاداربێت و شارەزا بێت لەوروژاندنی پاڵنەر بۆ خوێندن و درک بە کاریگەرییەکانی پاڵنەر بۆ خوێندن بکات(سیوەیلی،٢٠١٧:١١٨).

مخابن،یەکێکی تر لەکێشەکان ئەوەیە،کە ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆ نازانین ،هەروەها شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو فشارە دەروونیانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە نازانین ، هەروەها ناشزانین ،کە ئایا پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە ،یان نا؟ ئاڕاستەی ئەم پەیوەندییانەش.ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان ڕەگەزی کچ و کوڕدا،یان نا؟بۆ ئەو مەبەستە توێژەر هەوڵدەدات لەم توێژینەوەیەدا بگاتە دەرئەنجام و ئەو زانیارییانە بەوردی بخاتە ڕوو.

بێگومان،بەهۆی نەبوونی وەڵامی زانستی سەبارەت بە بوونی پەیوەندی لەنێوان بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەپاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونیەوە،توێژەر لەمڕۆدا وەك کێشەیەکی گرنگی دەبینێت،کەتەکنەلۆجیا تەواوی کۆمەڵگای کۆنترۆڵکردووە.بەپێی زانیارییەکانی توێژەر، لە پێشتردا توێژینەوەی لەم جۆرە ئەنجام نەدراوە،بۆیە بڕیاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەی دا،بۆ هەموو ئەوانەش دەتوانین

کێشـــەی توێژینەوەکـــە لەنـــەبوونی وەڵامـــی زانســـتی بـــۆ ئـــەم پرســـیارانەی کـــورت بکەینەوە،کەبریتین لە:-

١. ئایا بەکارهێنانی (ICT)(Information and Communications Technology) تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن،پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی لە چ ئاستێکدایە لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی؟
٢. ئایا بەکارهینانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن(ICT)بووەتە هۆکاری بەرزبوونەوە، یان نزم بوونەوەی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوەکانی(ڕەگەز و قۆناغ و لقی خوێندن)؟
٣. ئایا بەکارهینانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن(ICT) بووەتە هۆکاری بەرزبوونەوە، یان نزم بوونەوەی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوەکانی(ڕەگەز و قۆناغ و لقی خوێندن)؟
٤. ئایا پەیوەندی هەیە لەنێوان بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن(ICT) و پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونیدا؟

## ٢.١ گرنگی توێژینەوەکە:

خوێندکارانی ئێستا زیاتر بە بەکارهێنانی تەکتەلۆجیا تێدەکۆشن و پێیان باشە، فێربوونی مەعریفەی نوێ لە ڕێگەی گەیشتن و هەڵبژاردن و ڕێکخستن و لێکدانەوەی زانیاری و داتاوە بێت.وە لەسەر بنەمای فێربوون لە ڕێگەی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن، خوێندکاران زیاتر توانایان هەیە بۆ بەکارهێنانی زانیاری و داتا لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە (Castro&Alemán,2011:911)،تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن تێگەیشتنێکی نوێی خوێندکاران لە بوارەکانی فێربووندا پەرە پێدەدا. هەروەها چارەسەری داهێنەرانەی زیاتر بۆ جۆرەکانی تری لێکۆڵینەوە لە فێربوون دابین دەکات.بۆ نموونە، لە خوێندنەوەی هۆڵ، کتێبی ئەلکترۆنی بە شێوەیەکی گشتی، لە خوێندنەوەی چالاکی بە دەنگی بەرز بەکار دەهێنرێ (Koh & Tsai,2010:63 ).

ئاشکرایە، هیچ کردارێکی فێربوون ڕوونادات، ئەگەر ئەو هۆکار و مەرجانە نەبن، کەپاڵنەرن بۆ فێربوون و بەرزبوونەوەی ئاستی دەستکەوتی زانستی(أمال،٢٠٠٨:٥)،چونکە پاڵنەری فێربوون بەیەکێک لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی خوێندکار دادەنرێت، کەهیچی کەمتر نییە لەتوانای ژیری و لێهاتوویییەکانی بیرکردنەوە،بۆیە دەبینین زۆرێک لەخوێندکاران

سەرەڕای ئەوەی زیرەکیان مام ناوەندە،بەڵام نمرەی بەرز بەدەست دەهێنن(الزهراء،٢٠١٧ :١٨). کەواتە، پاڵنەری فێربوون بەیەکێک لەو بنەما گرنگانە دادەنرێت، کەبەبێ ئەو ناکرێت کرداری فێربوون بەباشی ڕووبدات،چونکە ڕۆڵێکی سەرەکی لەهاندانی خوێندکاران بۆ فێربوون دەگێڕن،لەبەر ئەوەیە گشت دامەزراوە پەروەردەییەکانی جیهان گرنگیان بەپاڵنەری فێربوون داوە(بن موسى و أبي مولود،٢٠١٧ ،٣٨٤).

لەڕاستیدا،زیرەکی هەڵچوونی(٢٠) ساڵی ڕابردوو گرنگی تایبەتی لەسەر ئاستی تیۆری و پراکتیکیدا هەبووە، ئەوەش بەوەی یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ ئەوەی هەستەکانی بزانێت، چونکە خۆ هۆشیاریی و تێگەیشتن لە هەستێک کاتێک ڕوودەدات ،کە فاکتەرێکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی تاک لەخۆی.هەروەها ئەو کەسانە بەبێ بوونی باشترین شتەکانی ژیانیان متمانەیان بە خۆیان هەیە ، چونکە هەستێکی باشیان هەیە بەوەی، کە دەیکەن ، وەک هەڵبژاردنی هاوبەشێک، یان ئەو ئیشەی کە هەڵیدەبژێرن ( جۆلان ، ٢٠٠٥ : ٦٩ ) .

لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانین و بۆچوونانەی سەرەوەدا، دەکرێت گرنگی توێژینەوەکە لە دوو بواردا کورت بکرێتەوە:-

### ١.٢.١ گرنگی تیۆری :

گرنگی زانستی ئەم توێژینەوە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە تا ئێستا ئەوەندەی توێژەر ئاگادارە هیچ توێژینەوە یەکی دەقاودەق لەسەر هەمان بابەت لە کوردستان و عێراق، کە بە شێوەیەکی زانستیانە باس لەم دیاردەیە بکات، نەکراوە.هەروەها نەبوونی ئەو توێژینەوانەی، کە بایەخ دەدەن بە ڕۆڵی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن (ICT) بە پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونیەوە .

بۆیە گرنگی تیۆری ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی لای خوارەوە کورت دەکرێتەوە :-

١. گرنگی قۆناغی زانکۆ بەو پێیەی، کە قۆناغێکی فێرکاری باڵایە.

٢.گرنگی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن (ICT).

٣. گرنگی چەمکی پاڵنەری فێربوون لە لای خوێندکارانی زانکۆ لە پرۆسەی فێربوونی زانکۆییدا.

٤.گرنگی چەمکی زیرەکی هەڵچوونی لە لای خوێندکارانی زانکۆ لە پرۆسەی فێربوونی زانکۆییدا.

### ٢.٢.١ گرنگی پراکتیکی:

گرنگی پراکتیکی ئەم تـوێژینەوە لەوەدا دەردەکەوێـت، کە هەوڵ دەدات بە شێوەی ئەکـادیمی پێـوەرێکی زانسـتی پراکتیکـی بـۆ هەڵسـەنگاندنی ئاسـتی بـەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پـەیوەنـدیکردن (ICT)، کە سـەرجەم مەرج وتایبەتمەنـدییە زانسـتییەکان تیایـدا بێـت بخـاتە ڕوو، بـۆ ئەوەی تـوێژەرانی بـواری ڕێگاکـانی وانەوتنەوەی کۆمپیـوتەر سـوودی لـێ وەربگـرن وبەکـاری بیهێـنن لە توێژینەوەکـانی ئاییندەدا.هەروەها ئامادە کردنی دوو پێوەری دەروونی بۆ پێوانە کردنی (پـــاڵنەری فێربـــوون و زیـــــرەکی هەڵچوونی )،کەدەکرێت خوێندکارانی خوێندنی باڵا سوود لە هەردوو بەشی تیۆری و پراکتیکـی، کـۆکردنەوەی زانیـاری، میتـۆد و هەنگاوەکـانی جێبەجێکردن، ئەنجام و ڕاسپاردەی تـوێژینەوەکە وەربگـرن، چـونکە دەبـنە هەوێنـی ئەنجامدانی توێژینەوەی تر.

## ٣.١ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:-

١. بنیات نانی پێوەرێکی زانستی تایبەت بەتەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن.
٢. زانینی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەنـدیکردن لای خوێنـدکارانی زانکۆی سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی.
٣. زانینـی جیـاوازی ئاسـتی بەکارهێنـانی تەکنەلۆجیـای زانیـاری و پەیوەنـدیکردن لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز و لقی خوێندن و قۆناغ).
٤. زانینـی ئاسـتی پـاڵنەری فێربـوون لای خوێنـدکارانی زانکـۆی سـلێمانی بەشێوەیەکی گشتی.
٥. زانینی جیاوازی ئاستی پاڵنەری فێربوون لای خوێنـدکارانی زانکـۆی سـلێمانی بەپێـی گۆڕاوەکانی(ڕەگەز و لقی خوێندن وقۆناغ).
٦. زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەگشتی.
٧. زانینی جیاوازی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوەکانی(ڕەگەز و لقی خوێندن وقۆناغ).
٨. زانینـــی ژمـــارەی کاتژمێرەکـــانی بـــەکارهێنانی ڕۆژانـــەی تەکنـــەلۆجیای زانیـــاری و پەیونـــدیکردن لای خوێنـــدکارانی زانکـــۆی ســـلێمانی و زانینـــی جیـــاوازی لـــەنێوان

خوێندکاران لەئاستی (پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوون) بەپێی ژمارەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانیICT .

9. زانینی پەیوەندی نێوان ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن(ICT) و پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی.
10. زانینی پەیوەندی نێوان ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن(ICT) و زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی.
11. زانینی پەیوەندی نێوان پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی.
12. زانینی ژمارەی خوێندکارانی نموونەی وەرگیراو بۆ توێژینەوەکە و ڕێژەی سەدییان بەپێی کۆلێجەکان بۆ خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و زانینی جیاوازی لەنێوان خوێندکاران لەئاستی(بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن،پاڵنەری فێربوون،زیرەکی هەڵچوونی)بەپێی جیاوازی کۆلێجەکان.

## ٤.١ سنوری توێژینەوەکە:

**سنوری مرۆیی:** (سێ کۆلێجی زانستی و سێ کۆلێجی مرۆڤایەتی)وەرگیراوە لەزانکۆی سلێمانی لە خوێندنی بەیانیان.کەبریتی بوون لە:-

خوێندکارانی کۆلێجەکانی(ئەندازیاری،زانست،پەروەردە زانستەکان،پەروەردەی بنەڕەتی،زمان،زانستە مرۆڤایەتیەکان).

**سنوری کاتی:** ساڵی خوێندنی(٢٠٢١ - ٢٠٢٢).

**سنوری شوێنی:** خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لەپارێزگای سلێمانی- هەرێمی کوردستان- عێراق.

**سنوری بابەتی:** بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن (کۆمپیوتەر، پرۆگرامەکان، ئینتەرنێت،یوتیوب،تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان)،پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی.

## ٥.١ پێناسەی چەمکەکان:

### ١.٥.١ تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن (ICT)

الهادی(١٩٨٩):"تێکەڵەیەکە لەئامێرەکانی کۆمپیوتەر و هۆکارەکانی گەیاندن،کەسەرەتا بەچەند شێوە ریشاڵێکی ڕووناکی دەست پێدەکات بەرەو مانگە دەستکردەکان و تەکنیکی نوێ و فیلم و ئامێری کۆپی و هتد،کە ئەمانە کۆمەڵێک لەو داهێنانە بوون، کەزانیاریان تێدا کۆدەکرێتەوە و بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤ بوون"(الهادی،١٩٨٩ :٢٥).

الناعبی(٢٠١٠):"بریتیە لەو پرۆسەیەی بەکاردەهێنرێت بۆ بنیاتنان و گواستنەوە و هەڵگرتنی زانیاری دواتر خستنەڕوویان،لەلایەکی ترەوە بەواتای ئیدارەدانی زانیاری دێت بە بەکارهێنانی تەکنیکی ژمێرەیی نوێ،لەوانە کۆمپیوتەر و پێکهاتەکانی لەپرنتەر و سکان و کامێرا و تۆڕەکانی ئینتەرنێت"(الناعبی،٢٠١٠ :٤٤).

(Linways Technologies, 2017) "تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لە پەروەردە و فێرکردندا ئەو شێوازە پەروەردەیەیە، کە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەکار دەهێنێت بۆ پشتگیری کردن و بەهێزکردن و گەشبینی گەیاندنی زانیاری" .

(Murray,2011)(Foldoc Dictionary,2008) تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان (ICT) زاراوەیەکی درێژکراوەی تەکنەلۆجیای زانیاری (IT) یە، کە ڕۆڵی پەیوەندییە یەکپارچەکان و تێکەڵکردنی پەیوەندی (هێڵی تەلەفۆن و،وایەرلێس) و کۆمپیوتەرەکان وەک لە( International Fedration of Global&Green Information& Communication Technology) (IFGICT)، هەروەها نەرمەئامرازی کۆمپانیا پێویستەکان، میدلۆەر، خەزن کردن و بینراوی دەنگی، کە بەکارهێنەران توانای چوونە ژوورەوە، خەزنکردن، گواستنەوە، تێگەیشتن و دەستکاریکردنی زانیاری وەک فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ICT دەدات.

### پێناسەی تیۆری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن:

زاراوەیەکی گشتگیر و فراوانە، کە هەر ئامێرێك، یان بەرنامەیەکی زانیاری و پەیوەندیکردن لەخۆ دەگرێت، وەکو(کۆمپیوتەر،مۆبایل،تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی،ڤیدیۆ کۆنفرانس و بەرنامە و خزمەتگوزارییەکانی تری ڕاگەیاندن، کە بەکارهێنەران توانای چوونە ژوورەوە و وەرگرتن و خەزنکردن و گواستنەوە و دەستکاریکردنی زانیاری بە شێوەی دیجیتاڵییان هەیە.

### پێناسەی ڕێکاری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن:

ئەو نمرەیەیە، کە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن وەریدەگرێت لە ئەنجامی وەڵامی خوێندکاران بۆ پێوەرەکانی ئەو ڕاپرسییەی ئامادەکراوە بۆ ئەو مەبەستە.

### ٢.٥.١ پاڵنەری فێربوون

**پێناسەی باندۆرا:**"بریتییە لە بوونی پاڵنەر بۆئەنجامدانی وەڵامدانەوەی وەرگیراو ، بەمەرجێکی گرنگ بۆ ڕوودانی فێربوون دادەنرێت،وەڵامدانەوە ڕوونادات بەبێ بوونی پاڵنەری فێربوون،هەرچەندە بەئاگابوون و پاراستن و ئەنجامدانیش هەبێت(محمد،٢٠١٦:١٦٧).

**پێناسەی قطامی:**"دۆخێکی ناوەکییە، هانی خوێندکار دەدات بۆ هەوڵدان و بەدەستهێنانی ئامراز و کەلوپەلەکانی فێربوون بەهەرشێوەیەك بێت،بۆ دۆزینەوەی ژینگەیەکی گونجاو و خۆش، کەلەشکست دووری بخاتەوە"(الجوهر و کهینة،٢٠١٩:٢٧)

**پێناسەی العایش و مرغنی**"بریتییە لەبارێکی ناوازە لەپاڵنەری گشتی،ئاماژەیە بە بارێکی دەروونی ناوەکی، یان دەرەکی لای خوێندکاران بۆ بەئاگابوون لە هەڵوێستە فێرکارییەکان وپاڵی دەنێت،خۆی لەوەڵام دانەوەی خوێندکاران بۆ فێربوون دەبینێتەوە(العایش و مرغنی،٢٠١٥:٢٥).

### پێناسەی تیۆری پاڵنەری فێربوون

بریتییە لە وزەی ناوەکی خوێندکار،کەهانی دەدات بۆ بەشداری کردن لەچالاکییە زانستییەکاندا بەشێوەیەکی کارا بەمەبەستی فێربوون و بەهۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ سەرکەوتن لەپرۆسەی خوێندندا.

### پێناسەی ڕێکاری پاڵنەری فێربوون:

ئەو نمرەیەیە، کە پاڵنەری فێربوون وەریدەگرێت لە ئەنجامی وەڵامی خوێندکاران بۆ پێوەرەکانی ئەو ڕاپرسییەی ئامادەکراوە.

### ٣.٥.١ زیرەکی هەڵچوونی

**(مایر و سەلۆڤی)**:زیرەکی هەڵچوونی، بریتییە لە توانای چاودێری کردنی هەست و هۆش و هەڵچوونە تایبەتییەکانی خودو کەسانی تر،بۆ ئەوەی لەیەکتری جیا بکرێنەوەو ئەم زانیاری و شارەزاییەی لەئەنجامی ئەو چاودێری کردنەدا دەست دەکەون بەمەبەستی ئاڕاستەکردنی بیرو هۆش و کار و چالاکییەکانی تاک بەکاربهێندرێن و ببنە هۆی کۆنترۆڵکردن و ڕێک خستنی هەڵچوونەکان (الریماوی،٢٠٠٤: ٢٦٠).

(قەرەچەتانی،٢٠٠٧) کۆمەڵێک خاسییەت و مۆرک و تایبەتمەندێتی کەسایەتییە،کەپەیوەندن بەبوونی شارەزایی و لێزانی و زانیاری کۆمەڵایەتی و ویژدانییەوە،کەیارمەتی تاک دەدەن بۆ ئەوەی لەباری دەروونی خۆی و هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی کەسانی تر تێبگات،دواتر هەست بەئارامی دەروونی و خۆسازاندنی کۆمەڵایەتی بکات (قەرەچەتانی،٢٠٠٧: ١٣٧).

ویسینگر(**Weisinger**):زیرەکی هەڵچوونی(ویژدانی)بریتییە لەبەکارهێنانی هەڵچوونەکان،واتە هەڵچوونەکانت بۆ بەرژەوەندی خۆت بەکاربهێنیت و وەک ڕێنیشاندەری بیرو رەفتارت بۆ باشکردنی ژیان و کارو چالاکییەکانت سوودیان لێوەربگیرێت. (قەرەچەتانی،٢٠١٧: ١٤٩).

### پێناسەی تیۆری زیرەکی هەڵچوونی:

"بریتییە لە زانینی هەڵچوونەکان هۆکارەکانی و کۆنترۆڵکردنیان،توانای گوزارشتکردن لێیان،بەئاسانی گۆڕانکاریکردن لەهەڵچوونەکان بەپێی گۆڕانکاری هەڵوێست و بارودۆخەکان،توانای رێکخستنی حاڵەتی مەزاجی و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە کوت و پڕەکانی ژینگەو دەوروبەر،توانای بەرگەگرتنی فشارو سترێس و بەربەست و رێگرییەکان و کۆڵنەدان و بەردەوام بوون لەسەر جێبەجێکردنی کاروچالاکیەکان".

### پێناسەی ڕێکاری زیرەکی هەڵچوونی:

ئەو نمرەیەیە،کە زیرەکی هەڵچوونی وەریدەگرێت لە ئەنجامی وەڵامی خوێندکاران بۆ پێوەرەکانی ئەو ڕاپرسییەی،کە ئامادەکراوە.

# بەشی دووەم

# پێشینەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

## تەوەری یەکەم: تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکرد

## تەوەری دووەم:پاڵنەری فێربوون

## تەوەری سێهەم:زیرەکی هەڵچوونی

## تەوەری چوارەم:توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی دووەم

## پێشینەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### ١.٢ تەوەری یەکەم: تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن

### ١.١.٢ چەمکی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن

سەبارەت بەتەکنەلۆجیای زانیاری وپەیوەندیکردن،بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی ئەم زانستە،دەبینین مێژوویەکی کۆنی هەیە و بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم چەمکە دوو بۆچوون هەیە:- بۆچوونی یەکەم پێی وایە،کە سەرەتا مرۆڤەکان زانیاریان خەزنکردووەو دووبارە بەدەستیان هێناوەتەوە و بەکاریان هێناوەتەوە و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانیان کردووە (Butler,2012:12)واتە لەو کاتەوەی،کەسۆمەرییەکان لە میزۆپۆتامیا نووسینیان داهێنا؛ نزیکەی (٣٠٠٠)ساڵ پێش زایینە.هەرچەندە وشەی تەکنەلۆجیای زانیاری بە مانا مۆدێرنەکەی،کە بۆیەکەمجار دەرکەوت لە نووسراوێکی ساڵی (١٩٥٨)چاپکرابوو لەگۆڤارێکی بازرگانی هارڤارددا، نووسەرەکان(**Leavitt & Whisler**) کۆمێنتیان دابوو، کە تەکنەلۆجیای تازە ناوێکی تایبەتی دانراوی نییەو پێویستە پێی بڵێین تەکنەلۆجیای زانیاری،کە چەمکێکە پێکدێت لە سێ بەش:تەکنیکەکان بۆ پرۆسێسکردن، بەکارهێنانی ڕێگا ئاماری و بیرکاریەکان بۆ بڕیاردان،هەروەها دووبارەکردنەوەی بیرکردنەوە لە ئاستێکی بەرزدا لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە( Leavitt & Whisler, 1980:11 ). بۆچوونی دووەم پێی وایە،کە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٩٥٧)، کاتێك یەکێتی سۆڤیەت هەستا بەناردنی یەکەم ( مانگی دەستکرد ) ی خۆی بۆ ناو بۆشایی ئاسمان بەناوی (Sputnink)، کەبەسەدەی بەرزی نموونەی زانیاریەکان ناسرا (مکاوی،٢٠٠٠:٩٩)،خودی ئەم تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییە لەکۆمەڵێک زانیاری و ئامێر و ئامراز پێکدێت و دەتوانێت زانیارییەکان لەخۆبگرێت و بۆ شوێنە جیاوازەکان لەتەواوی جیهاندا بگوازێتەوە ، کەسی بەرامبەریش لەهەرشوێنکی ئەم دنیایەدا بێت، دەتوانێت زانیارییەکان وەربگرێت (عبدالهادی، ٢٠٠٨ :٨ ) .

هاوکات ئەم تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردنە ڕاگەیاندنی نوێی هێناوەتە کایەوە، کەپێکهاتوە لە تێکەڵەیەك لەنێوان کۆمپیوتەر وتۆڕەکانی ئینتەرنێت و ئامرازە جۆراوجۆرەکان،وەك ڕاگەیاندنی چاپ، وێنەی فۆتۆگرافی، دەنگ ، ڤیدۆ (صادق ،٢٠٠٨، ٣١ ). خاڵێکی تر لەدەرکەوتنی ئەم تەکنەلۆجیایەدا،ئەوەیە،کەبریتییە لەو بارودۆخ وگرفت

وگۆڕانکارییـانەی، کە شۆڕشـی پیشەسـازی دروسـتی کردووە،چـونکە سـەدەی نـۆزدەیەم سـەرەتای دەرکـەوتنی شۆڕشـی ئامڕازەکـانی پەیوەندییـە جەماوەرییەکانـە،وەک وەڵامـدانەوەیەک بـۆ چارەسـەرکردنی هەنـدێک لەوگرفتانەی،کـە لەشۆڕشـی پیشەسـازیدا دروسـتبوون،ئەوەش بەهـۆی زیـادبوونی خواسـت لەسـەر کەرەسـتەی خـاو وفراوانبـوون و کردنەوەی بازاڕی نوێ.ئیدی بەم جۆرە ئامرازە کۆنەکانی پەیوەندیکردن نەیـانتوانی وەڵامـی ئـەو پێشـکەوتنە گەورانـە بدەنـەوە،کـە کۆمەڵگـای پیشەسـازی بەخـۆیەوەبینی (سـەید و مکاوی،١٠٣:٢٠٠٦).

هەرسەبارەت بەبابەتی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن(marshall Mcuhan) (مارشاڵ ماکلوهان)خاوەن تیۆری تایبەتە لەسەر ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەری و پێیوایە لەکۆتایی سەدەی (١٩)دا مرۆڤ چۆتە ناوقۆناغی ئامرازی پەیوەندی و زانیاری ئەلیکترۆنییەوە و کۆمەڵگاکان و میللەتانی لەیەکتر نزیک کردۆتەوە(دادگران،٩٦:٢٠٠٢).

سـەبارەت بـەمێـژووی سـەرهەڵدانی ئینتـەرنێتیش، کـەڕۆڵێکی گرنگـی هەیـە لـەبواری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردندا،مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٩) .ئەم جۆرە تەکنەلۆجیایە ،کە لەسەرەتادا وەک تۆڕێک بۆ ڕایەڵەی پرۆژە پێشکەوتووەکان ( Advance Research Agency) دەسـتپێکرد ،یەکێـک لەو ڕایەڵانە بەشـێوەیەکی فەرمـی لەلایەن وەزارەتـی بەرگـری ئەمریکـاوە پاڵپشـتی لێـدەکرێت ،ئەم تـۆڕە لەسـەرەتادا نـاونرا تـۆڕی ( ئەرپانێـت) ( Arpanet) (السـامرائی و الزعبـی ،٢٠٠٤ : ١٨٠ ) گەشەسـەندنی ئینتەرنێـت وخزمەتگوزارییەکانی هۆکارێک بوون بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیـاری بەسـوود لەنێـوان مرۆڤـداو پەیوەنـدی نێـوان کلتـوری نەتەوەکـانی بەبـێ سـنوور ئاسـانکرد (کـۆهێن ،٢٠٠٩ ، ٢٣٩ ).ئـەو پێشـکەوتنەی لەتەکنـەلۆجیادا بـەدیهات بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی ئـامڕاز و تەکنـەلۆجیای نوێ.لەو ڕوانگەیەوە(RICHER & KOCH) وای دەبینن، کە تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکان بـریتیین لە مینـبەر و هۆکـارێکی ڕاگەیانـدن بەهـۆی تۆڕەکـانی ئینتەرنێـتەوە کاردەکـەن بە مەبەسـتی ئاسـانکاری لە گواسـتنەوەی زانیارییەکـان و بەریەك کەوتـن و هاوکـاری و گـۆڕینەوەی زانیارییەکانـدا.لێـرەدا دەتـوانین بڵـێن، کـەتەکنـەلۆجیای پەیوەنـدیکردن، یـان تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەمکێکە بە کۆمەڵە تۆڕێك دەوترێت لەسەر هێڵی ئینتەرنێتی جیهانی،کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ پەیوەندی لەژینگەیەکی گریمانەیی کۆمەڵایەتیدا دروست دەکات، کە گرنگی دەدەن بە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی سەر بە یەك دەوڵەت، یان زانکۆ، یان دەستەیەکی دیاری کراو لە چوارچێوەی سیستەمێکی جیهانیدا بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان(عبدالسمیع، ١٠:٢٠١٢).

شایەنی باسە،لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە، تا ئەمڕۆ تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن چەندین پێناسەی هەمە جۆری بۆ کراوە.بۆ نموونە، لەیەکەم دەرکەوتندا وەسفکرا بەوەی، کەبریتییە لەتەکنەلۆجیای نوێ بۆ زانیاری و پەیوەندیکردن (New Technology Information and Communication)(NTIC)،دواتر وشەی نوێ لەناوەکەی لابرا و بوو بە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی(TIC)بەتێپەڕبوونی کات لەدەرکەوتنییەوە لەناوەڕاستی حەفتاکاندا، تاوەکو سەدەی بیستەم لەڕێگەی بەبازاڕکردنی یەکەم کۆمپیوتەر، کە بەناوی (ALTAIR) ناسرا.هەروەها سەرەتای بەکارهێنانی ئەنتەرنێت لەنەوەدەکانی هەمان سەدە،وەلەم دواییەدا هەندێ نووسەر دەرکەوت، کە ناوی کورتکراوەی(تەکنەلۆجیای زانیاری)(IT)یان بەکارهێناوە(Véronique,2004:43 ).

بەهەرحاڵ،ئەم تەکنەلۆجیایە هەرناوێکی هەبێت، واتاکەی بریتییە لەهەموو ئەو بوارانەی، کە پەیوەندیدارە بەو تەکنیکانەوە، کەبەکاردێت بۆ چارەسەرکردن و گۆڕینی زانیارییەکان بەتایبەتی زانیاری(ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی)،ئینتەرنێت و پەیوەندییە دوورمەوداکان و هەموو ئەو ئامرازە تەکنەلۆجیایانەی، کەبەکاردێت لەپێناو ئاڵوگۆڕکردن ،چارەسەرکردن،بەکارهێناندا هەروەها دووبارە دروستکردنی پێدراوە ژمارەییەکان، کەتوانای تێپەڕاندنیان هەیە لەتۆڕەکاندا.

هێربەرت سیمۆن، پێیوایە ئەم تەکنەلۆجیایانە یارمەتی مرۆڤ دەدەن، تا بەئاسانترین شێوە بگات بەزانیارییەکان و توانای بەکارهێنانی هەبێت بەشێوەی زارەکی، یان نووسراو، هەروەها بەشێوەی خوێنراوە لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بەشێوەیەک، کە هەموو کتێب و دۆکۆمێنتەکان پارێزراون لەمیمۆری ئامێرە ئەلکترۆنییەکەدا. بەم شێوەیەش وەرگرتن و بەکارهێنان و گەڕانەوەی زانیارییەکان لەبەردەستماندا، ئەبێت بەشێوەی نووسراوبێت، یان وێنە.بۆ ئەو مەبەستەش دوو کاری بنەڕەتی لەڕێگەی ئەم تەکنەلۆجیایانەوە ئەکەین، کەئەوانیش کۆکردنەوەیە لەنێوان ووشەی نوسراو و وتراو،وێنەی وەستا و جوڵاو ، پەیوەندی بەوایەر و وایەرلێس، زەمینی و ئاسمانی، پاشان پاراستنی زانیارییەکان و بەکارهێنانیان. ئەم شێوازەش پشت بە سیستەمی ژمارەیی دەبەستێ، کە پێی دەوترێ (باینەری سیستەم)یاخود(سیستەمی سفر و یەک)( Berdugo and all, 2002: 389).

## ٢.١.٢ بەشە سەرەکیەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن

١. ئیشپێکردنی زانیارییەکان

وەرگرتنی زانیارییەکان و دابەشکردنەوەی بەشێوەی سۆفت کۆپی (ئەلکترۆنی)دەبێت ئەم پرۆسەیە بەکاردەهێنرێت لەدام و دەزگاکاندا و یارمەتی توانای بڕیاردانی کارگێڕی ئاسان دەکات بۆگەیشتن بەباشترین بڕیار.ناوەندی بنەڕەتی ئەم جێبەجێکردنەش لەڕاگەیاندنە ئەلکترۆنیەکاندا بەکاردەهێنرێت بەهەموو شێوازەکانیەوە.

٢. گواستنەوە و گەیاندنی زانیارییەکان

ئەم بەشە، گواستنەوەو گەیاندنی زانیاریەکان لەخۆ دەگرێت و پاشان ئیشپێکردنیان لەنێوان کۆمپیوتەرەکاندا، کەلەیەکەوە دوورن و دروستکردنی پەیوەندی لەنێوانیان لەڕێگەی پێکەوە بەستنیان. بەم شێوەیە ئاسانکاری بۆ پەیوەندییەکان دەکات. هەروەها تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بۆ دوور و نزیک دابینیدەکات لەنێوان تەکنەلۆجیای چارەسەرکەری زانیارییەکان و تەکنەلۆجیای گەیاندندا وەک(مانگە دەستکردەکان ، فاکس ، تەلەفۆن ، تۆڕەکانی پەیوەندیکردن،هتد....). بەم شێوەیە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوندیکردن زانیارییەکان کۆدەکاتەوە، کە تێیدا کۆمەڵێک ئامراز بەکارهاتووە بۆبەدەستهێنان و بەکارهێنان و دابەشکردنی زانیارییەکان بەهەموو شێوازەکانی نووسراو و بیستراو و بینراو(الهادی و رضوان،٢٠٠٥: ٨).ئامێری پەیوەندی، بنیاتێکی گرنگە،کەئەتوانرێت لەڕێگەیەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان ئەنجام بدرێت و پارێزراوبێت لەگواستنەوەی زانیارییەکان لەنێرەرەوە بۆ وەرگر.ئەمەش مانای ئەوەنییە،کە ئەم دوو سیستەمە بەشێکیان لەبەشەکەی تر جیاوازە، بەڵکو ئەوان کارلێکن و لە ئاستی تەکنیکیدا تێکەڵی چەمکی تۆڕەکە دەبن. هەمووی لە شێوەی ڕێکخراوی هاوئاهەنگی جیانەکراوە، ئەگەر بەرنامەکان لابرێن، هیچ زانیارییەک نابێت و ئەگەر سەتەلایتەکان لابرێن، هیچ پەخشێکی تەلەفزیۆنی و پەیوەندی تەلەفۆنی دوور مەودا و ئینتەرنێتی نابێت(یعقوب،٢٠١٢:٥).

## ٣.١.٢ پێکهاتەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن

تەکنەلۆجیای زانیاری بەوە دەناسرێت، کەچەترێکی فراوانە و ڕێکخستنی زانیارییەکان ، تەکنیکەکان ، چارەسەرکردنی داتاکان و پەیوەندیکردن دەگرێتە خۆی (turban,2000:48).

پێکهاتەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بریتین لە:-

**١. ئامێرەکان(Hardware):بریتییە لەبەشە مادییەکەی تەکنەلۆجیای زانیاری، کەخۆی دەنوێنێت لەکۆمپیوتەرەکان و ئامێرە پەیوەندیدارەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە داواکراوەکان.**

**٢. پرۆگرامەکان(Software):ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک زانیاری ڕێکخراوی سیستمی کۆمپیوتەری لەڕێنماییەکان و ڕێکارەکان و پرۆگرامەکان و سیستمی کارپێکردن و زمانی پرۆگرامەکان. هەروەها ئەم پرۆگرامانە هەڵدەستن بەئەنجامدانی چەند ئەرکێکی سەرەکی و گرنگترینیان بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی کۆمپیوتەر و گەڕانەوەی داتاکان و پاڵپشتیکردنی جێبەجێکردنە بازرگانیەکانە(James,1999:190) .**

**٣.بنکەی زانیاری(DataBase):بریتییەلە کۆمەڵێک داتا، کەپەیوەندییەکی مەنتقی لەنێوانیاندایە، ئاسانکاری دەکات بۆ هەڵگرتن و گێڕانەوە بەپێی پێویستی بەکارهێنانی، یاخود گۆڕانکاریکردن، یاخود زیادکردن بۆیان بۆئەوەی ئامادەبێت بۆ بەکارهێنان لەپێش بەکارهێنانیان لەلایەن بەکارهێنەرانەوە لەکاتی پێویستدا.هەروەها دەتوانرێت داتابەیسەکان بەکاربهێنرێت بۆبەدیهێنانی کۆمەڵێک سوود، وەک دووبارەنەبوونەوەی داتاکان و زیادکردنی تواناکانی و هاوبەشیکردنی داتاکان و پارێزگاریکردنی زانیارییەکان لەسڕینەوە و تێکچوونی ئامێرەکان، لەڕێگەی(Backup) بۆ دڵنیاییدان بە بەکارهێنەر(قندلجي و السامرائي،٢٠٠٢،١٩٠ ).**

**٤. تۆڕەکان(Networks):ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک لەکۆمپیوتەر، کە ڕێکدەخرێن و بەیەکەوە دەبەسترێنەوە بەهێڵەکانی پەیوەندیکردنەوە.بەکارهێنەرەکەی دەتوانێت بەشداری بکات لەسەرچاوە بەردەستەکان و گواستنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریەکان ،کە لەنێوانیاندایە.هەروەها ئەم تۆڕانە بەکاردەهێنرێن بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێک ئامانج، وەک:بەردەستخستنی پەیوەندیکردن لەنێوان بەکارهێنەرەکاندا و گەیشتن بەزانیارییەکان لەدەرەوە و بازرگانی ئەلکترۆنی و کەمکردنەوەی تێچووەکان و بەشداریکردنی سەرچاوەکان .تۆڕەکان بەشێوەیەکی سەرەکی دەتوانرێت دابەشبکرێن بۆ ئەم جۆرانە:-**

## أ- تۆڕە ناوخۆییەکان(Local Area networks(LAN)

**ئەم جۆرە لەتۆڕەکان بەکاردەهێنرێت بۆ بەستنەوەی ئامێری کۆمپیوتەر و بەشەکان لەچوارچێوەی یەک بینادا، یاخود یەک نووسینگەدا بە بەکارهێنانی سێرڤەر.**

## ب-تۆڕەکانی ناوچەیی(Metropolitan Area Network(MAN)

هاوشێوەی ئەم جۆرە تۆڕانە بەکاردەهێنرێت بۆبەیەکەوە بەستنی کۆمەڵێک لەبینا(دامەزراوە)،یاخود شارێک بەگشتی،کەپێک دێت لەکۆمەڵێک لەتۆڕە ناوخۆییەکان لەڕێگەی بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی کێبڵەوە، یاخود وایەرلێسەوە.

## ج-تۆڕە فراوانەکان(Wide Area Networks(WAN)

ئەم جۆرە تۆڕانە بەکاردەهێنرێت بۆ بەیەکەوە بەستنی ناوچەیەکی جوگرافی فراوان، کە دەوڵەتەکان و کیشوەرەکان دەگرێتە خۆی.بەکارهێنەرەکانی دەتوانن زانیارییەکان ئاڵوگۆڕ بکەن و پەیوەندی بەیەکەوە بکەن بەشێوەیەکی نێودەوڵەتی.

## د-ئینتەرنێت(Internet)

هێڵی ئینتەرنێت بۆ تۆڕەکانی کۆمپیوتەر کەلەسەرانسەری جیهاندا بڵاوبۆتەوە،لەڕووی زاراوەوە پێکهاتووە لە(Inter National Network).هەروەها ئەم هێڵە بەگەورەترین ئامڕازی پەیوەندیکردن و زانیارییەکان دادەنرێت،کەتوانای پێشکەشکردنی زانیارییەکانی هەیە، لەهەموو، یاخود لەزۆربەی چالاکیە جۆراو جۆرەکاندا(یعقوب،٢٠١٢:٧).

## ٤.١.٢ ئەرکەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن

"seen"گرنگترین ئەرکەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری بەم شێوەیە پۆلێن دەکات:-

١. کۆکردنەوەی وردەکاری داخڵکراوەکان، یاخود چالاکیە تۆمارکراوەکان.
٢. گواستنەوە و شیکردنەوە و هەژمارکردنی هەموو داتاکانی، یاخود زانیارییەکان.
٣. ئەنجامدانی چەندین جۆر لەچارەسەرکردن بۆ زانیارییەکان لەیەک کاتدا، ئەگەر نووسراوبێت، یاخود دەنگ، یاخود وێنە بێت.
٤. ڕێکخستنی زانیارییەکان بەشێوەیەکی بەسوود و بەپێی سروشتیان، ئەگەر وێنە بێت، یاخود دەنگ، یاخود هەرجۆرێکی دیکە بێت.
٥. هەڵگرتنی داتا و زانیارییەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ ئەنجامدانی کرداری زیاتر،یاخود ناردنی بۆ بەکارهێنەرێکی دیکە.
٦. ناردنی داتا و زانیارییەکان لەڕێگەی بەکارهێنانی ئیمەیڵی ئەلکترۆنی، یاخود نامەی دەنگی ،هتد(السالمي،٢٠٠٠:٤٣٧).

بەڵام "**Alter**" ئەرکەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری بەشێوەیەکی دیکە دەناسێنێت بەوەی ، کەبریتییە لە تۆمارکردن و هەڵگرتن و گواستنەوە و چارەسەرکردن و بەکارهێنان و گەڕانەوەی زانیارییەکان(Alter,2002:72).

هەروەها"Curtin"دەڵێت:- تەکنەلۆجیای زانیاری لەڕێگەی ئامرازەکانیەوە کۆمەڵێک ئەرکی هەیە. ئەو ئەرکانەش بریتین لە:-

أ-چارەسەرکردنی داتاکان و گۆڕینیان بۆ زانیاری بەسوود.

ب-دووبارە چارەسەرکردنەوەی زانیارییەکان و بەکارهێنانیان، وەک داتا لەهەنگاوە چارەسەرییەکانی دیکەدا.

ج-سادەکردنەوەی زانیارییەکان بۆئەوەی تێگەیشتنیان ئاسان بیت لەلای بەکارهێنەران ، تاوەکو زیاتر سەرنجڕاکێش و بەسوود بێت(Curtin,2001:3).

## ٥.١.٢ سوودەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن:

دەرئەنجامی جێبەجێکردن و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەدامەزراوەکاندا کۆمەڵێک سوود و گرنگی بەدەرکەوتووە، کە ئەمانە دیارترینیانن:-

١.بەرزکردنەوەی ئاست و بەرەو پێش بردنی کارەکان لەدامەزراوەکاندا: واتە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر جێبەجێکردن و گەشەسەندن لەدامەزراوەکاندا بەمەرجی بوونی ڕێکەوتن لەنێوان بارودۆخی دامەزراوەکان و ستراتیژەکانی جێبەجێکردنی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردندا.

٢.زیادکردنی بەهای دامەزراوەکە: کەتیایدا بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەدامەزراوەکاندا دەبێتە هۆی دروستکردنی بەها بۆ دامەزراوەکە، ئەمەش لەڕێگەی زیادکردنی یارمەتییەکانی لەجێبەجێکردنی ستراتیژەکانیدا و بەتایبەتی لەژێر سایەی زیادکردنی ڕادەی کێبڕکێکردن لەنێوان دامەزراوەکاندا دەبێت.

٣.کاریگەری دەرکردنی بڕیارەکان: تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن ئەرکی بەڕێوەبەرەکان ئاسان دەکات لەکاتی بڕیاردان لەدامەزراوەکاندا، ئەمەش لەڕێگەی بەردەستخستنی داتا و زانیارییەکان بەوردی و گونجاوی بۆ کاتی گونجاو بەپێی مەرجە داواکراوەکان دەبێت.

٤.گەشەپێدانی کار: تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن کاردەکات بۆدابینکردن و بەدەستخستنی سیستم و ڕێکخستن لەیەکە ئیدارییەکاندا. هەروەها گرنگی دەدات بەوەی تاکەکان ئاشنا بکات بەوەی لەدەوروبەریاندا ڕوودەدات بەشێوەیەکی بەردەوام بەپێی گۆڕانکارییەکانی دەوروبەریان.

٥.دووبارەکردنەوەی ئەندازەی پرۆژەکانی کارپێکردن: تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەڕەگەزێکی گرنگی سەرکەوتنی دووبارەکردنەوەی ئەندازەی پرۆسەکانی کارپێکردن هەژماردەکرێت لەپێش دیزاین کردنی پرۆسەکانی کارپێکردن لەڕێگەی پێشکەشکردنی پێشنیارکردنی باشترین دیزاینەکان، یاخود لەدوای پرۆسەکانی دیزاینکردن لەڕێگەی ڕۆڵەکانی لەقۆناغە جیاوازەکانی جێبەجێکردندا(المغربي،٢٠٠٢:١٥٨).

٦.پاڵپشتیکردنی سەرکەوتنی ڕێکخراوەکان لەبوارەکانی بەڕێوەبردن وڕێکخستنە ئاڵۆزەکاندا: بەڕێوبەرەکان لەئاستە جیاوازەکاندا و یەکە کارگێڕییەکاندا پشت دەبەستن بەبەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەبوارە ئیدارییەکان و ڕێکخستنە ئاڵۆزەکانی کە بە بەکارهێنانی سیستەمە تەقلیدییەکان کارێکی زەحمەت و گرانە بۆیان.

٧.گەشەپێدانی ڕەفتاری ئەرێنی بۆتاکەکانی دامەزراوەکە: تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن کاریگەری هەیە لەسەر پاڵپشتیکردنی پرۆسەکانی پەیوەندیکردن لەناوەوە و دەرەوەی دامەزراوەکە لەلایەک و یارمەتیدانی لەبەڕێوەبردنی کاتدا بەشێوەیەکی کارا و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی کات لەژینگەی کاردا.

٨.باشترکردنی بەڕێوەبردنی کوالێتی گشتی: تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن یارمەتی پرۆسەی باشترکردنی بەڕێوەبردنی کوالێتی گشتی دەدات لەڕێگەی کۆکردنەوە و چاودێریکردنی داتاکان و کورتکردنەوەیان و شیکارکردنیان و پێدانی ڕاپۆرت دەربارەیان. هەروەها تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن یارمەتیدەرە لەزیادکردنی خێرایی پرۆسەکانی چاودێریکردن و پشکنین و باشترکردنی جۆری تاقیکردنەوەکان و کەمکردنەوەی تێچووی هەستان بەچالاکیە چاودێرییە جیاوازەکاندا. هەروەها یارمەتیدەرە لەدۆزینەوەی هەڵەکان پێش دەرکەوتنیان.

٩.باشترکردنی بەڕێوەبردنی زانیارییەکان: دەتوانرێت هاردوێر و سۆفت وێر و داتابەیسەکان بەکاربهێنرێت بەوەی، کەپرۆسەکانی کۆکردنەوەو چارەسەرکردن و هەڵگرتن و گەڕانەوەی داتا و زانیارییەکان ئاسان دەکات.هەروەها کاردەکات بۆ بەرەوپێشبردن وگەشەپێدانی

زانینە هونەرییەکان و بەبازاڕکردن و دارایی و تەکنەلۆجی و کارپێکردن. هەروەها دەشتوانرێت بەکاربهێنرێت لەدروستکردنی تایبەتمەندی کێبڕکێکردن بە بەراورد بەدامەزراوەکانی دیکە.

١٠.باشترکردن و گەشەپێدانی ئەو خزمەتگوزاریانەی، کەپێشکەش بەکڕیارەکان دەکرێت: تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەپاڵپشتیکردن و خزمەتگوزاری کڕیارەکان لەڕێگەی بەکارهێنانی بازرگانیکردنی ئەلکترۆنی و پرۆسەکانی دووبارەکردنەوەی ئەندازەی پرۆسەکان بەپێی پێویستی کڕیارەکان و بەدەستهێنانی ڕەزامەندییان و خێرایی لەنمایشکردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی، کەپێشکەش دەکرێت(یعقوب،٢٠١٢:١٠).

## ١.٥.١.٢ لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی باسکران دەتوانین گرنگترین سوودەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەجێبەجێکردن و بەکارهێنانی لەدامەزراوەکاندا دیاریبکەین، کەئەمانەن:-

١. خێرایی و وردیی لەپرۆسەکانی چارەسەرکردن و پەیوەندیکردن و گێڕانەوەی و هەڵگرتنی داتا و زانیارییەکاندا.
٢. باشترکردنی پرۆسەکانی بەرهەم هێنان و کەمکردنەوەی کات و تێچوو و باشترکردنی کوالیتی بەرهەمەکان.
٣. باشترکردنی بارودۆخی کێبڕکێکردنی دامەزراوەکان.
٤. هاوکاریکردنی پرۆسەکانی پلان دانان و چاودێریکردن و دەرکردنی بڕیارەکان(Turban,1999,13).

## ٦.١.٢ مەرجەکانی فێربوون لە ژینگەی پشت بەستن بە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن:

چەمکی بارودۆخەکانی فێربوون، ئاماژە بۆ ئەو چوارچێوەیە دەکات، کە تێکەڵکردنی تەکنەلۆجیا و پراکتیزەکردنی تێدا ئەنجام دەدرێت(Mercer,1995:68).هەروەها ڕوونیدەکاتەوە، کە ئەو بارودۆخە تەنها کەرەستە فیزیکی و بەرجەستەکان ناگرێتەوە، کە لە ژینگەی فێربووندا هەن، بەڵکو ئەو شتانەیشە، کە لە پشت قسە نەوتراوەکانن و کاردەکەنە سەر مانای قسەکان.لێرەدا مەرجەکانی فێربوون، ئامادەکاریەکانی، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کراون لە خۆ دەگرێت بۆ پاڵپشتیکردنی بیرکردنەوە و فێربوونی

خوێندکاران، وەک ڕێکخستنی ناو هۆڵ، ژینگەی کلتووری کۆمەڵایەتی، فەراهەم کردنی کۆمپیوتەر،هاوکاری مامۆستایان و ستراتیجیەکانی ڕێنیشاندان. بۆ نموونە، پلانی ڕێنیشاندانی یونسکۆ لەسەر پێکەوە بەستنی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لە پەروەردەی مامۆستادا پێشنیاری چوار لێهاتوویی بنچینەیی دەکات، کە پێویستە بۆ یەکخستنی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی کردن لە دامەزراوە فێرکارییەکاندا.ئەم لێهاتووییە بنچینەییانەش دەتوانن هەندێک مەرج دروست بکەن بۆ بەکارخستنی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن وەکو کەرەستەیەکی فێربوون(UNESCO,2002). لێهاتووییە بنچینەییەکانیش ئەمانەن:-

١. فێرکردن:

وەکو گرنگترین توانایی ؛ گۆڕانکاری لە فێرکردندا لە خۆدەگرێت،ئەوەش بە جەختکردنەوە لە ڕێگەی بە ناوەندکردنی  فێرخواز. لەم بارودۆخەدا، بەکارخستنی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن ئامانج لێی پشتگیری کردنی فێرکردن و فێربوون و پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندنە.لە گۆشەنیگای ڤیگۆتسکیەوە، فێرخوازان خۆیان ئەزموونی پێشوەختەیان هەیە لە فێربووندا. بە شێوەیەکی تر دەکرێ بڵێین:- بنچینەی ڕەفتار ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە تێگەیشتن لە بەرەوپێشچوونی هەمان ڕەفتاردا.هەروەها بەرەوپێشچوونی ڕۆشنبیری فێرخوازانیش لە ڕێگەی ئەزموونی پێشوەختەیانەوە دیاریکراوە،ئەوەش بە بەکارهێنانی زمان و کەرەستەکانی دیکە. ئەوەی فێرخوازان ئەتوانن ئەنجامی بدەن بە بێ یارمەتی ئەوەیە، کە بە بۆچوونی (Vygotsky,1978) ئاستی گەشەی ڕاستەقینەیان دەردەخات. لە کاتێکدا، کە ویستی ئەوان بۆ فێربوونی شتێکی نوێ لە ڕێگەی پشتیوانی گونجاو لە لایەن مامۆستاوە،یاخود کەسانی بە ئەزموونی دیکەوە پێی دەوترێت ناوچەی گەشەی نزیکەیی(**zone of proximal development**). فێرکردن دەکرێت لە ڕووی فێرکردنی یارمەتیدەرەوە لێی بڕوانرێت لە ناوچەی گەشەی نزیکدا(Vygotsky,1978,53).

بە بڕوای ڤیگۆتسکی، ناوچەی گەشەی نزیک ئەوە دەردەخات، کە پشتگیری توانای مێشکی لە لایەن مامۆستاوە، یان کەسێکی بە ئەزموونتری دیکەوە دەتوانێت توانای فێربوون، یان چارەسەری کێشەکان لەلای خوێندکاران پەرە پێبدا. ناوچەی گەشەی نزیک لە بواری فێربووندا وەک پرۆسەی بەشداری کردنی ڕێنمایی کراوی فێرخوازان ئاماژەی پێ کراوە (Rogoff,1995,139)، یان بنیاتنانی زانیاری ڕێنمایی کراو (Mercer,1995,82)، یان وەک پرۆسەی پەیوەست کردن لەگەڵ هاوبەشێکی بەهرەمەندتردا(Bruner,1978,39).

هەروەها(Stetsenko,1999) ڕوونیدەکاتەوە، کە کێشەی ڕوونکردنەوەی ئەوەی لە ناو ناوچەی گەشەی نزیکدا ڕوودەدات ئەوەیە، کە زۆربەی کات سەرنج لەسەر پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخوازانە و ئەو بابەتەی، کە ئەبێ فێربکرێت گرنگی کەمی پێدەدرێت. تەنانەت ئەوەشی وتووە، کە سەرنجی سەرەکی لەسەر چۆنیەتی پەیوەندییەکانی نێوان گەورە و منداڵ ( یان مامۆستا و خوێندکارە)، نەک لەسەر چۆنیەتی کەرەستە کلتوورییەکان، کە وەکو بەشە بنچینەییەکانی ئەو پەیوەندییانەن(Stetsenko,1999:244).

٢. هەماهەنگی و دروستکردنی تۆڕ:

ئەم ڕەهەندە تایبەتە بە ئەگەری ئەوەی،کە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن پێویستە نێوەندگیری بکات لە دروستکردنی زانیاری لە نێوان فێرخوازاندا .هەروەها ئەگەری دروستکردنی تۆڕ لە نێوان کۆمەڵە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکاندا ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی هەمەچەشنی، پەروەردەی هزری و یەکسانی.شایەنی باسە بەسەیرکردنی پەروەردە لە پەیوەندی بە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن، دەبێتە هۆی هەماهەنگی لە فێربوون هەر وەک (Sorensen,Murchu and Jedeskog,2006,) باسیان لەوە کردووە، کە دامەزراوە فێرکارییەکان پێویستە هاوڵاتی نێودەوڵەتی خوێندەوار دروست بکات، کە بتوانن گوێ لە یەکتری بگرن و گفتوگۆی ڕەخنەگرانە بکەن لە نێوان خۆیاندا و پێشنیازیان هەبێت. بە هەمان شێوە،هەریەکە لە:- (Suares Orezco and Sattin,2007) پێیان وایە، کە پێویستە لە پرۆگرامی خوێندندا چەند بابەتێک لەخۆ بگرێت، کە توانای بیرکردنەوەی تاکەکان زیاد بکات و فێری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیان بکات. هەروەها چۆنیەتی پەیوەندیکردن، زمان و چۆنیەتی هاریکاریکردنی یەکتر و تەکنەلۆجیا بە جۆرێک کە خوێندکار بۆ پەروەردەیەکی نێودەوڵەتی پێبگەیەنێت.وەك دەبینین و ئەم نووسەرانە پێداگری لەوەدەکەن، کە سەردەمی جیهانگیری پێویستی بە هاوڵاتی جیهانی هەیە. (Yang,2001)هەروەها باس لەوەش دەکات ،کە تۆڕی ئینتەرنێت بووە بە پلاتفۆرمێک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی نێودەوڵەتی و هەلەکان بۆ بەدیجیتاڵکردنی داتاکان، لەگەڵ ئەوەی بە بڕوای (Joo,1999) پڕە لە بەها ئینگلیزی و ڕۆژئاواییەکان.هەروەها(Chen et al,1999) پێیان وایە، کە یەکسانی و سروشتی فێربوون دیاریدەکرێن بە شێوەیەکی سەرەکی بە ئەزموونی تاکەکەسی کەلتوری و تەکنەلۆجیا. کەواتە هەماهەنگی کردن و دروستکردنی تۆڕەکان پەیوەندیدارە بە ڕەهەندە کەلتوریەکان وەک مەرجی فێربوون، کە لەوانەیە بۆ چەندکەسێك سوودبەخش نەبێت(Chen et al,1999:288).

**٣. ڕەهەندی تەکنیکی:**

**ئەم ڕەهەنــدە، پەیوەندیــدارە بە توانــای تــازەکردنەوەی توانــا پیشــەییەکان و زانیــاری پەیوەندیدار بە سەرچاوەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، یونسکۆ لە ساڵی ٢٠٠٢ ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئامانجی خستنەناوەوەی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لە پرۆگرامەکانی فێرکاری مامۆستادا بۆ بەدەستهێنانی توانای تەکنیکی نییە لە خودی خۆیدا، بەڵکو بەکارهێنانی تەکنەلۆجیایە لە بەرەوپێشبردنی وانەوتنەوە و فێربووندا. لە توێژینەوەکەیدا لەگەڵ چەند مامۆستایەکی لێهاتووی سویدیدا،** (Andersson,2006) **باس لەوە دەکات، کە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەکاربێت وەک پلاتفۆرمێکی گفتوگۆکردن لە نێوان دوو کەسدا وەک شێوەیەکی پەرەپێدانی میتۆدەکانی وانەوتنەوە، یاخود بابەتەکانی پەیوەندیدار بە زانیاری کۆمپیوتەرییەوە. (ئەندرسۆن) باس لە بارودۆخەکە دەکات، وەک هەلێک بۆ تێگەیشتن لە ڕەنگدانەوەی بیرو بۆچوونەکاندا، کە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەکاردێت لە گۆڕانکاری کردن لە کەلتوری فێرکردن لە لایەن بەکارهێنەرانەوە. لە لایەکی ترەوە، تێبینی ئەوەی کردووە، کە لە چەندین حاڵەتدا مامۆستا تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنێت بۆ بەرەوپێشبردنی تواناکانی خۆی و بەشێوەیەکی زۆر کەم بۆ هاوکاری فێرخوازان لە چالاکیەکانیاندا**(Andersson,2006,665).

**٤. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و تەندروستی:**

**ئەم ڕەهەنــدە ،ئەوە دەگەیەنێت ،کە مامۆستایانی پیشەیی دەبێ بتوانن بەکارهێنانی تەندروست لە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن پێشبخەن و خوێندەواری زانیاری یەکبخەن و ڕێز لە مافی چاپکردن و خاوەندارێتی فیکری بگرن.لە توێژینەوەکانیاندا** (Alexandersson and Limberg,2006) **و** (Jedeskog and Nissen,2004) **ئاشکرای دەکەن، کە خوێندکاران توانای خوێندەواری زانیارییان نییە. ئەم نووسەرانە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن، کە خوێندکاران لە دۆزینەوەی زانیاری وەک وەرگرتنی ڕاستییەکان تێدەگەن.هەروەها هەریەکە لە:-** (Jedeskog and Nissen) **ڕوونی دەکەنەوە، کە پێدەچێت خوێندکاران ڕووبەڕووی کێشەیەک ببنەوە لە دەستنیشانکردنی سەرچاوە ئەلیکترۆنییە پەیوەندیدارەکان و کۆکردنەوەیان و بینینی مانادارbوونیان ,یان دروستکردنی شتێکی نوێ لێیان .**

هـــەروەها(ئەلێکساندەرســۆن و لیمبێــرگ) دەڵــێن زۆربەی خوێنــدکاران جــگە لە چەنــد خوێنـــدکارێکی کەم نەبێت،هـــەر هـــەموویان ڕازیـــن بە کـــۆکردنەوە و پێشکەشـــکردنی زانیارییەکـان بەبێ ئەوەی شـیکارییەکی ڕەخنەیـی قووڵتریـان بـۆ بکرێـت.بەم پێیە گەڕان بەدوای زانیارییە جێی متمانەکانـدا لەگەڵ توانـای بەکارهێنـانی کـاریگەرانە لە چوارچێوەی جیـاوازدا یەکـدەگرێتەوە.لە ئێسـتادا یەکێـک لە سـەختییەکانی بەکارهێنـانی ئەدەبیـاتی بنەمادار بە وێب ئەوەیە، کە خوێنـدکاران بەهـۆی زۆری و ئـاڵۆزی زانیارییەکـانەوە سـەریان سـوڕ دەمێنێـت و بەزەحـمەت دەتـوانن تـوێژینەوە پەیوەندیـدارەکان دەستنیشـان بـکەن (Lowe, 2004,257).کێشـەیەکی دیـکەی گرنـگ، کە لەلایەن تـوێژەرانەوە دەستنیشـانکراوە پەیوەندی بە دزیکردنەوە(دزینی زانیاری و هەوڵی کەسانی تر) هەیە.لە توێژینەوەکەیاندا، (Alexandersson and Limberg,2006 ) دوو گروپـی گرنـگ لە نێـوان بەکـارهێنەرانی ئەدەبیاتی بنەمادار بە وێب دەستنیشان دەکەن.

گروپـــی یەکەم ،کە زۆریـــنەی خوێنـــدکاران لەخۆدەگرێـــت، ڕاســـتییەکان لە ئینتەرنێتـــدا کۆدەکەنەوە و دەیدۆزنەوە و دواتر پرسیاری لێکۆڵینەوە بۆ وەڵامەکـانی پێشـتر،کە زانـراون دادەڕێژن .گروپی دووەم بە هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی کێشە، یان بابەتەکە دەست پێـدەکات و بە بەکارهێنـــانی وشـــەی ســـەرەکی بەردەوام دەبـــن لە گەڕان بەدوای زانیـــارییە پەیوەندیدارەکاندا.

ئەم گـــروپە بە شـــێوەیەکی ڕەخنەگـــرانە لە نـــاوەڕۆکی ئەو زانیاریـــانەی، کە وەرگیـــراون دەکۆڵنەوە و بەگوێرەی پرسیارەکانی توێژینەوەکەیـان بەکاریـدەهێنن .(ئەلێکساندەرسۆن و لیمبێرگ) لە کۆتایی توێژینەوەکەیاندا دەڵێن، کە دامەزراوە پەروەردەییەکـان مەیلیـان هەیە (نەخوێنـــدەواری زانیـــاری) بەرهەمبهێـــنن. هەرچەنـــدە ئەم نووســـەرانە بە گـــرتنەبەری هەڵوێسـتێکی ڕەشـبینانە کۆتـایی پێـدەهێنن، بەڵام توێژینەوەکەیـان نیشـانی دەدات، کە هەڵوێسـتی خوێنـدکاران بەرامـبەر بە بەکارهێنـانی ئەدەبیـاتی بنەمـادار بە وێـب بەنـدە بە سروشـتی مـاددە فێرکـارییەکەوە. بـۆ نمـوونە ئاڵۆزییەکـانی و بە ئەزمـوونی فێربـوونی خوێندکاران لە ئەرکە پراکتیکەکانی دامەزراوە فێرکارییەکاندا.

هەروەها ئەو توێژینەوانەی، کە لە سەرەوە باسکراون ئاماژە بەوە دەکەن، کە لێکۆڵینەوەکان لەســەر ئەدەبیــاتی بنەمــادار بە وێــب پرســێکی گرنگــی تــوێژینەوە لە ئاســتی جیهانیــدا پێکـدەهێنن.لە ڕێـگەی شـیکارییەکەوە بـۆ پەروەردەی خوێنـدەواری زانیـاری لە جیهانــدا، (Moore,2002) مامۆستایان وەک لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان دەزانن، کە دەتـوانن

پشتگیری فێرخوازان بکەن بۆ گەڕان و بەکارهێنانی ئەدەبیاتی بنەمادار بە وێب بە شێوەیەک کاریگەرترین شێوە بێت. بە واتایەکی تر، مامۆستایان دەتوانن یارمەتی خوێندکاران بدەن بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بیرکردنەوەیان و دروستکردنی بیرۆکەی نوێ .

(Sorensen et al,2006)بنەمای ئەوەن، کە فێرکردن بە ICT لە گواستنەوەی سادەیی زانیاری و ڕاستییەکان تێدەپەڕێت. ئەوان پێیان وایە، کە فێرکردن بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەزموونەکانی ڕابردووی خوێندکاران، داهێنان، دانوستان لەسەر مانا، مێتا-کۆگنیشن، هاوکاری و بەشداری چالاکانە لە پراکتیکی کۆمەڵایەتیدا. بەڵام بە گوێرەی مۆر زۆربەی توێژینەوەکان لەم بوارەدا زۆر زیاتر لەسەر ئەو بەربەستانەن، کە بەکارهێنەران ڕووبەڕوویان دەبنەوە و کەمتر لەسەر دەرئەنجامەکانی تواناکانی خوێندەواری زانیارییان هەیە .

### ٧.١.٢ سوود و بەکارهێنانی(ICT)تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لە بواری پەروەردەدا:

بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا ئەمڕۆ بەشێوەیەکی زۆر بە هەموو لقە جیاوازەکانی زانستدا بڵاوبۆتەوە، چ سروشتی و چ مرۆیی و کۆمەڵایەتی و هتد ، بۆیە گرنگە و پێویستە لە چوارچێوەی زانستی دروستدا ئەمە بەکاربهێنین لە هەموو ئاستەکانی زانستی دیکەدا، کە دەیکەنە ئامرازێکی کاریگەر لە زانستدا.بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای فێرکردن لەوانەوتنەوەدا هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی خوێندکار باشتر فێربێت و وەڵامدانەوەی هەبێت بۆ بابەتەکان،چونکە لەڕێگەی تەکنەلۆجیاوە ژینگەیەکی پەروەردەیی لەباردەڕەخسێت بۆخوێندکاران وپاڵنەر لای خوێندکار دروست دەکات بۆفێربوون،هەروەها پێویستە مامۆستایان پرۆگرامی خوێندنەکەیان بەجۆرێك بگۆڕن، کەخوێندکار هانبدەن زیاتر سوود لەتەکنەلۆجیا وەربگرێت لەپرۆسەی فێربووندا.لەگرنگترین سوود و بەکارهێنانەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەبواری پەروەردەدا ئەمانەن:-

١. یارمەتی خوێندکاران دەدات لە گەیشتن بە زانیاری ئەلکترۆنی بە شێوەیەکی کارا و کاریگەر:

هەروەک (Brush,Glazewski and Hew,2008) ڕایانگەیاندووە، تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن وەک ئامرازێک بەکاردێت بۆ خوێندکاران بۆ دۆزینەوەی بابەتەکانی فێربوون. دابینکردنی چارەسەر بۆ کێشەکان لە پرۆسەی فێربووندا تەکنەلۆجیای زانیاری و

پەیوەندیکردن دەستکەوتی زانیاری زیاتر بەردەست دەکات و خوێندکارانیش باشتر فێری چەمکەکان دەبن، کاتێك تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن.

٢. پشتگیری ئەو شێوازە خوێندنە دەکات، کەخوێندکار تێیدا سەرەکییە(چالاکە):

لەئێستادا خوێندکارەکان زیاتر سەرقاڵن بە بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن. (Castro Sanchez and Aleman,2011,911) خوێندکاران توانایان هەیە زانیاری نوێ وەربگرن لە ڕێگەی دەستگەیشتن و هەڵبژاردن و ڕێکخستن و لێکدانەوەی زانیاری و داتاکان لەسەر بنەمای فێربوون لە ڕێگەی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردنەوە.تەنانەت خوێندکاران زیاتر توانای بەکارهێنانی زانیاری و داتایان هەیە لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە و بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانەش دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ کەرەستەکانی فێربوون بکەن لەڕووی چۆنیەتیەوە.

٣. دروسکردنی ژینگەیەکی فێربوونی داهێنەرانە:

تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن تێگەیشتنی نوێی خوێندکاران لە بواری فێربووندا پەرە پێدەدات (Chai,Koh and Tsai,2010,63).هەروەها چارەسەری داهێنەرانەتر پێشکەش دەکات بۆ جۆرە جیاوازەکانی لێکۆڵینەوەکانی فێربوون. بۆ نموونە لە هۆڵێکی خوێندنەوەدا، خوێندکاران دەتوانن کتێبی ئەلیکترۆنی بە شێوەیەکی ئاسایی لە خوێندنەوەی چالاکی بە دەنگی بەرز بخوێننەوە.ئەمە جگەلەوەی خوێندکارەکان دەتوانن لە سەرەتاوە بۆ ئاستی پێشکەوتوو بە ئاسانی لە ڕێگەی کۆمپیوتەر، لاپتۆپ، یاریدەدەری دیجیتاڵی کەسی(Personal Digital Asssistants) (PDAs)، یان ئایپادەوە زانیاری بەدەست بهێنن بە هەموو جۆرەکانی دەقەکانی کتێبەکە.بە شێوەیەکی دیاریکراوتر.هەروەها لەوانەیە ئەم کتێبە ئەلیکترۆنیانە لەگەڵ هەندێک بەرنامەی خوێندنەوەدا بێن، کە ڕوویەکی خوێندنەوە بە دەنگی بەرز پێشکەش دەکەن، چالاکی دروستکردنی وشەسازی پەیوەندیدار ،بەتایبەت یارییەکان و ئەوانەی پەیوەندییان هەیە بە توانای خوێندنەوە و دەستکەوتنی وشەییەوە،ئەوەش زیاتر لەبەر ئەوە،کە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەرنامەی دیزاینکراوی مەبەستدار لەخۆ دەگرێت و ڕێگای نوێکارانە دابین دەکەن بۆ دابینکردنی کۆمەڵێک پێداویستی فێربوون.

٤. برەودان بە فێربوونی هاوبەش لە ژینگەیەکی فێربوونی دووردا:

(Koc, 2005) ئاماژەی بەوە کردووە، کە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن ڕێگە بەخوێندکاران دەدات، کەبەهاوبەشی کارەکانیان ئەنجام بدەن لەهەر

سات و شوێنێکدابێت. بۆ نموونە لەتیلیکۆنفراسێکدا دەتوانرێت خوێندکاران لەڕێگەی ICT وە بانگ هێشت بکرێن لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ بەشداری کردنیان و گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو.لەگەڵ ئەوەشدا,ڕەنگە ئەو خوێندکارانە دەرفەتیان هەبێت بۆ شیکردنەوەی کێشەکان و گەڕان بەدوای بیرۆکە تازەکان و پەرەپێدانی چەمکەکاندا لەوانەش زیاتر چارەسەری فێربوونی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن هەڵبسەنگێنن. خوێندکاران تەنها پێکەوە زانیاری بەدەست ناهێنن، بەڵکو ئەزموونەکانی فێربوونی هەمەجۆر لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ دەکەن بۆ ئەوەی ڕای خۆیان دەربڕن و بیربکەنەوە لەسەر ڕێگاکانی فێربوونیان.

٥. ڕەخساندنی هەلی زیاتر بۆ پەرەپێدان بە شارەزایی بیرکردنەوە لە ئاستە بەرزەکاندا: لەسەر بنەمای ڕێبازێکی فێربوونی بنیاتنەردا، تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن یارمەتی خوێندکاران دەدات، کە سەرنج بخەنە سەر چەمکە ئاست بەرزەکان. توێژینەوەکانی هەریەك لە (Levin and Wadmany,2006)و (McMahon’s,2009) نیشانی دا، کە لە ڕووی ئامارەوە پەیوەندییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان خوێندن لەگەڵ ICT و بەدەستهێنانی شارەزایی بیرکردنەوەی ڕەخنەییدا. بەرکەوتنی زیاتر لە ژینگەی ICT دەتوانێت توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی خوێندکاران زیاتر بەهێزبکات. بەم شێوەیە، زانکۆ و دامو دەزگا فێرکارییەکان ئاڕاستە دەکرێن بۆ تێکەڵکردنی تەکنەلۆجیا لە هەموو بوارەکانی فێرکردن و لە نێوان هەموو ئاستەکانی فێربووندا.تەنانەت لەو شوێنەی، کە ئەم ڕێگایە پەیڕەو دەکرێت، خوێندکارەکان دەتوانن تەکنەلۆجیا بەکاربهێنن بۆ گەیشتن بە ئاستی بەرزی زانین لە چوارچێوەی سیاقی فێربوونی دیاریکراودا.

٦. باشترکردنی کوالیتی فێرکردن و فێربوون:

(Lowther et al,2008) ڕایانگەیاندووە،کە دوو تایبەتمەندی گرنگ هەیە، کەپێویستە بۆ پەرەپێدان بە فێرکردنی کوالیتی باش و فێربوون لەگەڵ ICT: سەربەخۆیی و توانای داهێنان. سەربەخۆیی مانای ئەوەیە، کە خوێندکارەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ICT ەوە کۆنترۆڵی فێربوونیان دەکەن. بەم شێوەیە زیاتر توانای کارکردنیان هەیە بەشێوەی تاکەکەسی، یان بەشێوەی گروپ. هەروەها مامۆستایان دەتوانن ڕێگە بە خوێندکاران بدەن بۆ تەواوکردنی هەندێک ئەرک لەگەڵ هاوڕێکانیاندا، یان گروپەکاندا سەبارەت بە توانای داهێنان، کاتێک خوێندکارەکان زیاتر باوەڕیان بە پرۆسەی فێربوون هەیە، دەتوانن لە کاتی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێدا بە کارامەیی و کاریگەرییەوە توانای جێبەجێکردن و گواستنەوەی زانیاری گەشە پێبدەن. بۆ نموونە لە پۆلێکی گوێگری( English

(ESL) (as a Second Language و قسەکردندا، لەوانەیە داوا لە خوێندکاران بکرێت پراکتیزی دەنگسازی بکەن. کە لەڕێگەی بەکارهێنانی فەرهەنگێکی دەنگی ئۆنلاینە،ئەوان پێویستە گوێ لە زمانی ڕەسەن لە فەرهەنگەکەوە بگرن،وە بۆ فێربوونی پێناسەکان و نموونەکانی بڕگەیەکی وشەیی نوێ.دەبێت خوێندکاران تۆمارێک لە دەربڕینی وشەکە بەدەنگی خۆیان دروست بکەن و نموونەیەک بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم وشە نوێیە لە چوارچێوەیدا دابین بکەن. پێش تەواوکردنی ئەم ئەرکە، خوێندکارەکان دەبێت بزانن، کە چ وێب سایتێك بەکاردێنن بۆ ئەوەی لە فەرهەنگێکی دەنگی ئۆنلاینی گونجاو بگەڕێن.ئەوان دەبێت چەند فەرهەنگێکی ئۆنلاین بگەڕێن. و ئەو فەرهەنگە دیاری بکەن کە بە باشترین شێوە پێویستیەکانی فێربوونیان دەگونجێت.

سەرەڕای ئەوەش، دۆزینەوەی سۆفتوێرێکی باش بۆ تۆمارکردنی دەنگی خوێندکارەکان پێویستییەکی ترە بۆ ئەم فێرخوازانە.هەربۆیە، هەموو پرۆسەی فێربوون و بەهرەکانی فێربوونی خوێندکاران دەوڵەمەند دەکات و زانیاریەکانیان بەدەر لەو شتانەی، کە پێشتر دەیزانن فراوانتر دەکات. بە بەکارهێنانی **ICT** دەکرێت داهێنانی خوێندکاران باشتر بکرێت.خوێندکارەکان لەوانەیە ئامرازی نوێی مەڵتی میدیا بدۆزنەوە و کەرەستە دروست بکەن لەو شێوازانەی کە بە ئاسانی لە ڕێگەی یارییەکانی سی دی و تەلەفیزیۆنەوە بۆیان ئامادەیە.بە تێکەڵەیەک لە سەربەخۆیی و توانا و داهێنانی خوێندکاران. بەکارهێنانی **ICT** دەتوانێت هەردوو جۆری فێرکردن و فێربوون لە ڕووی کوالیتیەوە باشتر بکات( Gee 2007, 2011).

٧. پشتگیری فێرکردن بکە بە ئاسانکردنی گەیشتن بە ناوەڕۆکی کۆرسەکە:

(Watts Taffe et al,2003) بۆیان دەرکەوت، کە مامۆستاکان دەتوانن وەک هۆکارێك بن بۆ تێکەڵکردنی تەکنەلۆجیا لە یارمەتیدانی فێربوونی خوێندکارەکاندا لەڕێگەی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردنەوە،ئەگەر هاندان و کەرەستە و پشتیوانی تەکنەلۆجیای پێویست لە دامەزراوەکان بۆ مامۆستایان بەردەست بێت. پەرەپێدانی هۆڵێکی ئامادەکراو بەتەکنەلۆجیا بۆیان ئاسانتر دەبێت.بەرپرسیاریەتی سەرەکی ئەم مامۆستایانە گۆڕینی شێوازی وانەوتنەوەکەیان و دروستکردن و ڕوونکردنەوەی ئەرکە نوێیەکان و ڕێکخستنی تاقیگەی کۆمپیوتەرە لەڕێگەی پسپۆڕی فێربوونی تەکنەلۆجیاوە یان یاریدەدەرەکانیانەوە.

بە گشتی وەک (Reid,2002)ئاماژەی پێکردووە، تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن کاتێکی زیاتر پێشکەش بە خوێندکاران دەکات بۆ گەڕان لە دەرەوەی ناوەڕۆکی کۆرس.هەروەها بە دڵنیاییەوە ڕێگە بە ئەوان دەدات باشتر لە چەمکەکان تێبگەن.بەوەش

بەکارهێنانی ICT پەیوەندی فێرکاری و فێربوون دەگۆڕێت.بەپێی لێکۆڵینەوەکەی(ڕێد)، مامۆستایان ڕایانگەیاندووە، کە پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرکاریش هەندێک جار پێچەوانە کردۆتەوە سەبارەت بە تەکنەلۆجیای زانیاری، ئەم پەیوەندییە متمانەی خوێندکاران بەهێز دەکات، کاتێک دەتوانن یارمەتی مامۆستا بدەن.ئەو مامۆستایانەی، کە کێشەی تەکنیکیان هەیە لە هۆڵەکاندا ICT ئەو ڕێبازە نەریتیەی،کەماموستا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت دەگۆڕێت و پێویستی بەمامۆستا هەیە، کە زیاتر داهێنەر بن لە گۆڕین و گونجاندنی کەرەستەی خۆیاندا.
لە کاتێکدا، کە ICT لە چەند شێوازێک خەریکی گۆڕینی فێرکردن و فێربوونە بۆ باشتر، بەڵام توێژینەوەکانی بەردەستیش هەندێک بەربەستی دەستنیشان کردووە. لەم بەشانەی خوارەوە ئەم بەربەستانە لەسەر بنەمای تێڕوانینی خوێندکاران و مامۆستایان و بەڕێوەبەران و ژێرخانی ICT پۆلێن دەکرێنە سێ پۆل. هەروەها کۆمەڵێک ستراتیژ بۆ چارەسەرکردنی ئەو بەربەستانە باسدەکرێت(Watts Taffe et al,2003:87).

## ٨.١.٢ بەربەستەکان و چارەسەرەکان لەڕوانگەی خوێندکارانەوە:

هەرچەندە سوودەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لە توێژینەوەکانی پێشوودا دەرکەوتوون، بەڵام بەربەستەکان، یان ئەو ڕێگرییانەی پەیوەندییان بە بەکارهێنانیەوە هەیە، هێشتا هەیە(Schweizer & Lowe,2006) هەموو ئەوانەش ئەوە دەخەنەڕوو، کە جووڵەی خوێندکاران، پێداویستییە تایبەتەکان و دڵەڕاوکێ لەسەر ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی پێوانەیی، ئەو بەربەستە سەرەکییانەن، کە پەیوەندییان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردنەوە هەیە،بەڵام لەگەڵ ئەوشدا ئەم تەحەدایانە دەتوانرێ چارەسەر بکرێن بە دەستەبەرکردنی چالاکی فێرکاری گونجاوتر و لەسەر بنەمای کێشەکان و پشتگیری فێربوونی پێویست. هەروەها (Whelan,2008) بەربەستی زیاتری دیاری کرد لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە، لەوانە: شارەزایی تەکنیکی لاوەکی، کە دەستگەیشتن بە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لە هۆڵدا کەم دەکاتەوە، کەمی ژمارەی شارەزا ئەکادیمیەکان و کەمی کاردانەوە لە کاتی خۆیدا لەلایەن مامۆستاکانەوە، بەوەش کارلێک لەگەڵ هاوتەمەنەکان و ڕاهێنەرەکان کەم دەکاتەوە .

بۆچارەسەرکردنی ئەم بەربەستانە(Whelan,2008) پێشنیاری ئەو ستراتیژانەی خوارەوە دەکات بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی فێربوون(Whelan,2008,53):-

١. دەرخستن و ئاراستەکردن و ڕاهێنانی زیاتر بۆ خوێندکاران.
٢. جەختکردنەوەیەکی زۆر لەسەر گرنگی گەیشتنی ڕاهێنەر و بەڕێوبەرایەتی کاریگەر .
٣. فراوانبوونی پاکێجەکانی ئینتەرنێتی، کەیارمەتیدەرن.
٤. ئامرازەکانی کۆنفرانسی ئۆنلاین بەشێوەیەکی گشتی، تواناسازی و گەشەپێدانی مەنهەجی و ژێرخانی ئابووری و سیاسەت و پشتیوانی حکومەت پێویستە بۆ کەمکردنەوەی بەربەستی خوێندکاران.
٥. باشترکردنی کاریگەری بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لە هۆڵدا . هەروەها هەریەکەلە (Castro & Aleman,2011,915) هانی خوێندکاران دەدەن بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی تەکنیکی تایبەت بەمەبەستی ئاسانکردنی فێربوون لە ژینگەی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن.

## ٩.١.٢ بەربەستەکان و چارەسەرەکان لەڕوانگەی مامۆستاوە:

بەربەستەکان بۆ یەکخستنی تەکنەلۆجیای کاریگەر لە ڕوانگەی مامۆستاوە بریتین لە:-

١. کەمی پێشبینیەکانی مامۆستا و نەبوونی ئامانجی ڕوون بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لە دامەزراوە فێرکارییەکاندا (Al-Bataineh et al,2008).
٢. نەبوونی هاوکاری مامۆستا و پشتگیرییەکی نوێ. هەروەها نەبوونی شارەزایی و هەماهەنگی لە نێوان مامۆستایاندا(Ertmer & Otternbreit-Leftwich,2010).
٣. نەبوونی کاتی تەواو بۆ تێبینیکردنی سۆفتوێری نوێ، یان تێکەڵکردنی ICT لە هۆڵەکانی خوێندندا (Almekhlafi & Almeqdadi,2010).
٤. نەبوونی شارەزایی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کەرەستەی فێرکردن ( Schweizer & Lowe,2006).
٥. کەمی لێهاتوویی پرۆگرامەکان و شێوازی خودی بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی فێربوونی خوێندکاران (Goktas,Yildirim and Yildirim,2009)
٦. نەبوونی شارەزایی پێویست و ئەزموونی سنوورداری **ICT** لە بواری فێرکردندا (Honan,2008).

٧. نەبوونی زانیاری تایبەت دەربارەی تەکنەلۆجیا و چۆنیەتی تێکەڵکردنی لەگەڵ زانیاری ناوەڕۆکی پیداگۆجی بەردەست بۆ پشتگیریکردنی فێربوونی خوێندکاران (Hutchison and Reinking,2011).
٨. زیاتر تەرکیز کردن لەسەر فێرکردنی تەکنیکی، یان کارامەیی لە جیاتی ناوەڕۆکی کۆرس(Lim,2007).
٩. فشارکردن بۆ باشترکردنی خاڵەکان لەسەر تاقیکردنەوەی نەتەوەیی ( Liw & Szabo,2009).
١٠. نەبوونی شارەزایی و هاندان بۆ بەکارهێنانی کاریگەر لە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردندا.
١١. نەبوونی ڕاهێنانی خزمەتگوزاری لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن.
١٢. دروست بوونی کێشەی تەکنیکی لە هۆڵدا (Yildirim,2007).
١٣. بەڕێوەبردنی هۆڵ بەبوونی ژمارەیەکی زۆر خوێندکار(Tezci, 2011a).
١٤. نەبوونی هاندان و پشتگیری تەکنیکی و دارایی (Liu & Szabo,2009).
١٥. نادڵنیایی دەربارەی سوودە گونجاوەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لە هۆڵدا (Yildirm,2007).
١٦. نەبوونی بیرۆکەی دیاریکراو سەبارەت بە چۆنیەتی یەکخستنی تەکنەلۆجیا بۆ فێرکردن، کەدەبێتەهۆی باشترکردنی فێربوونی خوێندکاران ( Al-Bataineh et al,2008).

### ١٠.١.٢ چەند ستراتیجێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بەربەستانەدا:

١. دابینکردنی چالاکی پیشەیی گەشەپێدانی پەیوەندیدار بە تەکنەلۆجیا بۆ نوێکردنەوەی شارەزایی و زانیاری مامۆستایان و پێشکەشکردنی پشتگیری تەکنیکی لەکاتی پێویستدا Al-Bataineh et al,2008).
٢. پشتگیریکردن لەهاوبەشەکان،کە یارمەتی مامۆستایان دەدات بۆ هاوبەشکردنی ڕاهێنانی کاریگەر لە تەکنەلۆجیا و ئەزموونەکان-Ertmer & Otternbreit) Leftwich,2010).
٣. ئەنجامدانی ئەو ۆرکشۆپانەی، کە ڕێگە بە مامۆستایان دەدەن، تا ڕەنگدانەوەیان هەبێت لەسەر ستراتیژی کاریگەر بۆ تێکەڵبوونی تەکنەلۆجیا بۆ ناو وانەوتنەوە و

**خستنەڕووی ئەو کێشانەی، کە سەرەکین بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی یەکخستنی تەکنەلۆجیا بۆ فێرکردن** (Almekhlafi & Almeqdadi,2010).

٤. **ڕەخساندنی دەرفەت بۆ چاودێریکردنی ئەو مامۆستایانەی،کە تەکنەلۆجیا بەکاردەهێنن** (Frederick,Schweizer and Lowe,2006).
٥. **زیادکردنی پرۆگرامی پێویست لەگەڵ کەرەستەی پێشکەوتووی تەکنەلۆجیا** (Goktas,Yildirim and Yildirim,2009).
٦. **دابینکردنی ئازادی تەواو بۆ مامۆستایان لە هەڵبژاردن و داپۆشینی مادده مەنهەجییەکاندا** (Honan,2008).
٧. **ئەنجامدانی ڕاهێنانی کاریگەر و کاتی و بەردەوام بۆ باشترکردنی کارامەیی ICT و بەڕێوەبردنی هۆڵێکی دەوڵەمەند بە تەکنەلۆجیا** (Hutchison and Reinking,2010).
٨. **هانی هەڵوێستی ئەرێنی بدە دەربارەی گرنگی یەکخستنی ICT بۆ ڕێنمایی فێرکردن** (Lim,2007).
٩. **پشتگیری تەکنیکی پێویست دابین بکرێت** (Liu and Szabo,2009;Tezci 2011a;Yildirm,2007).

**شایانی باسە،تەکنەلۆجیا پێویستە بەکار بهێنرێت بۆ زیاتر پشتگیریکردنی شێوازی فێرکردنی نەریتی،هەربۆیە بە بڕوای** (Tezci,2011a)**، پێویستە مامۆستاکان فێربن، نەک تەنها بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ بەرزکردنەوەی فێرکردنی نەریتی، یان زیادکردنی بەرهەم، بەڵکو دەبێت لە ڕوانگەیەکی زانستی خوێندکارانەوە فێربن ،کە چۆن ICT دەتوانێت یەکبخرێت لە چالاکیەکانی هۆڵدا.واتە پێویستە مامۆستایان لە ڕێگەی داهێنەرانەتر و بەرهەمدارترەوە ICT بەکاربێنن بۆ ئەوەی چالاکی زیاتر سەرنجڕاکێش و خەڵات و وانەی کاریگەرتر دروست بکەن** (Birch and Irvine,2009;Honan,2008)**بۆ ئەو مەبەستەش** (Castro Sanchez & Aleman,2011) **پێشنیاریان کرد، کە مامۆستایان بیرێکی کراوە بگرن دەربارەی تێکەڵبوونی ICT لە هۆڵدا،کە مامۆستاکان فێری ستراتیژی فێرکردنی نوێ بن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئامێرە نوێکان لەکاتی فێرکردن بە تەکنەلۆجیا.**

**هەرچۆنێک بێت** (Yildirim,2007) **بۆی دەرکەوت کە مامۆستایان زیاتر ICT بەکاردەهێنن بۆ ئامادەکردنی نامیلکە و تاقیکردنەوەکان وەک لە بەرزکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی. بەهەمان شێوە،** (Palak & Walls,2009) **بۆیان دەرکەوت، کە مامۆستاکان بە شێوەیەکی سەرەکی تەکنەلۆجیا بەکاردەهێنن بۆ پشتگیریکردنی ڕێبازەکانی فێرکردنی بەردەستیان و**

بەدەگمەن بۆ گەشەپێدانی فێربوونی خوێندکار هەربۆیە، بەڕای نووسەران یەک لێکدانەوەی گونجاو هەیە، ئەویش کەمی مۆدێلە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ ئاسانکردنی فێربوون و سنوردارکردنی پەیوەست بەفاکتەری دەقی وەک قەبارەی هۆڵ و توانای قوتابی زیاتر،بەڵام (Brush,Glazewski and Hew,2008) پێوابوو، کە ئامادەکردنی مامۆستا پێش خزمەتگوزاری زانیاری پێویست دابین ناکات بۆ پشتگیری تەکنەلۆجیای فێرکردن ، وە نە بە سەرکەوتوویی شێوازی گونجاو نیشان دەدات بۆ یەکخستنی تەکنەلۆجیا لە ناو پرۆگرامی خوێندندا. لەبەر ئەوە پێویستە ڕاهێنانی زیاتر لە پرۆگرامی مامۆستایان بکرێت و کارامەیی ICT لە هۆڵدا جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی ستراتیژیە کاریگەرەکانی تەکنەلۆجیا تێکەڵ بکرێت. (Supon & Ruffini,2009)بۆ یارمەتیدانی مامۆستایان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە، (Chen,2008) پێشنیاری کرد، کە لەجیاتی تەنیا دابینکردنی تیۆری پەروەردە، توێژەرانی بواری زانیاری دەبێت نموونەکانی چۆنیەتی تێکەڵبوونی تەکنەلۆژیای مانادار و کاریگەر بۆ گەیشتن بە ئامانج و پێداویستییەکان دابین بکەن.

## ١١.١.٢ بەربەستەکان و چارەسەرەکان: تێڕوانینی ژێرخانی کارگێڕی و ICT

جگە لەو تەحەدایانەی، کە هەردوو قوتابی و مامۆستا لە بەکارهێنانی ICT ڕووبەڕوویان بۆتەوە، ئاستەنگی تریش لە ڕووی ژێرخانی ئیداری و ICT هەیە لەو ئاستەنگانەش وەکو:-

١. سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی زیاتر جەخت لەسەر چەندێتی ناوەڕۆکی خولەکە و نمرەکانی تاقیکردنەوەی خوێندکاران دەکەنەوە وەک لە بەکارهێنانی ICT (Yildirim,2007).
٢. نەبوونی پشتگیری کارگێڕی گونجاو بۆ بەکارهێنانی کاریگەری ICT (Lim,2007).
٣. ڕاسپاردەکانی کارگێڕی بۆ باشترکردنی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوە، کە تەرکیزەکە دوور دەخاتەوە لە بەکارهێنانی ICT بۆ سەرقاڵکردنی خوێندکاران بە چالاکی بیرکردنەوەی پلەی بەرزەوە (Goktas,Yildirim and Yildirim,2009).
٤. نەبوونی ناوەڕۆکی کۆرس و پرۆگرامی ڕێنمایی گونجاو.
٥. نەبوونی هاردوێر و سۆفتوێر و کەرەستە گونجاوەکان (Yildirim ,2007).

بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئاستەنگانەش، (Yildirim,2007)پێشنیاری کرد، کە دامەزراوە فێرکارییەکان پێویستیان بە دەستگەیشتنی گونجاوە بە تەکنەلۆجیا. هەروەها دامەزراوە پەروەردەییەکان و سیستەمی دامەزراوەیی پەیوەندیدار پێویستە سیاسەتی نوێ

دابمەزرێنن بۆ بەشداری کردنی مامۆستایان لە پرۆسەی بڕیاردان و پلاندانان سەبارەت بە بەکارهێنانی ICT لە هۆڵەکانیاندا (Lim,2007)بۆ ئەو مەبەستەش توێژینەوەیەکی کوالێتی ئەنجام دا بۆ زانینی کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی تێکەڵکردنی ICT لە وانەوتنەوەدا بۆ ئەوەی چارەسەری بەرچاو پێشکەش بکات. ئەنجامەکان دەریان خست، کە بەردەستبوونی ئامرازەکانی ICT و دامەزراندنی پرەنسیپ و ڕێکاری پەڕاوێزی و پەروەردەیی و دابەشکردنی ئەرکەکان لەنێوان مامۆستایان و فێرکردنی یاریدەدەران و خوێندکاراندا لە بنەما گرنگەکانن بۆ باش بەڕێوەبردنی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن،ئەوەش بە جەخت کردنەوە لەسەر ئەم بنەمایانە، پرۆسەی فێربوون، ئەگەری زیاتری هەیە،کە خوێندکارەکان بگەنە بیرکردنەوەی پلەی بەرز، وە پرۆسەی فێربوون ئاسان بێت. لەو چوارچێوەیەشدا،هەریەکە لە(Ertmer & Otternbreit-Leftwich,2010) پێداچوونەوەیان کرد بە ئەدەبیاتی بەردەست لەسەر بنەما پێویستەکان بۆ تواناندان بە مامۆستایانی پێش خزمەت و خزمەتی بۆ جێبەجێ کردنی ICT وەک ئامرازێکی مانادار و پێشنیاریان کرد، کە دامەزراوەکان بەڵگەی پتەو بۆ مامۆستایان دابین بکەن، کە پشتگیری کاریگەری ئەرێنی لە تەکنەلۆجیا و فێرکردنی ناوەندی خوێندکاران بکەن لەسەر فێربوونی خوێندکاران و دەستکەوتەکان لەسەر تاقیکردنەوەی ستانداردکراودا.

بۆ نموونە،دەتوانن دەرفەت بۆ مامۆستایانی ڕاهێنراو بڕەخسێنن بۆ چاودێری کردنی نموونە و مۆدێلی جۆراوجۆر، کە دواتر دەتوانن لەگەڵ فێرخوازانی ڕاستەقینەدا جێبەجێی بکەن.بێگومان، دامەزراوە پەروەردەییەکان پێویستیان بە یارمەتیدانی مامۆستایانی ڕاهێنراو هەیە بۆ تێگەیشتن لە زەحمەتیەکان، کە لەوانەیە ڕووبەڕووی ببنەوە کاتێک دەست دەکەن بە بەکارهێنانی ICT لە هۆڵەکانیاندا، وە ستراتیژی کاریگەر پێشکەش بکەن بۆ چارەسەرکردنیان. بە کۆی گشتی، سەرکردەکانی دەبێت دڵنیا ببنەوە، کە مامۆستایان لەوە تێدەگەن، کە ئامانجی کۆتایی تێکەڵبوونی تەکنەلۆجیا بەرەو پێشبردنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونە، نەک جێی بگرێتەوە، لەبەرئەوە پەرەپێدانی مۆدێلی پیداگۆجی پێویستی بە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان تیۆری و کاربەرنامەدا، بۆ ئەوەی یارمەتی مامۆستایان بدەن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو بەربەستانەی، کە ڕووبەڕوویان بۆتەوە لە تێکەڵکردنی تەکنەلۆجیادا (Keengwe & Onchwari,2009)ئیدی بەم شێوەیە هەریەکەلە (Staples,Pugach and Himes,2005) ڕایانگەیاند، کە پلانی باش بۆ تێکەڵکردنی تەکنەلۆجیا پێویستی بە تێگەیشتنێکی تایبەت هەیە بۆ هاردوێر و سۆفتوێری تایبەت، کە پەیوەندی بە پرۆگرامی خوێندنەوە هەیە لە گەشەسەندنی ستاف و ڕاهێنانی مامۆستایاندا

هەروەهـا پێویسـت نـیە بـۆ پشـتگیری کردنـی پرۆگرامـی خوێنـدن لەگەڵ تێکەڵکردنـی تەکنەلۆجیا.

## ٢.٢ تەوەری دووەم: پاڵنەری فێربوون

**١.٢.٢ چەمکی فێربوون:** چالاکییەکی خودییەو فێرخـواز بـۆ ئەوەی فێـری وەڵامـدانەوەی پێویسـت ببێـت و خـۆی لەگەڵ ژیـنگەکەدا بگونجێنێـت،بە ئەنجـامی دەگەیەنێـت و ڕۆڵـی سەرەکی لەپرۆسەکەدا هەیە.بێگومان،ڕۆڵی پەروەردەو فێرکردنیش ئەوەیە، کە هەوڵبـدرێت لەڕێـگەی شـێوازو ڕێگاکـانی وانە وتـنەوە و پرۆگـرام و ئامڕازەکـانی تـرەوە گۆڕانکـاری لەڕەفتـاری خوێنـدکاردا بکـات،لەبەرئەوەی فێربـوون وەک پرۆسـەیەکی عەقڵـی لەمیـانەی شـوێنەوارەوە، هەسـت بە ڕوودان وکاریگەرییەکـانی دەکەیـن و دەبێـتە هـۆی گۆڕانکـاری، یـاخود چـاککردنی ڕەفتـاری مـرۆڤ. ئیتـر ئەو چاکسـازی و گۆڕانکارییانـەش لەلایەنـی هەڵچوونی و ویژدانییەوە بێت، یان لەلایەنی عەقڵی، یان لەلایەنی کۆمەڵایەتی و جەستەیی و جوڵەییەوە بێت،کەوایـە گرنگ ئەوەیە ،لەکۆتایـدا ببێـت بەخـویەک و بەشـێک لەڕەفتـاری کەسـێتی مـرۆڤ(قەرەچەتـانی،٢٠١٣: ١٦).گومـانی تێـدا نـیە، کە بەکارهێنـانی کەرەسـتەو ئامڕازەکانی ڕوونکردنەوە(کۆمپیوتەر،کاسێت و سیدی،نەخشە، تەلەفزیۆن،ئۆڤەرهێد،وێنەو کەلوپەلەکانی تری ڕوونکردنەوە)سوودی زۆریان هەیە بۆ خوێندکار باشتر فێردەبێت لەوەی، ئەگەر بەکاریـان نەهێنێـت.واتە کاتێـک مامۆسـتا تەنهـا قسـەدەکات،ئەوا خوێنـدکار تەنهـا هەستەوەری بیستنی بەکاردەهێنێ،بەڵام ئەگەر مامۆستا قسەی کردو وێنەیەکیشـی پیشـانی خوێندکاردا،ئـەوا ئەو کاتەخوێنـدکار گـوێ و چاویشـی بەکـاردەهێنێ و زیـاتر لە بـابەتەکە تێدەگات،بەڵام ئەگەر خوێندکار بۆنی شتەکەشی کرد، یان دەستی لێدا، یـان تـامی کـرد،ئەوا هەسـتەوەرەکانی تریشـی بەشـداری لەفێربـوون و تێگەشـتنی بـابەتەکەدا دەکەن و باشـتر خوێنـدکار فێردەبێـت.کەواتە باشـترە کەمامۆسـتا سـوود لە هەسـتەوەرەکانی خوێنـدکار وەربگرێـــت و لەڕێگایـــانەوە زانیـــاری و شـــارەزاییەکان بـــە خوێنـــدکار بگەیەنێت(قەرەچەتانی،٢٠١٣: ١٦:٢١).

**٢.٢.٢ چەمکی پاڵنەر:** سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون سـەرچاوەکەی لەتوانـای مامۆسـتاوە دەبێت،ئـەوەش لەڕێـگەی توانـای بەسـتنەوەی بابەتەکـانی بەحەز و ئـارەزووی خوێندکارانەوە، چونکە خوێندکاران بەپێی تایبەتمەندی تاکەکەسی ئارەزوووی جیا جیایـان هەیە،بۆیە پێویستە مامۆستا هاوسەنگییەک لەنێـوان بابەتەکـان و ئـارەزووی خوێندکارانـدا

دروست بكات.زاناكانی بواری دەروونزانی پاڵنەرەکانیان بە بەشێک لەڕەفتاری مرۆڤ هەژمار کردوە. واتا پاڵنەر پەیوەندییەکی هەمەلایەنە لەنێوان تاک و ژینگەی دەوروبەریدا.ئەم پەیوەندییەش لەسەر بنەمای کارلێکردن دەبێت.سەبارەت بە پێناسەی پاڵنەر چەندین بۆچوونی جیاجیا هەیە بۆ پێناسەکردنی لەوانەش وەکو:-

پاڵنەر **Motivation** وەک چەمک لەوشەی **Mover** ی لاتینییەوە هاتووە واتای **to move** دەگەیەنێت،کەلەزمانی ئینگلیزیدا بە واتای پرۆسە جوڵاندن دێت،لەدەروونزانیدا پاڵنەر بەپرۆسەی جوڵاندنی ڕەفتار هەژماردەکرێت(عزیز،٢٠١٨:١٤٣).

پاڵنەر حاڵەتێکی(جەستەیی - دەروونییە)لەناوەوەی مرۆڤدا ، هەڵس و کەوت لە بارودۆخێکی تایبەتیدا دەجوڵێنێ و ئاڕاستەی دەکات بەرەو ئامانجێکی دیاری کراو. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە پاڵنەر بە داینەمۆو جوڵێنەری ڕەوشتی مرۆڤ دادەنرێت و دەیخاتە گەڕ و تووشی گرژی و نارەحەتی دەکات و ناچاری دەکات بەدوای ئەو مەبەست و ئامانجانەدا بگەڕێت، کە ئەو پاڵنەرە تێر دەکات، بۆ ئەوەی لەو گرژی و نارەحەتییە ڕزگاری بێت و بگەڕێتەوە حاڵەتی هاوسەنگی(الراجع،١٩٨٥:٧٣).

پاڵنەر شڵەژانێکی ناوەکییە و ئاڕاستەی ڕەفتار دەکات بۆ بەدی هێنانی ئامانجێک و کەمکردنەوەی شڵەژان.پاڵنەر وەک هێزێک هەژماردەکرێت، کەپاڵ بە تاکەوە دەنێت، بۆ ئەوەی پێویستییەک تێر بکات، جا ئەم پێویستییە هزری،فیسیۆلۆژی،دەروونی، یان کۆمەڵایەتی بێت.واتە پاڵنەرەکان بەردەوام نین، بەڵکو بەپێی پێویستییەکان سەرهەڵدەدەن و بەسێ قۆناغدا تێپەڕدەبن،بوونی پێویستییەک، کە وادەکات شڵەژان دروست بێت و وا لەتاک دەکات وەڵامدانەوەیەکی تایبەتی بۆ ئەم پێویستییە هەبێت. لەدوای تێرکردنی ئەم پێویستییەش تاک دەگەڕێتەوە سەر بارودۆخی ئاسایی خۆی.کەواتە،گەڕانەوە بۆ بارودۆخی ئاسایی کاتی دەبێت و دووبارە تاک دووچاری شڵەژان دەبێتەوە کاتێ پێویستییەکی تر سەرهەڵدەدات. لەهێڵکاری (١) ڕونکراوەتەوە(عزیز،٢٠١٨:١٤٤).




هێڵکاری ژمارە(١):خستنەڕووی قۆناغەکانی سەرهەڵدانی پاڵنەر(عزیز،٢٠١٨:١٤٤)

پاڵنەر گرنگییەکی زۆری لەژیاندا هەیە،لەبەرئەوەی هیچ هەڵس و کەوت و بیرکردنەوەو هەڵچوونێک بەبێ پاڵنەر ڕوو نادات.پاڵنەر بۆ هەموو کەسێک گرنگەو پێویستە شتێک لەبارەیەوە بزانێت،بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی زانستیانەو دروست مامەڵە لەگەڵ کەسانی چواردەوریدا بکات و لەکارو کردارەکانیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت (قەرەچەتانی،٢٠٠٧: ٨١).لەڕاستیدا، پاداشت و هاندان گرنگی خۆیان هەیە لەپرۆسەی فێربوون و فێرکردندا.ئەو فێربوون و ڕەفتارو چالاکیانەی کەپاداشت دەکرێن،ئەوا زووتر فێریان دەبین و بەئاسانی دێنەوە یادمان و درەنگ لەبیر دەچنەوە و بەئاسانی دووبارە دەبنەوە،هەرکاتێک خوێندکار پاڵنەری بۆ فێربوون هەبوو وە حەزوو ئارەزووی لەبابەت و خوێندنەکە هەبوو،ئەوا باشتر فێردەبێت، ئەگەر بەراورد بکرێت بەخوێندکارێکی تر، کە حەزووئارەزوی لەخوێندن نییە واتە پاڵنەرو حەزوو ئارەزوو پرۆسەی فێربوون ئاسان دەکات(قەرەچەتانی،٢٠١٣: ٢٢).

**٣.٢.٢ چەمکی پاڵنەری فێربوون:** پاڵنەری فێربوون بریتییە لەبارێکی ناوەکی لای خوێندکار و پاڵیدەنێت بۆ بەئاگابوون لە هەڵوێستی فێرکاری و قبوڵکردنی چالاکی ئاڕاستەکراو و بەردەوام بوون لەو چالاکیانەدا،تاوەکو فێربوون ڕوودەدات. واتە پاڵنەری فێربوون بۆ ئارەزووی ئەنجامدانی کارێکی باش و گەشتن بە سەرکەوتن لەو کار و حەزو ئارەزووە دەگەڕێتەوە،کە یەکێکە لەپاڵنەرە تایبەتیەکانی تاک و دەتوانرێت ناوی بنرێت هەوڵدان بۆ جیاکاری و سەرکەوتن(القضاه و الترتوري،٢٠٠٦: ١٧٤).

پاڵنەری فێربوون ئامانجێکی پەروەردەییە رۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەرکەوتن و شکستهێنانی خوێندکاراندا و بەشێکی بنەڕەتییە لە ئەزموونی خوێندنی خوێندکار. پاڵنەری فێربوون هەستکردنی خوێندکارە بەمتمانە بەخۆبوون و چارەسەرکردنی کێشەکان.هەروەها پێشوازیکردن لەزانیارییەکان بە ویستێکی ناوەکی و خۆشەویستی زۆر دەربارەی بابەتەکانی خوێندن،ئەمەش ئاماژەیە بۆ بارودۆخێکی گونجاو لەگەڵ هەڵوێستە فێرکارییەکان و بەدیهێنانی گونجاندن لەگەڵ ژینگەی خوێندندا(أمبوسعيدي و الحوسنية،٢٠١٨: ١٥٧٦).پاڵنەری فێربوون بەهەردوو جۆرەکەی ناوەکی یاخود دەرەکی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەبواری پەروەردەدا لەو ڕووەشەوە زۆرێک لە توێژینەوەکان ئەوەیان دووپات کردۆتەوە، کەپاڵنەری ناوەکی زیاتر کاریگەری و هێزی هەیە بۆ بەردەوامی ڕەفتاری فێرکردن لەپاڵنەری دەرەکیدا.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت،کە پاڵنەری ناوەکی لەبنەڕەتدا پەیوەستە بە پێویستییەکان و بەهاکان و ئاڕاستە گرنگەکان،لەبەرئەوە ڕۆڵێکی زیاتری هەیە لەپاڵنەری

دەرەکی،ئەمەش بەو واتایە دێت، کەهەردوو پاڵنەری ناوەکی و دەرەکی ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەپرۆسەی فێربوون و بە نەبوونیان پرۆسەی فێربوون ڕوونادات،بەڵام گرنگە، کە بزانین جیاوازی تاکایەتی هەیە لەنێوان خوێندکاراندا لەڕووی کاریگەری هێزی هاندانەوە، بۆیە هەندێک لە خوێندکاران تووشی شکست دێن بەهۆی لاوازی، یان نەبوونی پاڵنەری ناوەکی، یاخود بێتوانایی مامۆستاوە لەهاندانی خوێندکاراندا(سلیم،٢٠٠٣:٤٩٩).

## ٤.٢.٢ تایبەتمەندیەکانی پاڵنەر

پاڵنەرەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەمەجۆرییان هەیە لەوانەش وەکو:-

١. پاڵنەر ،هێزێکی ناوخۆییە.
٢. پاڵنەر ،بزوێنەری ڕەفتارە .
٣. پاڵنەر، پەیوەندی بە پێویستییەکانی تاکەوە هەیە.
٤. پاڵنەر ،لە لایەن فاکتەرە ناوەکی و دەرەکیەکانی تاکەوە دەوروژێت(عبدالفتاح،٢٠٠٥: ٢٠٢).
٥. پاڵنەر، لە ئەزموونە کەڵەکە بووەکانی تاکەوە پەیدا دەبێت، کە جەخت لە گرنگی پاداشت و سزا دەکاتەوە،بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتی فێرخواز و هەمووارکردن و بنیاتنان، یان هەڵوەشاندنەوەیدا بکات.
٦. پاڵنەرەکان، لە جیاکردنەوە لە پاڵنەرەکانی تر کار ناکەن، لەوانەیە پاڵنەری فێربوون بۆ ڕازیکردنی دایک و باوکان بێت، یاخود بۆ قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی بێت(ناصر،٢٠٠٥:٢٠).

## ٥.٢.٢ گرنگی پاڵنەر

گرنگی پاڵنەر، ڕەچاوی ئەم لایەنانە دەکات،کەبریتیین لە:-

١. بابەتەکەی نزیکە لە دەروونناسییەوە، وەک تێگەیشتن، بیرکردنەوە و یادەوەری.
٢. پاڵنەر پێویستە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەفتارەکەش، چونکە هەر ڕەفتارێک هاندراوە.
٣. پاڵنەر یارمەتی خەڵک دەدات،تا لە سروشتی پەیوەندییەکانیان تێبگەن.
٤. پاڵنەر زۆر سەرنج ڕاکێشە بۆ وزە و چالاکی.
٥. مرۆڤ دەگات بە ئامانجەکانی خۆی بەهۆی پاڵنەرەوە.
٦. گرژی و هاوسەنگی کەم دەکاتەوە لە ڕێگەی ڕێنموویی گونجاوەوە.
٧. پاڵنەر ئامرازێکە بۆ فێربوون و گونجاندن و خۆگونجاندن.

٨. بەدەستهێنانی ئەزموونەکان، پەرەدان بە ڕەفتار و گەشەپێدانی(سوفی، ٢٠١٨، ٣٩).

### ٦.٢.٢ مەرجەکانی پاڵنەری فێربوون

**گرنگترین مەرجەکانی پاڵنەری فێربوون ئەمانەن،کە بریتیین لە:-**

١. گەیشتن بەئامانجی فێربوون.
٢. سەرنجدان بەهەندێک بنەمای گرنگ لەدۆخی پەروەردەییدا.
٣. چالاکیەکان بە ئاراستەی ئەم بنەمایانە ئەنجام بدرێن.
٤. بەردەوامیدان بەم چالاکییانە و پاراستنیان (إبراهيم، ٢٠٠٦: ١٥٤).

### ٧.٢.٢ سەرچاوەکانی پاڵنەری فێربوون:

بەپێی سەرچاوەی وروژاندن،دوو سەرچاوەی سەرەکی هەیە بۆ پاڵنەری فێربوون ئەوانیش پاڵنەری ناوەکی و پاڵنەری دەرەکین:

أ- پاڵنەرە ناوەکییەکان:ئەم جۆرەیان سەرچاوەکەی لەناو خودی خوێندکار دەبێت،واتە خوێندکار لەبەر خۆشی و چێژ وەرگرتن لەخوێندنەوە ڕوو دەکاتە خوێندن، یان بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری نوێ پەنا دەباتە بەرخوێندن(أحمد، ٢٠٠٨: ٤٤).ئەم جۆرە پاڵنەرە بەمەرجێکی گرنگ و سەرەکی هەژمار دەکرێت بۆ پرۆسەی فێرکردنی خودی و فێربوونی بەردەوام.بۆیە بۆچوونەکانی هاوچەرخ بۆ پرۆسەی فێرکردن و فێربوون جەخت لەسەر پەرەپێدانی پاڵنەرە ناوەکییەکان دەکاتەوە، نەوەک دەرەکییەکان(سوفي،٢٠١٨:٤٠).

ب- پاڵنەرە دەرەکییەکان:ئەم جۆرە پاڵنەرە سەرچاوەکەی لەدەرەوەی تاک دەبێت وەک مامۆستا، یان کەسانی دەوروبەری خوێندکار لەشوێنە جیاوازەکاندا،واتە بوونی ئەو کەسانە وا لە خوێندکار دەکات هەوڵبدات بۆ ئەوەی دەستکەوتی خوێندنی باش بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی دەوروبەر لەخۆی ڕازی بکات یان بۆئەوەی پاداشت بکرێت. مامۆستایان هەوڵدەدەن فێرخوازان لەپاڵنەری دەرەکیەوە بگوازنەوە بۆ دروستکردنی پاڵنەری ناوەکی(بلعاوي وأبوسليمان،٢٠١٥:٣٥).

بەپێی بۆچوونی (Huitt,2001) حەوت سەرچاوەی پاڵنەر هەن بۆ فێربوون،کە دەکەونە ژێر چەتری پاڵنەرە دەرەکی و ناوەکییەکانەوە،سەرچاوەکانیش بریتین لە:-

**١.سەرچاوەی دەرەکی ڕەفتاری: لەڕێگەی وروژێنەرو وەڵامدانەوەوە وەردەگیرێت، کەهەندێ ڕەفتار لاواز دەکرێت و هەندێکی تر بەهێز دەکرێت.**

**٢.سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکان: کارلێکردنی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بەدروستکردنی پاڵنەرەکانی تاکەوە هەیە و بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری بەسەر پاڵنەرەکاندا دێت.**

**٣.سەرچاوە مەعریفییەکان: پەیوەندی بە بەئاگایی و درککردن و چارەسەری کێشەکانەوە هەیە.**

**٤.سەرچاوەی بایۆلۆژییەکان: پەیوەندی بەپێویستییە بایۆلۆژییەکانەوە هەیە،کەپاڵنەری تاک دەوروژێنن.ئەم سەرچاوانەش بریتیین لەبرسی بوون و تینوێتی و پێویستییە سێکسییەکان...هتد.**

**٥.سەرچاوە هەڵچوونیەکان: پەیوەندی بەلایەنی دڵخۆشی و خەم و هەست و سۆزەکانەوە هەیە.**

**٦.سەرچاوە ڕۆحیەکان: پەیوەندی بەسروشتی پەیوەندی تاک و خودا و گەردوونەوە هەیە،لەگەڵ تێگەیشتن لەخود و بوون لەژیاندا.**

**٧.سەرچاوەی پێشبینی: پەیوەندی بە هیوا و ئاواتەکانی تاکەوە هەیە، بۆ ئەوەی بەسەر بەربەستەکاندا زاڵ بێت(عزیز،٢٠١٨:١٤٧).**

**بە بۆچوونی(Deci & Ryan)پاڵنەری ناوەکی دوو مەرجی سەرەکی هەیە ئەوانیش بریتیین لە:**

**یەکەم: خوێندکار ئاست و توانایەکی بەرزی هەبێت، تا بتوانێت کارەکان بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدات.**

**دووەم: ورووژێنەرێکی خودییان هەبێت و بەجۆش و خرۆش هەوڵی ئەنجامدانی کارەکانیان بدەن.**

**لەڕاستیدا،بۆ ئەوەی خوێندکاران بگەنە ئاستێکی بەرز لەتوانا خودییەکاندا،پێویستە مامۆستاکان دڵنیابن لەوەی خوێندکارەکانیان شارەزایی و دەست ڕەنگینی تەواویان هەیە.بۆ زیاتر تێگەیشتن لەسەرچاوەکانی پاڵنەری فێربوون سەیری هێڵکاری (٢) بکە.**




هێڵکاری (٢)سەرچاوەکانی پاڵنەری فێربوون(عزیز،١٨٢:٢٠١٨)

## ٨.٢.٢ تیۆرەکانی پاڵنەر

بابەتی پاڵنەرەکان گرنگی تایبەتیان هەیە لەتوێژینەوە و لێکۆڵینەوەکاندا،بەتایبەتی لە کۆتاکانی سەدەی بیست و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا.لەبەر ئەوە چەندین تیۆری تایبەت بەپاڵنەرەکان سەریان هەڵدا و چەندین ڕوانگەی جیاجیا دروست بوو بۆ شیکردنەوەی پاڵنەر بۆ خوێندن. لەگرنگترین ئەم تیۆرانەش وەکو:-




هێڵکاری (٣) تیۆرەکانی پاڵنەر(توێژەر)

**١.تیۆری ڕەفتاری**

سەرچاوەی بیرۆکەکانی لەقوتابخانە ڕەفتارییەکانی وەک پافلۆف و سکینەر وەرگیراوەن.ڕەفتارییەکان ڕایان وایە پاڵنەرەکان حاڵەتێکە، کۆنترۆڵی ڕەفتاری تاک دەکات.ڕەفتارەکانیش بریتین لەوەڵامدانەوەیەکی تایبەت بەوروژێنەرەکان، بە مەبەستی گەیشتن بەئامانجێکی دیاری کراو.پاداشتیش هۆکارێکە بۆ چالاککردنی پاڵنەرەکان بۆ گەیشتن بەئامانج.بۆیە بەلای زاناکانی قوتابخانەی ڕەفتارییەوە کلیلی دروست بوونی پاڵنەر بریتیین لە(پاداشت و هاندان)(عزیز،١٥٣:٢٠١٨).

یاخود پێناسە دەکرێت بە تیۆری پەیوەندی، یان تیۆری وروژێنەر و وەڵامدانەوە،کە پاڵنەر دەناسێنێت بەو بارە ناوەکییە، یاخود ئەو پێویستیەی، کەدەبێتە هۆی جوڵاندنی ڕەفتار و

ئەداکردن و ئاڕاستەکردنی بەبەردەوامی بەرامبەر ئامانج.(ثوراندایک) پشتی بەو بنەمایە بەستووە، کە ئەو فێربوونەی دروست دەبێت بەهۆی وەڵامدانەوەوە، دەبێتە هۆی فێربوونی ئەو وەڵامدانەوەیە و هەڵسەنگاندنی.

٢.تیۆری مەعریفی

بەگشتی زاناکانی قوتابخانەی مەعریفی، پێیان وایە،کە ڕەفتارەکانی مرۆڤ پەیوەستە بەبیرکردنەوە و پرۆسە عەقڵییەکانییەوە، نەوەک بەپاداشت و سزاوە وەک ئەوەی ڕەفتارییەکان بۆی چوون.زاناکانی بواری مەعریفی، پییان وایە ڕەفتار بەپلان و پێشبینی و شیکردنەوە دەست پێدەکات و وەڵامدانەوەی تاکەکان بۆ وروژێنەرەکان پەیوەستە بەشیکردنەوەی بارودۆخەکەوە.واتە هۆکاری هەوڵدانی مرۆڤ و گەڕانی بەدوای زانیارییەکاندا،چێژ وەرگرتنە لەوەرگرتنی زانیاری نویَ(عزیز،١٥٤:٢٠١٨).زاناکانی ئەم تیۆرە ، پاڵنەر ڕووندەکەنەوە بەوەی،کە بەرهەمهێنانێکی ناوەکییە، کەتاک هاندەدات بۆ بەکارهێنانی زۆرترین توانا لەپێناو تێرکردنی پاڵنەرەکانی و خاوەنداریێتی ئیرادەیەکی ئازاد دەکات، کە وای لێدەکات توانای بڕیاردانی واقعی هەبێت.

٣.تیۆری شیکاری دەروونی

زاناکانی ئەم تیۆرە،وای دەبینن، کە پاڵنەر دۆخێکی ناوەکییە بۆ بەکارهێنانی بەرزترین ئاستی وزەی تاک لەپێناو تێرکردنی پاڵنەرەکانی و بەدیهێنانی خودی خۆیدا. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کە پاڵنەر حاڵەتێکی نەستییە بەهۆی پاڵنەرە شاراوەکانی، کەچەپێندراون(سەرکۆنە کراون)،لەکاتێکدا ،کەفرۆید سەرجەم جۆرەکانی ڕەفتار دەگەڕێنێتەوە بۆ پاڵنەرێکی سەرەکی، کە غەریزە جنسیەکانە.

٤.تیۆری فێرکردنی کۆمەڵایەتی

"روتر" چەمکی پاڵنەری وێناکردووە لەسەر بیرو باوەڕەکان،کاتێک تاکێک باوەڕی وایە، کە ویستێکی زۆری هەیە. ئەوا توانایەکی زیاتری هەیە بۆ بەدەستهێنانی لەحاڵەتی بوونی پشتگیرییەکانیدا وەک پێزانین و هاندان و درککردن بەبوونی هاندەرەکان لەلای تاک، گرنگترن لەخودی پاداشتەکان(فروجة ،١٣١:٢٠١١).

بەپێی بۆچوونی زاناکانی قوتابخانەی کۆمەڵایەتی،پاڵنەر ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەپرۆسەی فێربووندا.لەو ڕووەشەوە دوو سەرچاوەی پاڵنەر هەیە،کە وا لەتاک دەکات کارێک ئەنجام بدات ئەویش: -

یەکەم،پێشبینییەکانی تاک دەربارەی دەرئەنجامی ئەو کارانەی، کەئەنجامی دەدات. دووەم:بوونی ئامانجێکی دیاری کراو و بەهای ئەو کارانەی، کە ئەنجام دەدرێن(عزیز،٢٠١٨:١٥٤).

٥.تیۆری مرۆڤایەتی: ئەم تیۆرانە ئاماژە بۆ چۆنیەتی جیاوازی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان بەپێی جیاوازی پێویستیەکانیان دەکەن و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کەدەتوانرێ لەڕێگەی تێرکردنی پێداویستییە فیسۆلۆجی و دەرونییەکانەوە پاڵنەری مرۆڤ زیاد بکرێت.لەگرنگترین ئەو تیۆرانەش ئەمانەن:-

أ.تیۆری پێداویستییەکان: لەزانا بەناوبانگەکانی ئەم تیۆرە (ئەبراهام ماسلۆ)یە،کە بۆچوونێکی تایبەتی هەیە دەربارەی پاڵنەرەکان.(ماسلۆ) پێی وایە پێویستییەکانی مرۆڤ وەک پاڵنەر کار دەکات و هەموو مرۆڤێک هەوڵی تێرکردنی پێویستییەکانی دەدات، بۆیە پاڵنەرەکانی لەدەرئەنجامی هەوڵی تێرکردنی پێویستییەکانەوە دروست دەبێت(عزیز،٢٠١٨:١٥٤).

ئەو پۆلێنکردنەی،کە(ماسلۆ) دایناوە لە تیۆرەکەیدا لەبەربلاوترین پۆلێنەکانە لەناوەندە فێرکارییەکاندا،بەپێی ئەم پۆلێنکردنە پێویستیەکانی مرۆڤ دەگرێتە خۆی بەپێی تێرکردنیان بەشێوەیەکی پلە پلەیی(هەرەمی)،کە بەپێداویستیە مادییەکان دەست پێدەکات، دواتر ئاسایش و پێویستییە کۆمەڵایەتیەکان، دواتر پێداویستی ڕێزگرتنی خود و لەلوتکەی هەرەمەکە پێداویستی بەدیهێنانی خود هەیە،لەو چوارچێوەیەشدا،دەتوانین هەرەمی پێویستیەکانی (ماسلۆ) بەم شێوەیە وێنابکەین:-




هێلکاری (٤)هەرەمی پێداویستییەکان لای ماسلۆ(توێژەر)

١-پێداویستیە فیسیۆلۆجیەکان: بریتیین لەپێداویستییە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی تاک،کەپەیوەستن بەلایەنی فیسیۆلۆجی تاکەوە. بۆنموونە( ئاو و هەوا...هتد)ئەم هۆکارانە یارمەتی هاوسەنگی جەستە و مانەوەی تاکن.

٢-پێداویستی ئاسایش: بریتییە لەدابینکردنی ژینگەیەکی پارێزراو بۆ تاک.

٣-پێداویستی ئینتیما و خۆشەویستی: مەبەست لێی ئەو پێداویستیانەیە، کەتاک لەڕێگەیەوە ئاڵوگۆڕی خۆشەویستی و ئینتیما و سۆزەکانی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەکات.

٤-پێداویستی ڕێز و پێزانین:ئەو پێداویستیانەی تاکە، کەوێنەی ئەرێنی دەربارەی خود و دانپێدانانی ئەوانی دیکە لای تاک دروست دەکات(پێویستی تاکە بۆ پێکهێنانی وێنەیەکی ئەرێنی دەربارەی خودی خۆی و پەسەندکردنی ئەوانی دیکە بۆی).

٥-پێداویستی بەدیهێنانی خود: لەئارەزووی تاکدا دەردەکەوێت،ئەوەش لەبەدیهێنانی ئەو شتانەی کەلەگەڵ تواناکانیدا گونجاون(شعبان،٢٠٠٩:١٠١).

ب.تیۆری مورای:مورای پێویستی دەناسێنێت بەوەی، کەچەمکێکی گریمانەییە، کەگوزارشت لەهێزێک دەکات، کەکاردەکاتە سەر ڕەفتاری تاکەکان،لە دوو توێی هەوڵدان بۆ گۆڕینی هەڵوێست، یان دۆخە ناتەباکان، کەکاردەکاتە سەر تاک دەتوانێت درک بەو هەڵوێستە بکات،کە دڵەڕواکێی کەمدەبێتەوە.مورای گەیشتە لیستێک، کەپێک هاتووە لە ٢٠ پێداویستی کۆمەڵایەتی، کەدەکرێت فێری بین بەهۆی کاریگەری لایەنەکانی پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییەوە وەک لەخێزان و ئەوانی دیکەدا(محمد،٢٠٠٧:١١٤).

## ٩.٢.٢ ڕۆڵی مامۆستا لەدروستکردنی پاڵنەری فێربوون

مامۆستای سەرکەوتو ئەو مامۆستایەیە، کەتوانای وروژاندنی خوێندکارەکانی هەیە. بە جۆرێک وایان لێ بکات خوێندن و فێربوون ببێتە مەبەست و ئامانج، نەک تەنها ئامراز بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامە.لەم چەند خاڵە چەند پێشنیارێک دەخەینە ڕوو بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێ سەرکەوتوانە پاڵنەری خوێندکاران بۆ فێربوون بورووژێنێت:

١.پێویستە مامۆستا پەرە بە پرۆسەی فێربوونی خودی لە لای خوێندکار بدات.ئەویش لە ڕێگەی پێدانی چالاکی دەرەکی، کە تەحەدای هزری خوێندکاران دەکات پاشان بەستنەوەی ئەم چالاکییە، بە زانیارییەکانی خوێندکارانەوە.

٢.زۆر زیرەکانە هاندان بەکاربێنرێت بە تایبەتی پێدانی پاداشتی ماددی و مەعنەوی(ئەو پاداشتانە بەپێی تەمەن دەگۆڕێت).

٣.پێویستە خوێندکاران هان بدرێن بۆ فێربوون و وەرگرتنی زانیاری.

٤.پێویستە وا لە خوێندکار بکرێت هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات،لە کاتی ئەنجامدانی هەر چالاکیەک و ڕۆڵی تایبەتی پێ بدرێت.

٥.پێویستە خوێندکار درک بە گرنگی ئەو بابەتە بکات کە دەیخوێنێت و ئامانج لە فێربوونی بابەتەکە بزانێت،قەناعەتی بە گرنگی بابەتەکە لا دروست بێت(عزیز،٢٠١٨:١٦٥).

٦.پێویستە ژینگەیەکی ئارام بۆ خوێندکار لەناو هۆڵدا دروست بکرێت،کە تیایدا هاندان فاکتەری کارکردن بێت،نەک تۆقین و ترساندن بە مانەوەی و دەرنەچوون.

٧.پێشبڕکێ لە نێوان خوێندکاران دروست بکرێت و بەشێوازێکی پەروەردەیی چاودێری بکرێت.

٨.هاندانی کارکردن بەگروپ،چونکە لە ڕێگەی گروپەوە خوێندکاران هەست بە ڕۆڵی کەسانی تر دەکات،لەگەڵ ئەوەش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان فێری هاوکاریکردن دەبێت.

٩.بەکار هێنانی تەکنەلۆجیا بۆ فێرکردن،بە تایبەتی بۆ وانە زانستییەکان.

١٠.هاندانی ئەنجامدانی کرداری پراکتیکی لە وانەکان،واتە وانەکە بریتی نەبێت تەنها لە قسەی زارەکی(بلقيس و مرغي،١٩٩٦:١٠٤).

١١.پێویستە مامۆستایان جیاوازی تاکایەتی لەنێوان خوێندکاراندا ڕەچاو بکەن و هەلی کارلێک بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان دەستەبەر بکەن،ئەوەش بەتوانایەکی خێرا و هەڵسوکەوتێک،کە لەگەڵ تواناو حەز و شارەزایی پێشوویاندا بگونجێت

١٢.وروژاندنی پاڵنەری خۆشەویستی زانیاری لای خوێندکاران،چونکە خۆشەویستی بۆ زانست دەبێتە بنەمای فێربوون و داهێنان و تەندروستی دەروونی(شيبة،٢٠١٥:٥٠).

١٣.نزیکبوونەوە و ڕێزگرتن لەخوێندکاران،چونکە خوێندکاران زانستیان خۆشدەوێت، ئەگەر مامۆستایان خۆشبوێت(سوفی،٢٠١٨:٤٥).

## ١٠.٢.٢ ئەرکەکانی پاڵنەری فێربوون:

پاڵنەر ڕۆڵێکی گرنگ لەکرداری فێربوون و هەڵوێستی فێربووندا دەگێڕێت،بۆئەوەی لەو ڕۆڵە شارەزابین پێویستە بەوردی ئەرکی پاڵنەری فێربوون بزانین،کەیارمەتی تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی پاڵنەری فێربوون دەدات(توق و آخروون،٢٠٠٣:٢١٩)،ئەوانیش بریتین لە:

١.ئەرکی وروژاندنی ڕەفتار: پاڵنەر نابێتە هۆکار بۆ ڕەفتار،بەڵکو دەبێتە هۆی وروژاندنی ڕەفتار باشترین ئاست بۆ وروژاندن ئاستی ناوەندە،چونکە کەمی وروژاندن دەبێتە هۆی بێزاری خوێندکار و زیادبوونی وروژاندنیش دەبێتە هۆی پەرش بوونەوەی بەئاگابوون،لەبەرئەوە پاڵنەر چ زیندەیی بێت، یان دەروونی بێت کاردەکات بۆ وروژاندنی ڕەفتار،هەر بۆیە ئەگەربێت و ئەم پاڵنەرە هێزێکی باشی هەبێت،ئەوا دەبێتە ئەگەرێکی بەهێز بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕەفتارە دیاریکراوە(ويزة،٢٠١٧:١٧٧)، هەربۆیە دەتوانرێت ڕەفتاری تاک بەچوار دۆخی جیاکەرەوە چاودێری بکرێ،کەبریتیین لە:-

أ.دەستکەوتنی تاک بۆ ئەو شتەی، کەئارەزووی دەکات، پاش ئەنجامدانی ڕەفتارەکە.

ب.دەستکەوتنی تاک بۆ ئەو شتەی، کەئارەزووی ناکات، پاش ئەنجامدانی ڕەفتارەکە.

ج.کۆتایهێنان بەو دۆخە نەخوازراوەی، کەتێی کەوتووە لەدەرئەنجامی ئەنجامدانی ڕەفتارێکەوە.

د.کۆتایهێنان بەو دۆخە خوازراوەی،کە تیایەتی لەدەرئەنجامی ڕەفتاری ئەنجامدراودا.

دۆخی یەکەم و سێهەم کار بۆبەهێزکردنی ڕەفتارەکە دەکەن، کەڕاستەوخۆ ڕودەدات، هەربۆیە پاداشت و هاندانی ئەرێنی وەک پاداشتکردن بەشتێکە، کەتاک پێی ڕازی بێت، یان سزادان بەو شتەی کەتاک کۆتایی بەڕەفتارەکە دێنێ،ئەوانیش دووجۆرن:- (وروژاندن ، یان هاندان) (المعايطة،١٩٩٩:١٥٥).

٢.ئەرکی ئاڕاستەکردنی ڕەفتار: پاڵنەر هۆکارێکی پاڵپشتیکراوە،چونکە ئاڕاستەکردنی ڕەفتار بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، یان تێرکردنی پێداویستییەکی دیاریکراو،لەهەمان کاتدا پاداشت و پاڵپشتیە بۆ ڕەفتارەکە، کە ئەم ئامانجەی پێکاوە،چونکە ناکرێ بەتەنها گرنگی ئەنجامدان لای خوێندکاران بوروژێنین،بەڵکو پێویستە ئاڕاستەی بکەین، تادەگاتە ئامانجەکەی.لەو ڕووەشەوە خوێندن دەبیتە شتێکی بەسوود، کاتێ ئاڕاستە بکرێ بەرەو ئامانجێکی ڕوون، کەگرنگیدانی خوێندکاران بوروژێنێت(شيبة،٢٠١٥:٤٩).

٣.ئەرکی پێشبینیکردنی ڕەفتار: پاڵنەری فێربوون یارمەتی بەدەستهێنانی زانین و شارەزایی و ئامانجەکان دەدات،خوێندکار پابەند دەکات و پاڵنەری فێربوونی زیاد دەکات. بۆ نموونە کاتێک مامۆستا وەسفی ئەو بابەتە دەکات، کەخوێندکار دەتوانێت ئەنجامی بدات،مامۆستا گۆڕانکاری لەپێشبینیبەکاندا دەکات، کەدەبنە هۆی ڕێگریکردن لەبەدیهێنانی ئامانجەکاندا، یاخود پێشبینیەکان دەسڕێتەوە(غباري وأبو شعيرة،٢٠٠٨:٤٧).

٤.ئەرکی چالاککردنی ڕەفتار: دیاریکردنی پاڵنەری فێربوون لەسەر دووبارەکردنەوەی ڕەفتارە سەرکەوتووەکان دەبێت.ئەوەش ئاماژەیە بۆ وزەیەک، کەڕەفتاری تاک دەجوڵێنێت و هانیدەدات بۆ چالاکی و کۆششکردن پاش دۆخی وەستان و چەق بەستوویی،ئەمەش ڕەفتار چالاک دەکات و پاڵیدەنێت بۆ فێربوون(الجغيمان و محمود،٢٠٠٨:٥١).

٥.ئەرکی هەڵبژاردنی ڕەفتار: پاڵنەر ڕۆڵی هەڵبژادن دەبینێت،هانی خوێندکار دەدات بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێکی دیاریکراو و دوورکەوتنەوە لەڕەفتارێکی دیکە.لەهەمانکاتدا هەڵدەستێت بەدیارکردنی ڕێگەیەک بۆ وەڵامدانەوەی هەڵوێستە جیاوازەکانی ژیانی.بۆ نموونە، کاتێک خوێندکارێک پێداچوونەوە بۆ وانەیەک دەکات لەژێر کاریگەری پاڵنەرێکی دیاریکراودا،وەک خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە،ئەوا تەنها بەئاگایە بۆ بەش و زانیارییە

پەیوەندیدارەکان بەبابەتی تاقیکردنەوەکەو گرنگی بە بابەتە لاوەکییەکانی دیکە نادات (الجوهر و كهينة،٢٠١٩:٣٠).

٦.ئەرکی پاڵپشتی: ئەم ئەرکە ئەو وەڵامدانەوانە لەخۆدەگرێت، کەبەهۆی پاداشت و سزاوە ڕێکدەخرێن و ڕۆڵیان لەسەر گۆڕانکاری ڕەفتار هەیە.

٧.ئەرکی کۆڵنەدان: بەمانای بەردەوامی ڕەفتارە،چونکە پەیوەندیدارە بەئامانجەوە.هەوڵدان وادەکات تاک بەسەر سزا و ئاڵۆزیەکاندا زاڵبێت(سوفی،٢٠١٨:٤٠).

٨.ئەرکی پالنەری سزادان: پاڵنەر ئەرکی دوورخستنەوەی تاک لەسزا دەبینێت، یان دوورخستنەوە لەوروژاندنی بەئازار.هەروەها سزادان لایەنی خراپی زۆری هەیە لەپەروەردەدا و دەرئەنجامی سزادان لەخوێندن مسۆگەر نییە،هەروەک لەوانەیە ببێتە هۆی لاوازیی پێشبینکردنی ئەنجامەکان، یان ببێتە هۆی شاردنەوەی ڕەفتار، نەک کۆتایی پێهێنانی،یان دەبێتە هۆی بەردەوامبوون لەسەر ڕەفتاری هەڵە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین لێیان بەدووربین لە پەروەردەدا،بەڵام لەسەر بنەمای بەکارهێنانی دروست و ڕاستەوخۆ دوای ڕەفتارەکە، پێویستە بەردەوام بێت بۆ کۆتایی پێهێنانی ڕەفتاری نەخوازراو (المعايطة،١٩٩:١٥٥).

## ٣.٢ تەوەری سێهەم:زیرەکی هەڵچوونی

### ١.٣.٢ چەمکی زیرەکی

زیرەکی، ئامادەباشییەکی عەقڵیە، کەپێویستی بەتوانای کارکردنە لەسەر بیرکردنەوە و پێشبینیکردنی ئەرک و درک پێکردن و هەستکردن بەکێشەکان و لێکدانەوە و شیکردنەوەیان و تێگەیشتن لەهەستێکی ئاڵۆز و خێرایی لەفێربوون و سوود وەرگرتن لەئەزموونەکان. ئەوەش دووربینی و قووڵی بیکردنەوە و خێرایی تێگەیشتن و پێدانی مانایە بۆ ئەو شتانەی لەدەوروبەرماندان و دۆزینەوەی چارەسەری زانستی بۆ کێشە و گرفتەکان.زیرەکی دەتوانرێت بەتاقیکردنەوەی تایبەتی خۆی بپێورێت(شكشك،٢٠٠٨:٤).سەرەڕای ئەوەی وشەی زیرەکی زۆر بەربڵاوە لەناو خەڵکدا و لەقسەو گفتاری ڕۆژانەدا بەکاریدەهێنن، بەڵام ئەگەربێت و پرسیار لەیەکێک بکەیت، تا پێناسەی زیرەکیت بۆ بکات زۆرماندوو دەبێت لەدیاریکردنی ماناو پێناسەی زیرەکیدا و ناتوانێت پێناسەیەکی وردی بۆ بکات.ئەوەش

شتیکی ئاساییە، کەنەتوانن پێناسەی زیرەکی بکەن، چونکە زانایانیش نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتنێکی هاوبەش لەسەر پێناسەو ناساندنی زیرەکی.

وشەی ئینگلیزی(intelligence)واتە زیرەکی لەوشەی لاتینی(intelligentia)وەرگیراوە، کەزاناو بیرمەندی ناسراوی رۆمانی(شیشرۆن)دایهێناوە و لەزمانە ئەوروپییە تازەکانیشدا بەکارهاتووە.لەزمانەوانیشدا واتە عەقڵ و تێگەیشتن و دانایی. بۆنموونە، کەدەڵێت زیرەکی لەتەمەندا واتە تەواوی تەمەن،زیرەکی لە تێگەیشتندا واتە تێگەیشتنێکی تەواو و خێرایی لەقبوڵکردندا (نجاتی،١٩٨٤:٢٧٤).زیرەکی بەگشتی لەلای خەڵکی واتا بەئاگایی و وردی و سەرنجدان بۆ ئەو شتەی دەیبینێت و دەیکات. وە کەسێک بەزیرەک وەسف دەکەن، کەهەڵس و کەوتی جوانە و بەشێوەیەکی جوان و ڕێک و پێک پلان دادەنێت بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی و توانای پێشبینیکردنی بۆ دوای ئیشەکان هەیە.هەروەها دەڵێن زیرەکی توانایەکی گشتییە و کاریگەرییەکانی لەبوارە جیاجیاکاندا دەردەکەوێت. واتە کەسێک لەبواری بازرگانیدا زیرەک بێت،ئەوا لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتیشدا زیرەکە و لەچارەسەرکردنی کێشەی منداڵانیشدا زیرەکە.هەروەها وای دەبینن، کەزیرەکی توانایەکی سروشتییە و تاک دەتوانێت بەدەستی بێنێت لەڕێگەی ئەزموون و فێربوونەوە. هەروەها جیاوازیش دەکەن لەنێوان زیرەکی زانستی و ڕۆشنبیریدا و دەڵێن سیفەتی ئیرادە، یان میزاجی فڵان کەس سەرەڕای زیرەکیەکەی(راجح،٢٠٠٦:٣١٦).

زیرەکی ناتوانرێت ببینرێت، بەڵام ئەتوانرێت کاریگەری و شوێنەواری ببینرێت و پێوانە بکرێت.ئەمەش مانای ئەوە نییە، کەگرنگ نییە، یان ڕاست نیە،زانایان هەوڵیانداوە تایبەتمەندییەکانی زیرەکی جیابکەنەوە لەڕێگەی پێچەوانەکردنەوەی لەسەر ڕەفتاری کەسە زیرەکەکە و ئەتوانرێت تیبینی ڕەفتاری کەسی زیرەک و هەڵوێستەکانی بکەین،هەروەها زیرەکی چەمک و مەبەستێکی فراوانی هەیە لەبواری دەرونزانیدا ،کەهەتا ئێستا نەتوانراوە پێناسەیەکی گشتگیر بکرێت هەرچەندە زانایانی سەدەی پێشووی زۆر سەرقاڵکرد،دەکرێت ئەمە ئاماژەیەکی گەورەبێت، کەلەسەدەی بیستدا کۆبونەوە و توێژینەوەکان ئەنجامی هەبێت(امام،١٩٦٢:٢٥).خەڵکی، کەسانێک بەزیرەک ئەزانن، کەبەخێرایی تێدەگەن و وەڵام دەدەنەوە و توانای خۆگونجاندنی خێرایان هەیە لەگەڵ حاڵەتە تازەکاندا و توانای فێربوون و بەکارهێنانیان هەیە و پێشینەیان لەچارەسەرکردنی کێشە تازەکاندا هەیە،لەگەڵ ئەوەشدا توانای بڕیاردان و ڕەخنەگرتن و داهێنانیشیان هەیە. بەهەموو ئەو شتانە دەتوانین زیرەکی پێناسە بکەین و بناسینەوە و بڵێین:- زیرەکی توانای تاکە بۆ جیاکردنەوە و پەیوەندی

نێوان شتەکان و دۆزینەوەی چارەسەری تازە بۆ حاڵەتە بێزارکەرەکان. هەروەها توانای گونجاندنە لەگەڵ دەوروبەر و ژینگەدا ئەویش بەهاوبەشی لەنێوان هەموو مرۆڤەکاندا.

مەبەست لەزیرەکی گشتی ئەوەیە، کەتاکەکان بتوانن توانای خۆیان لەخەیاڵ و یادەوەری و درک پێکردن و بەئاگابووندا ببیننەوە.زیرەکی لایەنی بۆماوەیی و ژینگەییی لەخۆ دەگرێت و توێژینەوەکان ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە، کە زیرەکی توانایەکی بۆماوەیی و تایبەتە بەهەندێک لەتاکەکان.زیرەکی پەیوەندی بەژینگەی چواردەورەوە هەیە و ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵگە کاریگەری لەسەر زیرەکی هەیە.توێژینەوەکان لەبواری دەرونزانیدا ئەوەیان سەلماندووە، کەزیرەکی بۆ ماوەییە و گەشە دەکات و بەفێربوون و بەدەستهێنان زیاد دەکات (شکشک،٢٠٠٨:٣٥).

## ٢.٣.٢ چەمکی هەڵچوونەکان

هەڵچوونەکان بەشێکی گرنگی ژیانی هەر یەکێکە لەئێمە و ژیان بەبێ هەڵچوونەکان هیچ تام و چێژێکی نییە،لەبەر ئەوەی تام و چێژی سەرکەوتنەکان لەخۆشی و کامەرانی (هەڵچوونەکان)دایە.هەمووومان دەتوانین سات و ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانی ڕابردوومان بەباش و خراپیەوە یادبکەینەوە و هەڵچوونەکانیان دیاری بکەین. واتە خۆشی و تام و چێژ و پێکەنین و زەردەخەنەکان سەرەڕای گریان و توڕەبوون و شەرم و ترس و دڵەڕاوکێکان بهێنینەوە یادی خۆمان و دووبارە لەگەڵیاندا بژین.هەڵچوونەکان بەشێکن لە ژیانمان و ڕزگاربوون یان ڕاکردن لەدەستیان مەحاڵە و کەس نییە هەموو یادگارییە تاڵ و شیرینەکانی ژیانی لەبیربکات(قەرەچەتانی،٢٠٠٧:١١٢).

## ٣.٣.٢ چەمکی زیرەکی هەڵچوونی

لەم ساڵانەی کۆتاییدا، لەتێڕوانینە باوەکانەوە تێبینی ئەوە دەکرێت، کەئەوانەی بابەتی زیرەکیان گرتۆتە خۆ زیرەکیان بەتەنها کورتکردۆتەوە لەتێڕوانینێکی مەعریفیەوە، بەڵام زانایانی دەروونزانی گرنگی لایەنی هەڵچوونیان بۆ مرۆڤ دۆزیوەتەوە بەهۆی گرنگی و کاریگەری زۆری هەڵچوونەکان،ئەوەش بەتێڕوانین لەکتێبەکانی هەریەکە لە(گاردنر ١٩٨٣ Gardner)و(سالۆفی و مایر ١٩٩٥ Mayer & Salovy)و(گۆڵمان ٢٠٠٠ Golman)تێبینی ئەوە دەکەین، کەهەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی، کەتاقیکردنەوە باوەکانی زیرەکی وێنەیەکی تەواوی ڕەفتاری تاک بەدەستەوە نادەن(قەرەچەتانی،٢٠١٧:١٤٩).هەروەها ئەم تاقیکردنەوانە ناتوانن پێشبینی سەرکەوتنی تاک لەداهاتوو و ژیاندا بەشێوەیەکی گشتی بکەن .ژمارەیەکی

زۆر لەبۆچوون و لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتن، کەبانگەشەی گرنگی پەیوەندی نێوان لایەنی مەعریفی و لایەنی هەڵچوونیان دەکرد. ئەمەش وەک بوونی کەسێک، کەڕێژەی زیرەکی مام ناوەندبێت، بەڵام سەرکەوتووە لەژیاندا. وە بوونی کۆمەڵێک کەسی دیکە، کەئاستی زیرەکی عەقڵیان یەکسان نییە،هەموو ئەمانە بوونە پاڵنەر بۆ زانایانی دەرونزانی بۆ گەڕان و توێژینەوە و توێژینەوەی ڕەگەزێک، یاخود توێژێک، کەتوێژینەوە و تاقیکردنەوەی لەسەر نەکرابێت لەپێشتردا، یاخود تیۆرە تەقلیدییەکان پشتگوێیان خستووە. لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت هەموو جیاوازی و کەم و کورتیەکان ڕوونبکرێنەوە، کەزیرەکی هەڵچوونییە.لەسەدەی هەژدەهەمدا مایر و سالوفی عەقڵیان دابەشکردووە بۆ سێ بەش، کەبریتین لە(عزیز،٢٠١٨:٢١٣):-

١.مەعریفە Cognition: لە ژمارەیەک ئەرک پێکدێت. بۆ نموونە یادگە و بیرکردنەوە و دەرکردنی بڕیار و پرۆسە عەقڵییە جیاوازەکان و هەموو ئەوانەی، کەبەهۆیەوە دەردەکەوێت.زیرەکیش شێوازێکە لە شێوازەکانی گونجاندنی باش.

٢.هەڵچوونەکان Emotion: پێک دێت لەلایەنی میزاج و هەڵسەنگاندن و هەستە جیاوازەکان، وەک خۆشی و ئاسوودەیی و توڕەبوون و بێ ئومێدی و ترس و دڵەڕاوکێ. زیرەکی هەڵچوونی پەیوەستە بە بەشی یەکەم و بەشی دووەمەوە و گۆڕاوێکە لەنێوان مەعریفە و هەڵچوونەکان و یەکتری تەواو دەکەن،بەڵام هەرشتێک پەیوەندی بەلایەنی مەعریفی، یاخود لایەنی هەڵچوونییەوە هەبێت بەمانای ئەوە نایەت، کەزیرەکی هەڵچوونییە وەک شێوازەکانی مەعریفە.

٣.پاڵنەر Motivation: پێک دێت لەپاڵنەرە بایەلۆجییەکان، یان پەیوەستبوون، یاخود ئامانجەکان، کەتاک بەدوای بەدیهێنانیاندا دەگەڕێت.

مایر زیرەکی دابەشکردووە بۆ سێ جۆر ،کەبریتین لە:-

أ) زیرەکی مەعریفی
ب) زیرەکی هەڵچوونی
ت) زیرەکی پاڵنەری

وەك دەبینین،ئەم جۆرانەی زیرەکی پەیوەستن بەیەکترەوە بەشێوەیەکی پلە بە پلەیی،وە دەتوانین بەم شێوەیە گوزارشتی لێبکەین(عزیز،٢٠٠٩:٣):




هێڵکاری(٥):پەیوەندی نێوان سێ جۆری زیرەکییەکە(عزیز،٢٠٠٩:٣)

چەمکی زیرەکی هەڵچوونی بەیەکێک لەو چەمکانە دادەنرێت، کەبەشێوەیەکی بەرچاو لەسەردەمی مۆدێرندا بڵاوبۆتەوە.وە لەو هۆکارانەی بۆتە هۆی باوی ئەم چەمکە ئەوەیە، کەبەباشترین سەرچاوەی سەرکەوتن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دادەنرێت.

(ویری،٢٠٠٣)وای دەبینێت، کەچەمکی زیرەکی هەڵچوونی لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا سەری هەڵداوە.ئەوەش لەکاتێکدا ،کە زاناکان و توێژەران تێبینی ئەوەیان کرد، کە سەرکەوتن و بەختەوەری لەم ژیانەدا هاوتایە لەگەڵ ئەو لێهاتووییانەی، کەپەیوەندییان بەزیرەکی عەقڵییەوە نییە، کە لەدەروونزانیدا گوزارشتی لێدەکرێت ئەوەش بەبوونی نمرەی بەرز لەقوتابخانە و زانکۆ دەستکەوتی ئەکادیمی بەرز لەم ڕوانگەیەوە.(گۆڵمان) پێی وایە، کەزیرەکی هەڵچوونی بەشداری دەکات بەڕێژەی لە ٨٠% لەسەرکەوتن لەژیاندا، لەکاتێکدا ،کە زیرەکی مەعریفی بەشداری ناکات بەڕێژەی زیاتر لە ٢٠%. (سلوفی) و (مایر) یەکەم کەس بوون، کە چەمکی زیرەکی هەڵچوونیان لە ساڵی ١٩٩٠ دا بەکارهێناوە و گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کەزیرەکی هەڵچوونی لە دوو پرۆسەی عەقڵی پێک دێت، کەبریتین لە:-

١. درککردنی هەڵچوونەکان و گوزارشت کردن لێیان.
٢. ڕێکخستنی هەڵچوونەکان(عزیز،٢٠٠٩:١٣).

## ٤.٣.٢ پەیوەندی نێوان زیرەکی هەڵچوونی و دروستی دەروونی

دەتوانین بڵێین، کەئەو تاکانەی خاوەن دروستی دەروونی باشن، ئەوا توانای کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکانیان هەیە. ڕووداوەکانی ژیان،فشارەکان و هەڕەشەکانی بەشێوەیەکی ئەرێنی

بەڕێوەدەبات و  وەک هۆکاری گەشەکردنی سەرکێشی سەیری دەکەن زیاتر لەوەی، کە هۆکاری پشێوی و تیکچوونی بن. دروستی دەروونی یارمەرتی تاک دەدات بۆ پاراستنی ژیانی دەرونی و وای لێدەکات بەدووربێت لەدوودڵی و ململانێی بەردەوامەکان و وای لێدەکەن کەزیاتر زیندوو بێت و بەردەوامتربێت لەژیاندا و یارمەتیدەری دەبن لەتاقیکردنەوە و دەرکردنی بڕیار.دووری دەخەنەوە لەدژایەتیکردن لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی تردا و یارمەتی دەدەن لەتیگەیشتن لەدەروونی ئەوانی تردا،دروستی دەروونی وا لەتاک دەکات، کەدادوەری بەسەر سۆزو هەڵچوونەکانیدا بکات، کەوای لێدەکات لەهەڵسوکەوتی هەڵە دووربکەوێتەوە و بەشێوەیەکی گونجاو و دروست ڕەفتار بکات(العکاشی،٢٠٠٩:١٩).

## ٥.٣.٢ شێوەی هەڵچوونەکان

زۆربەی زانایانی دەروونزانی ئارەزووی ئەوە دەکەن، کە زاراوەی هەڵچوونی بەکاربهێنن بۆ ئەو هەڵچوونانەی کەبەهێزی و پشێوییان لەگەڵدایە لەڕەفتاردا وەک ترس و توڕەیی بەهێز و توند.هەستکردن بەحاڵەتە سووکەکان لەهەستە ویژدانیەکاندا وەک خۆشی و نائارامی و دڵەڕاوکێ و حەسانەوە زاراوەی ویژدانیان پێدەوترێ.ویژدان هەستکردنە بەهەڵچوونێکی کەم،بەڵام دەتوانین هەڵچوونەکان پێناسە بکەین بەتێکچوونێکی توند لەسەرانسەری تاکدا و کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەفتار و ئەزموونە هەستییەکان و ئەرکە فسیۆلۆجییە ناوەکییەکان وە لەبنەڕەتدا سەرهەڵدەدات و گەشەدەکات لەسەرچاوەیەکی دەروونییەوە.دەوترێت، کەهەڵچوونەکان تێکچوونێکی بەهێزە، لەبەرئەوەی جیادەکرێنەوە بەحاڵەتێکی توندی دڵەڕاوکێ و بێزاری،لەبەرئەوەی لەکاتی هەڵچوونەکەدا سەرجەم جۆرەکانی چالاکی، کەتاک پێیان هەڵدەستێت و ئاستەنگی بۆ دروست دەبێت و دەوەستێت،سەرجەم چالاکیەکانی لەچوارچێوەی بابەتی هەڵچوونەکەدا دەبن(نجاتی،١٩٨٤:٩٧).بەکورتی، لە دوو خاڵدا شێوەی هەڵچوونەکان دەخەینە ڕوو:-

١.توندوتیژی و کاتی،بەخێرایی، وەک وتن، و دیار نەمان، وەک هەڵچوونەکانی توڕەبوون و خۆشی و ترس.

٢.نەرم و درێژخایەن، کەدەست بەسەر خوددا دەگرێت و دەبێتە شەپۆلێک بۆ ڕەفتارەکان. وەک هەست و سۆزەکان، کەهاوڕێیەتی و خەم و خۆشەویستی و میهرەبانی و شەرم دەگرێتەوە(شکشك،٢٠٠٨:٧١).

## ٦.٣.٢ مەرجەکانی ڕوودانی هەڵچوون

**بۆ ئەوەی،تاك توشی حاڵەتی هەڵچوون ببێت،دەبێت هۆکارێکی هەبێت،وەك:-**

١.وروژێنەر، یاخود ئاگادارکردنەوەیەک، کە بەدوو جۆر دەبێت،دەرەکی لەدەرەوە، یاخود ناوەکی لەخودەوە.

٢.بوونەوەری زیندوو،مرۆڤ فاکتەری سەرەکییە لەهەڵچوونەکاندا.هەڵچوونەکان لەسەر حالەتی بوونەوەری زیندوو و ئەزموونەکانی دەوەستێت.

٣.وەڵامدانەوە،هەروەڵامدانەوەیەکی هەڵچوونی دوو ئاڕاستەی هەیە،ئاڕاستەی هەستکردنی ڕادەی هەستکردنی کەسی هەڵچوو و ماوەی درک پێکردن و هۆشیاری بۆ وروژێنەری هەڵچوونەکان و ڕووکاری دەرەکی و ناوەکییەکانی جەستەیە.

## ٧.٣.٢ ڕەهەندەکانی زیرەکی هەڵچوونی

زیرەکی هەڵچوونی ژمارەیەک ڕەهەند لەخۆ دەگرێت، ئەمەش وەکو کارامەییە دوای زیرەکی لایەنی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەگەیشتن بەسەرکەوتن لەبواری کارکردندا و کارلێکە هەمە جۆرەکانی ژیاندا،ڕەهەندەکانیش بریتین لەمانە:-

١.بەڕێوەبردنی هەڵچوونەکان: ئاماژە بەکارامەیی لەکۆنترۆڵکردنی هەستە نەرێنییەکان و گۆڕینیان بۆ هەستی ئەرێنی بۆئەوەی یارمەتی تاک بدات بۆ ڕازیبوون لەژیان و خۆگونجاندن لەگەڵیا بەشێوەیەکی چالاک.

٢.هاوسۆزی: ئەم ڕەهەندە تێگەیشت لەهەست و سۆزی کەسانی تر و ئاڕاستەکردن و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیان بۆ دروست بوونی هەستێکی ئەرێنی، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی ئاشکرا دەرینەخەن و کارامەیی خۆ گونجاندن لەگەڵ هەست و سۆزی کەسانی تر لەخۆ دەگرێت.

٣.ڕێکخستنی هەستەکان: کارامەیی ئەم جۆرەیان ئەوەیە، کەتوانای ڕێکخستنی هەست و سۆزەکان و ئاڕاستەکردنیان بەمەبەستی ئاسان بڕیاردانی دروست و بەدیهێنانی ئامانجە ئارەزوومەندەکان.هەروەها ڕێکخستنی هەستەکان و ئاڕاستەکردنیان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکان و سەرکەوتندا(الهنداوی و الزغول،٢٠٠٥:٢٣٠).

٤.هۆشیاری خودی: هۆشیاری لەهەست و سۆزەکاندا بە بەردی بناغەی زیرەکی هەڵچوونی دادەنرێت، بەڵام ئەمە هەموو پرۆسەکەش نییە.بۆیە پێویست دەکات سەرەتا تێبگەین لەواتای هۆشیاری خودی،کە ئەمەش ئاگاداری خودە، یان تاک لەهەستەکانی و حاڵەتی مەزاجەکەی وەکو ئەوەی ڕوودەدات.هەروەها هۆشیاری لەبۆچوونەکانیدا.وەك ئاشکرایە، هۆشیاری هەست وسۆز پشت دەبەستێت بەکارامەیی لەسۆز و چاککردنی خود،لەبەر ئەوەیە لەچارەسەری دەروونیدا سەرنج دەخەنە سەر هۆشیاری خودی و کار لەسەر گەشەسەندنی ڕاستەقینە و بنەڕەتی دەکات،کەوادەکات مەزاجی نەرێنی چالاک بکرێتەوە.

٥.پاڵنەری کەسی: بەمانای پاڵنەری هەست و سۆزەکان بۆ یارمەتیدانی ئامانج و کۆنترۆڵکردنی هەستەکان پێش ئەوەی بگۆڕێت بۆ کردار. بەواتای دواخستنی ڕازیبوون و پەلەنەکردن لێی،بۆیە هەرچەندە مرۆڤ بتوانێت خۆڕاگربێت ئەبێت بەکەسێکی دانا و توانای ئارامگرتن و تێگەیشتنی تایبەتمەندییەکی ئەرێنییە و ئەتوانێت لەمەوە سەرکەوتووبێت لەبەدەستهێنانی ئامانجەکاندا لەکارکردن و پەیوەندییەکانیدا.

٦.هاوبەشیکردنی سۆزداری: واتە هەستیاری بەرامبەر هەستی کەسانی تر و گرنگیدان پێیان و تێگەیشتن لێیان و پێزانین بۆیان. هەروەها هەستکردن بەجیاوازی مرۆڤەکان لەدەربڕینی هەستەکانیان بەرامبەر شتەکان ئاسانکاری دەکات لەهاوسەنگی نێوان هەستە ئەرێنییەکان و هەستە نەرێنییەکاندا، ئەمەش توڕەیی لای تاک کەمتر دەکاتەوە و دووری ئەخاتەوە لەکاریگەرییە لاوەکیەکانی. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک لەکەسێک توڕەبوو توڕەییەکەی خۆی دەکات بەبیانوو بۆ بۆچوونی هەڵە بەرامبەر بەهەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەو کەسە،کە لەوانەیە دڵنیابێت لەوەی هەژار خۆی دەردەخات. لەکاتێکدا ئەو کەسە دەوڵەمەندە،بەڵام ئەگەر بیرمان بێت خودای گەورە دەفەرموێت(وَأَمَّا السَّائِلَ فَلَا تَنْهَرْ) (هەڵمەشاخێ بەڕووی هەژار و سواڵکەردا)ئەوە دیسان بیر دەکاتەوە و توڕەیی کەم ئەبێتەوە لەو کەسە،ڕەنگە هاوسۆز بێت لەگەڵیا و خۆی بخاتە شوێنی ئەو کەسە (الدیدی،٢٠٠٦:٢).

## ٨.٣.٢ تیۆرەکانی زیرەکی هەڵچوونی

زۆر تیۆر دەرکەوتن، کەباس لەبابەتی زیرەکی هەڵچوونی دەکەن.هەندێک لەو تیۆرانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسیان لەبابەتی زیرەکی هەڵچوونی دەکەن، لەوانە:-

## ١.تیۆری گۆڵمان:

بەڕای (گۆڵمان) زیرەکی هەڵچوونی، بریتییە لە بەئاگابوونی خودی و گرنگترین لایەنەکانیەتی،چونکە ڕێگەمان پێدەدات، کەڕاهێنان بکەین لەسەر چۆنیەتی دان بەخۆداگرتن"کۆنترۆڵکردنی خود".بیرۆکەکە بۆ سەرکوتکردنی هەستەکان نییە،بەڵکو بۆئەوەیە ئاگاداربین بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر هەڵسوکەوت بکەین،چونکە لایەنێکی گرنگ لەدان بەخۆدا گرتن بریتییە لەتوانای دواخستنی تێربوون.ئەمەش بەکۆنترۆڵکردنی ئەو پاڵنەرانەی، کەدەبنە هۆی هەڵچوون و سۆزداری بە چاوەڕوانیکردن تاکاتێکی تر،بۆ پاداشتی زیاتر لەبری گەڕان بەدوای بەدەستهێنانی شتێک، کەنرخی کەمتربێت(یان بایەخی کەمتربێت)(جرجیس،٢٠٠٩:٣٤١).

(گۆڵمان) پشتی بەچەند توێژینەوە و لێکدانەوەیەکی پزیشکی بەستووە بۆ دانانی تیۆری زیرەکی هەڵچوونی، کەلەسەر مێشکی مرۆڤ ئەنجامدرابوون بۆ ئەوەی پێکهاتەی مێشکی کەسێکی هەڵچوو بخاتە ڕوو لەگەڵ کاریگەرییەکانی هەڵچوون لەسەر مێشکی ئەو کەسەی، کەبیردەکاتەوە چۆن پێکهاتەکانی ناوەوەی مێشک کاریگەری دەکەن لەکاتی هەڵچووندا. بەڕای(گۆڵمان)چەمکی زیرەکی هەڵچوونی زیاتر بەندە لەسەر بەئاگابوونی خودی بۆ هەڵچوونەکان،کەپێویستە بەرگری مێشک بەچالاکی بمێنێتەوە بەشێوەیەک بتوانێت سنوردابنێت و هەڵچوونە ئاماژە پێکراوەکان ناوبنێت، یان دیاری بکات،چونکە چینە سەرەکیەکانی عەقڵی(هزری)هەڵچوو لەدڕکە پەتک کۆبونەتەوە، کەڕێگای هەستەکان و تێگەیشتنیان،پۆلێنکردنی بیرکردنەوەی هەستی(شعور)ە.ئەمەش ڕێگامان پێدەدات، کەبەبیرکردنەوە هەڵچین وەک هونەر و خەیاڵکردن.هەرچی "نتوء اللوزي "(**amygdale**)ئەوە شوێنێکە تایبەتە بەکۆکردنەوەو پاراستنی هەستی جۆراو جۆر.هەروەها"قرن أمون"( the hippocampus)شوێنی تایبەتە بۆ پاراستنی زانیاری و ژمارەکان کەئەو شتانەمان بیردەخاتەوە،کەبێدەنگن وە(نتوء اللوزی) نیشانەکانی هەڵچوون کۆدەکاتەوە(عزیز،٢٠٠٩:٢٩).

**خشتەی(١)**

**پێکهاتەی توانستە هەڵچوونییەکان بەبۆچوونی دانیاڵ گۆڵمان**

| چالاکییەکان | توانستەکان | تایبەتمەندییەکان |
|---|---|---|
| ناسینەوە و درکپێکردنی هەڵچوونەکان Recognition Emotion | توانستی خودی تاك Self-personal competence | هۆشی خود:<br>• درککردنی هەڵچوونەکانی خود.<br>• هەلسەنگاندنی ورد بۆ هەڵچونەکانی خود.<br>• بڕوا بەخۆ بوون. |
| | توانستە کۆمەڵایەتییەکان Social competence | هۆش بەکەسانی تر:<br>• هاوسۆزی.<br>• هاوکاریکردنی کەسانی تر.<br>• هۆش بەسروشتی کار. |
| ڕێکخستنی هەڵچوونەکان Emotion Regulation | توانستی خودی کەسەکە Self-personal competence | بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی خود:<br>• درککردنی بەهاکان.<br>• درککردنی خود(self-awareness).<br>• دەست پێشخەری وتوانای خۆگونجاندن.<br>• پاڵنەر بۆ بەدەست هێنانی ئەنجام. |
| | توانستە کۆمەڵایەتییەکان Social competence | بەڕێوەبردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ کەسانی تر:<br>• کاریگەری و پەیوەندی لەسەر کەسانی تر.<br>• بەڕێوەبردنی ململانێ.<br>• سەرکردایەتی و هاندانی کەسانی تر.<br>• دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ کەسانی تر.<br>• هاوکاری وکارکردن لەگەڵ کۆمەڵ. |

## ٢.تیۆری بار- ئۆن:

**(بار-ئۆن)لەچوارچێوەی تیۆری کەسایەتیدا بەرەو چارەسەرکردنی بابەتی زیرەکی هەڵچوونی ڕۆشت.ئەمەش بەمەبەستی خستنەڕووی نموونەیەک لەخۆشیەکانی مرۆڤایەتی بۆئەوەی لەچوار چێوەی ئەوەوە یەکەم هەنگاوی پێوانەی زیرەکی هەڵچوونی بنیاد بنێت و بەکاریبهێنێت لەنامەی دکتۆراکەیدا کە بەکاریگەریەکانی هەڵچوون(معامل الانفعالی) دیاریکردبوو.لەڕێگەی ئەو نموونەیەوە(بار- ئۆن )پێناسەی زیرەکی هەڵچوونی دەکات**

بەوەی، بریتییە لەکۆمەڵێک توانای هەڵچوون و کۆمەڵایەتی، کەکاریگەری دەکاتە سەر توانای گشتی کەسی بەپێی ژینگەکە وە ئەمانە دەگرێتەوە:-

١.توانای بەئاگابوون و تێگەیشتن و دەربڕینی خود.

٢.توانای بەئاگایی و چوونە ناو پەیوەندییە کاریگەرەکان لەگەڵ کەسانی تر.

٣.توانای هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ هەڵچوونە توندەکان و کۆنترۆڵکردنی هۆکار و پاڵنەرە خودییەکان.

٤.توانای هاوسەنگی بوون بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی،کەسروشتێکی تایبەتی و کۆمەڵایەتییان هەیە(عزیز،٣٢:٢٠٠٩).




هێڵکاری(٦):پێکهاتەکانی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی بۆچوونی(بار ئۆن)دەخاتە ڕوو(عزیز،٦٧:٢٠٢٠).

٣.تیۆری مایەر و سەلۆڤی

هەڵچوونەکان وەک چەمک لەکۆنەوە مایەی گرنگی توێژەرانی بواری دەروونزانی بووە،بەڵام توێژینەوەکانی تایبەت بەشێوازی بەڕێوەبردنی هەڵچوونەکان لەساڵی ١٩٨٥ دا گرنگی زۆری پێدرا.توێژینەوەکانی تایبەت بەبەڕێوەبردنی هەڵچونەکان بەناونیشانی(زیرەکی

هەڵچوونی)،کەلەلایەن دوو توێژەر(Salovey&Mayer)بەکارهات.لەهەمان کات زانا دانیاڵ گۆڵمان ئەم چەمکەی بەکارهێنا لەکتێبەکەی بەناوی زیرەکی هەڵچوونی( Emotional Intelligence) سەرچاوەی بیرۆکەکەی سالۆڤی بۆ زیرەکی هەڵچوونی لەزانا(Gardner)بوو، چونکە ئەم زانایە باوەڕی وابوو،پشت بەستن بەزیرەکی هزری لەتاقیکردنەوەکاندا کارێکی هەڵەیە، چونکە مرۆڤ چەندین زیرەکی جیاجیای هەیە لەوانە زیرەکی (زمانەوانی،لۆژیکی، جەستەیی، کۆمەڵایەتی ....هتد) و گرنگە لەتاقیکردنەوەکاندا ئەم جۆرە زیرەکیانە پشت گوێ نەخرێن.بۆیە هەردوو زانا(جۆن مایر و پیتەر سالۆڤی)بڕیاریاندا کار بۆ دەستنیشانکردنی زیرەکی هەڵچوونی بکەن،چونکە باوەڕیان وابوو ئەم جۆرە زیرەکییە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەسەرکەوتنی تاک لە کارەکانی هاوشان لەگەڵ زیرەکی هزریدا.ئەم دوو زانایە پێناسەیەکی تایبەتیان بۆ زیرەکی هەڵچوونی دانا،بەبۆچوونی ئەم دوو زانایە زیرەکی هەڵچوونی بریتییە لە(کۆمەڵێک لێزانین و توانستی عەقڵی،کە پەیوەستە بەشیکردنەوەی زانیارییە هەڵچوونیەکان، تایبەت بەدرککردنی هەڵچوونەکان و بەکارهێنانی بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی هەڵچوونی خود و کەسانی تر لەگەڵ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی هەڵچوونەکان)(معمرية،٢٠٠٩:١٩).

زیرەکی هەڵچوونی گرنگی خۆی هەیە لەژیانی مرۆڤدا،بەتایبەتی لەبواری کار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا،کەپسپۆڕان لەبواری پیشەسازی و پەروەردەدا گرنگی تایبەتییان داوەتە ئەم جۆرە زیرەکییە،تا گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی زیرەکی هەڵچوونی وەک پێوەرێک دابنێن بۆ فەرمانبەری سەرکەوتوو.لەگەڵ ئەوەشدا پسپۆڕانیش پێیان وایە شارەزایی لەکارەکاندا تەنها پێوەر نییە بۆ ئەوەی بزانین ئەو کەسە دەتوانێت سەرکەوتووانە کارەکانی خۆی ئەنجام بدات یان نا؟،بەڵکو چەندین هۆکاری تر هەیە پێویستە لەکەسەکە بەدی بکرێت بۆ ئەوەی بڕیار بدرێت،کە ئەو کەسە سەرکەوتوو دەبێت یان نا،لەوانەیە چۆنیەتی مامەڵە کردنی لەگەڵ کێشەکان و هاوڕێیەکانی لەشوێنی کاردا،توانای بەرگری لەکارکردن، ئاڕاستەکانی بەرامبەر کارەکەی،ڕێژەی پاڵنەرەکانی..هتد، کەبەشێکی زۆر لەم هۆکارانە دەکەوێتە چوارچێوەی زیرەکی هەڵچوونی،هەر بۆ ئەم مەبەستەش لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا گرنگی تایبەت دراوەتە ئەم جۆرە زیرەکییە لەسەر ئاستی قوتابخانە و کۆمپانیاکاندا،چونکە توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە،کە زیرەکی هەڵچوونی ئامڕازێکی سەرکەوتووە بۆ پێشبینی ڕادەی سەرکەوتنی تاک لەکارەکانیدا لەدوا ڕۆژدا.بەپێی ئەم تیۆرە، سروشتی زیرەکی هەڵچوونی سەرچاوەکەی لەتوانای تاکە لەدرککردنی هەڵچوونەکانی و هەڵسەنگاندنی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست.چونکە کاتێک تاک

لەسروشتی هەڵچوونەکانی گەیشت توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ هەڵچوونەکانی دەبێت.هەردوو زانا مایر و سالۆڤی چوار هۆکاری سەرەکییان بۆ زیرەکی هەڵچوونی دانا ئەونیش بریتیین لە(عزیز،٢٠١٨:٢٠١٣):-

١.درککردنی هەڵچوونەکان:

توانای تاک دەگەیەنێت لەتێگەیشتنی هەڵچوونەکانی کەسی بەرامبەر.واتە توانای تێگەیشتنی نامە جەستەییەکانی کەسانی بەرامبەر دەگەیێنێت.ئەم تێگەیشتنەش یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی ڕەفتاری گونجاو بکەین لەکاتی پێویستدا،وەک بێزار بوونی کەسی بەرامبەر لەقسەکانمان، یان بەگرنگ زانینی وتەکانمان وامان لێدەکات بڕیار بدەین، ئاخۆ بەردەوام بین لەقسەکردن یان کۆتایی بەقسەکانمان بێنین؟

٢.ڕێکخستنی هەڵچوونەکان:

ئەگەر بێت لەڕووی فیسۆلۆژی سەیری هەڵچوونەکان بکەین،دەبینین وەک پێکهاتەیەکی ئاڵۆز دێتە بەرچاو،چونکە چەندین لایەن لەپرۆسەی هەڵچووندا بەشدار دەبن وەک شێوازی دەربڕین،زمانی ئاخاوتن،درککردنی هەڵچوونەکان،وەڵامدانەوە جەستەییەکان..هتد.کەواتە هەموو لایەنەکان بەیەکەوە بارودۆخە هەڵچوونییەکە دەردەخەن(عزیز،٢٠٢٠:٦٨)..

٣.تێگەیشتنی هەڵچوونەکان:

هەڵچوونەکان بریتین لەچەند هێمایەکی پەیوەندیدار،واتە چەند لایەنی هەڵچوونی هەن هەمان وەڵامدانەوەیان دەبێت وەک گریان لە کاتی خۆشی و ناخۆشی ڕوو دەدات.

بۆ تێگەیشتنی هەڵچوونەکان پێویست دەکات سەرنج بدرێتە لایەنەکانی تری ڕەفتاری مرۆڤ بۆ ئەوەی خوێندنەوەی تەواو بۆ هەڵچوونەکە بکرێت.

٤.بەڕێوەبردنی هەڵچوونەکان:

لەساڵی(١٩٩٧)هەردوو زانا مایر و سالۆڤی پرسیارێکیان خستە ڕوو ئەویش(بۆچی پێویستە مرۆڤ هەست و درک بەهەڵچوونەکانی بکات؟)ئەم دووزانایە باوەڕیان وا بوو درککردنی هەڵچوونەکان یارمەتی مرۆڤ دەدەن بۆ ئەوەی توانای خۆ گونجاندنی هەبێت لەکاتی گۆڕینی بارودۆخە هەڵچوونیەکاندا.واتە مرۆڤ دەتوانێ درک بەپێویستییەکانی بارودۆخە

جیاجیاکان بکات و توانای دۆزینەوەی ڕێگای سەرکەوتووی دەبێت بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ بارودۆخە جیاجیاکاندا بکات(الرفاعی،٢٠٠٢:٤٣).




هێڵکاری (٧)ڕوونکردنەوەی تیۆری مایەر و سەلۆڤی(عزیز،٢٠٢٠:٧٢)

## ٤.تیۆری (ثۆراندایک):

سۆراندایک ڕەخنەی لە تیۆرەکەی سپێرمان گرت.چونکە سپێرمان لەو باوەڕەدا بوو:- ((کە زیرەکی لە دوو فاکتەری سەرەکی پێک هاتووە ئەوانیش فاکتەری گشتی و فاکتەری تایبەتە)) بەڵام سۆراندایک فاکتەری گشتی ڕەتکردەوە و بڕوای بەوە نەبوو،کە هەموو پرۆسە و توانستە عەقڵیەکان فاکتەرێکی گشتی کۆیان بکاتەوە.تیۆری سۆراندایک بەتیۆری فاکتەرە جۆراو جۆرەکان ناسراوە(Multiple Factor Theory)زیرەکی بەپێی تیۆری سۆراندایک لەژمارەیەکی زۆر فاکتەری جۆراو جۆر پێک دێت و هیچ پەیوەندییەکی بەهێزو ڕاستەوخۆش لەنێوان ئەو فاکتەرانەدا نیە (جرجیس،٢٠٠٩: ٣٤٢).

سۆراندایک باوەڕی وابوو پێویستە باسی جۆرەکانی زیرەکی گشتی بکرێت لەجیاتی فاکتەرەکانی،بۆ ئەم مەبەستەش سێ جۆر زیرەکی پێشنیاز کردووە کە ئەمانەن(قەرەچەتانی،٢٠١٧:٣٢):-

أ-زیرەکی هەستپێنەکراو:بریتیە لە ئەو تواناو زیرەکیەی کەمامەڵە لەگەڵ وشەو هێما و واتا ڕووت و مانادارەکان دەکات و خاوەنەکەی توانای لێکدانەوەیانی هەیە.

ب-زیرەکی میکانیکی:بریتیە لەتوانای مامەڵەکردن لەگەڵ ئامێرو شتە بینراوو هەست پێکراوەکان و کۆنترۆڵکردنیان،واتە ئەو جۆرە کەسانەی خاوەنی ئەم جۆرە زیرەکیە بن ئەوا لە کارو چالاکی میکانیکی و شتە هەست پێکراوەکاندا بەتوانا و دەست ڕەنگینن.

ج-زیرەکی کۆمەڵایەتی:ئەم جۆرە زیرەکیەش بریتیە لەتوانای مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی ترو تێکەڵاو بوونیان و خۆگونجاندن لەگەڵیان،ئەم جۆرە زیرەکیە بەپێی تەمەن و تووخم و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت(جابر،١٩٧٧:٥٤٥).

## ٤.٢ تەوەری چوارەم:توێژینەوەکانی پێشوو

لەبەر ڕۆشنایی پێداچوونەوەی توێژەر بەو توێژینەوانەی پێشووتردا، کە پەیوەندییان بەگۆڕاوەکانی توێژینەوەکەوە هەیە زۆر توێژینەوەی بەرچاوکەوت، کەباس لە(بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن ، پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی)دەکرد بەشێوازی جیاجیا.بابەتی توێژینەوەی توێژەر باس لە(پەیوەندی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەپاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی)،بۆیە توێژەر ئەو توێژینەوانەی وەرگرتووە، کەپەیوەندییان بەتوێژینەوەکەوە هەبوو، یان لەتوێژینەوەکەوە نزیك بوون،پۆلێنی کردووە بۆ سێ تەوەر، کەبریتین لە:-

١. ئەو توێژینەوانەی، کەپەیوەندییان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردنەوە هەیە.
٢. ئەو توێژینەوانەی، کەپەیوەندییان بە پاڵنەری فێربوونەوە هەیە.
٣. ئەو توێژینەوانەی، کەپەیوەندییان بە زیرەکی هەڵچوونیەوە هەیە.

### ١.٤.٢ یەکەم:توێژینەوەکانی تایبەت بە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن

خشتەی (٢): توێژینەوەکانی تایبەت بە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن

| توێژینەوەی یەکەم | |
|---|---|
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | حمد،٢٠٢٠. |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەپاڵنەری فێربوون و بیرکردنەوەی ئەرێنییەوە لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لەشاری کۆیە. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | • زانینی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لەشاری کۆیە.<br>• زانینی جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ جیاوازی لە ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لەخوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لەشاری کۆیە کەژمارەیان(٢٩٦٩)خوێندکارە. |
| نموونەی توێژینەوەکە | نمونەی توێژینەوەکە(٣٠٠)خوێندکاری لەڕەگەزی نێر و مێ. |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ئامرازی ئاماری بەکارهاتوو بریتییە لە(ناوەندی ژمێرەیی،لادانی پێوەری،تاقیکردنەوەی (T_test,person,Anova |

| | |
|---|---|
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | • ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی نزم بوو.<br>• بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێر بوو. |
| توێژینەوەی دووەم | |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | غریب، ٢٠١٨ |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | پشت بەستنی مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین بەتەکنەلۆژیای نوێی زانیاری و پەیوەندیکردن لەپرۆسەی فێربووندا |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | زانینی ئاستی بەکارهێنانی بەتەکنەلۆژیای نوێی زانیاری و پەیوەندیکردن لەپرۆسەی وانەوتنەوەدا لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ سەلاحەدین. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | توێژینەوەیەکی وەسفی ئەزموونکارییە پشت بەڕووماڵی دەبەستێت |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژەکانی ئاداب و زانست |
| نموونەی توێژینەوەکە | نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە(٦٠)مامۆستا بۆ هەرکۆلێژێك (٣٠)مامۆستا بەهەڕەمەکی وەرگیراوە (٨٠) فۆرم دابەشکراوە و تەنها (٦٠)فۆرمیان گونجاو بوون |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | فۆرمی ڕاپرسی |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێرەیی ، ناوەندی شیاو و ڕێژەی سەدی. |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | توێژینەوەکە دەریخستووە کە مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین،لەپرۆسەی وانەوتنەوەدا بەڕێژەیەکی زۆر پشت بە جۆرە جیاوازەکانی تەکنەلۆرجیا دەبەستن. |
| توێژینەوەی سێهەم | |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | Francis،2017 |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر هاندانی خوێندکاران بۆ فێربوون و بەستنەوەی بە فێربوونی پۆل |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | • دۆزینەوەی تێڕوانینی خوێندکاران بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە ڕێنماییەکانی پۆلدا.<br>• وەسفکردنی بەکارهێنانی شێوازی نوێی تەکنەلۆجیا و تەکنەلۆجیای یارمەتی لە پۆلەکان کە خوێندکاران دیاری دەکەن.<br>• تێگەشتن لە پێویستی و گرنگی تەکنەلۆجیا لە پۆلەکانی خوێندن و پەیوەندی بە هاندانەوە. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | وەسفی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | قوتابخانەی نیو ئینگلاند چارتەر (ئێن ئی سی ئێس) قوتابخانەیەکی دەستووری گشتییە لە شاری ژینگە لە نیو ئینگلاند |
| نموونەی توێژینەوەکە | خوێندکارانی پۆلی ٧-١٢ پێک دێت ( زانست و تەکنەلۆژیا و ئەندازیاری و بیرکاری ) قوتابخانە . |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | فۆرمی ڕاپرسی و کارتی پشتگیری خوێندکار. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | بەرنامەی SPSS بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەی ئەنجامەکان. |

| | |
|---|---|
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە باس لەکاریگەری ئەرێنی تەکنەلۆجیای فێرکردن دەکەن لە دروستکردنی پاڵنەری فیربووندا. |
| توێژینەوەی چوارەم | |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | نسیمة ،٢٠١٧. |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و کاریگەری لەسەر باشترکردنی چۆنیەتی پرۆسەی خوێندن لەزانکۆی جەزائیر |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | زانینی واقیعی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەپرۆسەی فێرکردندا. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | بریتی بوو لەسەرجەم مامۆستایانی زانکۆ لەپسپۆڕییە جیاوازەکان لەسەرجەم زانکۆکانی جەزائیر ، کەنزیکی ٤٨٠٠٠ مامۆستا بوون. |
| نموونەی توێژینەوەکە | ٤٨١ مامۆستا وەك نموونە دیاری کران تەنها ٤٠٦ ڕاپرسی بەدروستی گەڕایەوە بۆ توێژەر. |
| ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | بریتی بوو لە ڕاپرسی بەشێوەی ڕاپرسی کاغەز و ئەلکترۆنی |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | Spss v22،معامل الارتباط پێرسۆن ،المتوسط الحسابی،الانحراف المعیاری، T-Test ،Anova |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | زۆرینەی مامۆستایان هاوڕابوون لەسەر بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن.<br>جیاوازی نیە لەنێوان مامۆستایان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزبۆ بەکارهێنانی. |
| توێژینەوەی پێنجەم | |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | Jennifer،2016 |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | تەکنەلۆجیای تاکەکەسی و کاریگەری لەسەر دەسکەوتی ئەکادیمی قوتابی و پاڵنەر. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | مەبەست لەو توێژینەوەیە بۆ ئەوە بوو، کە بزانرێت ئایا تەکنەلۆژیای تاکە کەسی کاریگەری لەسەر ئەکادیمی خوێندکار هەیە. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | ئەزموونی. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتی بوو لەخوێندکارانی قوتابخانەی ئیلیۆنیس لە قۆناغی چوارەم دوو پۆلی جیاواز ی وەرگرتووە لەهەمان قوتابخانە. |
| نموونەی توێژینەوەکە | نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، کە بریتی بوو لە ٢٥ خوێندکار بۆ گروپی کۆنترۆڵکراو و ٢٢ خوێندکار بۆ گرووپی تەقلیدی. |
| ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | تاقیکردنەوەی دەستکەوت |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | تەنها ڕێژەی سەدی بەکارهێناوە بۆ بەراوردکردنی ئەنجامەکانی. |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ئەنجامی توێژینەوەکە باس لەکاریگەری و گرنگی تەکنەلۆژیای تاکە کەسی دەکەن لەسەر توانای ئەکادیمی خوێندکار و دروستکردنی پاڵنەر بۆ فێربوون لای خوێندکاران. |

| توێژینەوەی شەشەم | |
|---|---|
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | 2016، Ellina &Andrea |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | کاریگەریەکانی تەکنەلۆژیا لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی و دەستکەوتی زانستی لە قوتابخانەی ناوەندی لەبابەتی بیرکاری |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | زانینی ئاستی کاریگەری تەکنەلۆجیا لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی و دەستکەوتی زانستی. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | ئەزموونی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | خوێندکاری پۆلی شەشەمی بنەڕەتی |
| نموونەی توێژینەوەکە | بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ٣٣ خوێندکاری پۆلی شەشەمی بنەڕەتی و ٢٠ لە دایک و باوکیان بوون ,ئەم خوێندکارانە، ١٧یان کچ و ١٦ یان کوڕ بوون. |
| ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانستی. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێرەیی ، لادانی پێوەری. |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ئەنجامەکانی توێژینەوەکە باس لەکاریگەری ئەرێنی تەکنەلۆژیای فێرکردن دەکەن لەسەر دەستکەوتی ئەکادیمی و پاڵنەری فێربوون. |

| توێژینەوەی حەوتەم | |
|---|---|
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | 2016 ،Blake |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | تێکەڵکردنی تەکنۆلۆجیا و پاڵنەری فێربوونی خوێندکاران |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | ئامانج لەو توێژینەوەیە ئەوە بوو، کە بزانرێت ئایا پەیوەندی هەیە لەنێوان بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە پۆلی حەوتەم لەخوێندنی کۆمەڵایەتی و پاڵنەری فێربوون؟ |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | ئەزموونی و وەسفی. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | خوێندکارانی پۆلی حەوتی بنەڕەتی لە نۆرست وێست کۆلێج لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. |
| نموونەی توێژینەوەکە | بەشێوەیەکی گشتی ١٠٠ خوێندکار لەهەردوو ڕەگەزی کوڕ و کچ وەك نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە دابەشکراون بەسەر گروپی جیاوازدا. |
| ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | ڕاپرسی و تێبینی و وەڵامی خوێندکاران بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانستی |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | تەنها ڕێژەی سەدی بەکارهێناوە و شیکردنەوەی بۆ وەڵامەکان کردووە. |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە باس لەکاریگەری ئەرێنی تەکنەلۆجیای فێرکردن دەکەن لە دروستکردنی پاڵنەری فێربووندا. |

| توێژینەوەی هەشتەم | |
|---|---|
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | Agbo,2015 |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | هۆکارەکانی کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەوانەوتنەوە و فێربوونی بابەتی کۆمپیوتەر لەناوچەی ئۆهاکو حکومەتی خۆجێی دەوڵەتی ئیبۆنی نایجیریا. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | زانینی هۆکارەکانی کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەوانەوتنەوە و فێربوونی بابەتی کۆمپیوتەر لەناوچەی ئۆهاکۆو.<br>ئاستی بەکارهێنان و تێچونی ئامێرەکانی I CT. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | ڕێبازی وەصفی بەکارهاتووە. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لەسەرجەم خوێندکاران و مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکەو و دایك و باوکی خوێندکاران لە ١٠ قوتابخانەی هەڵبژێردراو لەناوچەی ئۆهاکوو. |
| نموونەی توێژینەوەکە | نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە ٥٠ خوێندکار لەهەریەك لەو قوتابخانانە و دایك وباوکیان ،بەڕێوبەری قوتابخانەکان و ١٢ مامۆستا لەهەریەك لەو قوتابخانانە. |
| ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | ڕێگای چاوپێکەوتن،ڕێگای تێبینی،شیکردنەوەی دۆکومێنت. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ڕێژەی سەدی ، دووبارەبوونەوە |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ئەنجامەکان دەریدەخەن کەهەردوو هۆکاری ژینگەی ماڵ و قوتابخانە یارمەتیدەرن بۆ کاریگەری بەکارهێنانی ICT لەفێربوون و فێرکردن.<br>ڕێژەیەکی بەرچاوی نموونەی توێژینەوەکە ڕازیبوون لەئاستی بەکارهێنان و تێچووی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن. |

| توێژینەوەی نۆیەم | |
|---|---|
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | الزدجالية،٢٠١٤. |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | ڕادەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی لە فێرکردنی پەروەردەی ئیسلامی لەسەڵتەنەی عمان. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | زانینی واقیعی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەبازنەی دووەمی پەروەردەی بنەڕەتی لەوانەوتنەوەی پەروەردەی ئیسلامی لە سەلتەنەی عمان. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | بریتی بوو لەسەرجەم مامۆستایانی پەروەردەی ئیسلامی لەپارێزگاکانی(مسقط،والباطنة شمال و الباطنة جنوب)،کەژمارەیان ٨٩١ مامۆستا بوو. |
| نموونەی توێژینەوەکە | نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ٢٢٢ مامۆستا |
| ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | ئامڕازی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ڕاپرسییەک کە لە ٢٠ برگە پێکهاتبوو |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | المتوسط الحسابی،الانحراف المعیاری،تحلیل التباین. |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | مامۆستایانی پەروەروەردەی ئیسلامی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن لەوانەوتنەوەدا بەڕێژەیەکی مامناوەند. |

| | |
|---|---|
| **توێژینەوەی دەیەم** | |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | مراد،٢٠١٣ |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | واقیعی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و بەربەستەکانی بەردەم بەکارهێنانی لەوانەوتنەوەدا لای مامۆستایانی قوتابخانەکانی پەروەردەی لواء الشوبك/الأردن. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | زانینی ڕادەی بەکارهێنانی بەرنامە سەرەتاییەکانی I CT لەلایەن مامۆستایانەوە.<br>زانینی بەربەستەکانی بەردەم بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاکان لای مامۆستایان. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەصفی شیکاری بەکارهێناوە. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | بریتی بوو لە ٤٥٦ مامۆستا لەڕەگەزی نێر و مێ لە الشوبك بۆساڵ خوێندن ٢٠١٢-٢٠١٣ لە٣٣ قوتابخانەدا. |
| نموونەی توێژینەوەکە | پێکهاتبوو لە ١٠١ مامۆستا لەڕەگەزی نێر و مێ. |
| ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | ئامڕازی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ڕاپرسییەک کە لە ٤٠ برگە پێکهاتبوو |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | النسب المئوية،التكرارات،المتوسط الحسابی،الأنحراف المعياری، T- t est، تحليل التباين الثنائی. |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست، کەزۆرینەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ICT بەکاردەهێنن،بەڵام بەکارهێنان وسوود وەرگرتنی لەوانەوتنەوەدا کەم بوون. |
| **توێژینەوەی یازدەهەم** | |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | Granito & Ellina, 2012 |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | کاریگەری تەکنەلۆجیا لەسەر خوێندکاران و پاڵنەر بۆ مانەوەی زانیارییەکان. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | ئامانجی ئەم توێژینەوە بۆ ئەوە بوو، کە بزانرێت تەکنەلۆجیا کاریگەری هەیە بۆ فێربوونی زانیاری نوێ و پاراستنی زانیارییەکان. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | ئەزموونی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | بریتی بوو لەخوێندکارانی پۆلی حەوتی بنەڕەتی لەپێنج پۆلی خوێندندا لەبابەتی مێژوو لەنێوان نەتەوە جیاوازەکاندا. |
| نموونەی توێژینەوەکە | نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ١٠٢ خوێنکار ٥٠ کوڕ و ٥٢ کچ دابەشکرابوون بۆ سێ گروپ بەم شێوەیە:<br>گروپی تاقیکردنەوەی A، گروپی تاقیکردنەوەی B وە گروپێکی کۆنترۆڵ . |
| ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | تاقیکردنەوەی دەستکەوت |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێرەیی ، لادانی پێوەری. |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کەبەکارهێنانی تەکنەلۆجیای فێرکردن یارمەتی دەرە بۆ خوێندکاران تاوەکو ئەو زانیاریانەی وەری دەگرن زیاتر لەبیرەوەریان بمێنێتەوە. |
| **توێژینەوەی دوازدەهەم** | |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | محمد و أخرون، ٢٠١٢ |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | کاریگەری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەسەر هاندانی خوێندکاران |

| | |
|---|---|
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | زانینی ئاستی کاریگەری بەکارهینانی تەکنەلۆجیای فێرکردن لەسەر دەستکەوتی خوێندکاران و دروستکردنی پاڵنەر بۆ فێربوونە. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | ئەزموونی. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | زانکۆی قەتەر وەك کۆمەڵگای توێژینەوەکە دیاری کراوە. |
| نموونەی توێژینەوەکە | بەشی بیرکاری لەزانکۆی قەتەر کراوەتە نموونەی توێژینەوەکە. |
| ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانستی. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | بەرنامەی SPSS |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە باس لەکاریگەری ئەرێنی تەکنەلۆجیای فێرکردن دەکەن لەسەر دەستکەوتی زانستی و دروستکردنی پاڵنەری فیربوون. |
| توێژینەوەی سیازدەهەم | |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | الناعبی،٢٠٠٨. |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | واقیعی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری پەیوەندیکردن و بەربەستەکانی بەردەم بەکارهێنانی لای مامۆستایانی ناوخۆی سەڵتەنەی عمان. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | زانینی ڕادەی سود لێوەرگرتن و شارەزایی مامۆستایانی سەڵتەنەی عمان لەتەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بۆ وانەوتنەوە. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەصفی شیکاری بەکارهێناوە. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | بریتی بوو لە ٥١٩٢ مامۆستا لەڕەگەزی نێر و مێ لە سەڵتەنەی عمان بۆساڵی خوێندن ٢٠٠٧-٢٠٠٨ لە٨٣ قوتابخانەدا. |
| نموونەی توێژینەوەکە | پێکهاتبوو لە ١٧٩ مامۆستا لەڕەگەزی نێر و مێ. |
| ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | بریتی بوو لە ڕاپرسییەك، کە لە ٧٧ بڕگە پێك هاتبوو بەسەر ٥ تەوەردا دابەشکرابوون. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | حسابات التکرار و النسب المئوية،المتوسط الحسابی و الانحراف المعياری، إختبار(ت)،تحليل التباين بۆ يەك ئاراستە. |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ڕێژەیەکی زۆری مامۆستایان شارەزاییان لەبەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی ICT هەیە هیچ جیاوازییەك بەدی ناکرێت لەنێوان مامۆستاکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز. |

## ٢.٤.٢ دووەم:توێژینەوەکانی تایبەت بە پاڵنەری فێربوون

**خشتەی (٣): توێژینەوەکانی تایبەت بە پاڵنەری فێربوون**

| | |
|---|---|
| **توێژینەوەی یەکەم** | |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | صابر،٢٠٢١ |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | جۆری ژیان و پەیوەندی بەپاڵنەری فێربوون لای فێرخوازانی زانکۆی کۆیە |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | • زانینی ئاستی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکاران.<br>• جیاوازی لەنێوان خوێندکاران بەپێی ڕەگەز لەئاستی پاڵنەری فێربوون. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەصفی پەیوەندی بەکارهێناوە. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | خوێندکارانی زانکۆی کۆیە بۆساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ بۆ کۆمەڵگای توێژینەوەکەی وەرگرتووە، کەژمارەیان بریتی بوولە(٣٢٩٨) خوێندکار لەهەردوو ڕەگەز. |
| نموونەی توێژینەوەکە | بریتی بوو لەخوێندکارانی قۆناغی دووەم و سێهەم و چوارەم ،کەژمارەیان ٥٥٠ فێرخوازە لەڕەگەزی نێر ٢٣٧ و ڕەگەزی مێ ٣١٣ خوێندکاربووە |
| ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | فۆڕمی ڕاپرسی. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ئەلفا کرۆنباخ ،ڕێژەی سەدی ،دووبارە بوونەوە،ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری،T.test. |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | • ئاستی پاڵنەری فێربوون لای نموونەی توێژینەوەکە ئاستێکی باش بوو.<br>• نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی پاڵنەری فێربوون بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز. |
| **توێژینەوەی دووەم** | |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | حمد،٢٠٢٠. |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەپاڵنەری فێربون و بیرکردنەوەی ئەرێنیەوە لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لەشاری کۆیە. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | • زانینی ئاستی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لەشاری کۆیە.<br>• زانینی جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لەئاستی پاڵنەری فێربوون. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لەخوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لەشاری کۆیە، کەژمارەیان(٢٩٦٩)خوێندکارە. |
| نموونەی توێژینەوەکە | نمونەی توێژینەوەکە(٣٠٠)خوێندکاری لەڕەگەزی نێر و مێ وەرگرتووە. |
| ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ئامرازی ئاماری بەکارهاتوو بریتییە لە(ناوەندی ژمێرەیی،لادانی پێوەری،تاقیکردنەوەی **(T_test,person,Anova** |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | • ئاستی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی بەرز بوو.<br>• بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی پاڵنەری فێربوون بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێیە. |

| توێژینەوەی سێهەم | |
|---|---|
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | سوفی،٢٠١٨ |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | پەیوەندی دەستکەوتی ئەکادیمی بەپاڵنەری فێربوونەوە لای خوێندکارانی پۆلی چواری ئامادەیی. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | • دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دەستکەوتی ئەکادیمی و پاڵنەری فێربون لای خوێندکاران.<br>• زانینی جیاوازی لەئاستی پاڵنەری فێربوون بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەصفی پەیوەندی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | قوتابخانە ئامادەییەکانی شاری المغیر. |
| نموونەی توێژینەوەکە | ١٢٠ خوێندکار لەڕەگەزی نێر و مێ. |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | پێوانەی پاڵنەری فێربوون. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | پێرسۆن ، T.test |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | • بوونی پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان دەستکەوتی ئەکادیمی و پاڵنەری فێربوون.<br>• نەبوونی جیاوازی لەئاستی پاڵنەری فێربوون بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز. |

| توێژینەوەی چوارەم | |
|---|---|
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | Francis،2017 |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | کاریگەری تەکنەلۆجیا لەسەر هاندانی خوێندکاران بۆ فێربوون و بەستنەوەی بە فێربوونی پۆل. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | • دۆزینەوەی تێروانینی قوتابیان بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە ڕێنماییەکانی پۆلدا.<br>• وەسفکردنی بەکارهێنانی شێوازی نوێی تەکنەلۆجیا و تەکنەلۆجیای یارمەتی لە پۆلەکان، کە قوتابییان دیاری دەکەن.<br>• تێگەشتن لە پێویستی و گرنگی تەکنەلۆجیا لە پۆلەکانی خوێندن و پەیوەندی بە هاندانەوە. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | وەسفی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | قوتابخانەی نیو ئینگلاند چارتەر (ئێن ئی سی ئێس) قوتابخانەیەکی دەستووری گشتییە لە شاری ژینگە لە نیو ئینگلاند |
| نموونەی توێژینەوەکە | خوێندکارانی پۆلی ٧-١٢ پێک دێت ( زانست و تەکنەلۆژیا و ئەندازیاری و بیرکاری)قوتابخانە . |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | فۆڕمی ڕاپرسی و کارتی پشتگیری خوێندکار. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | بەرنامەی SPSS بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەی ئەنجامەکان. |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە باس لەکاریگەری ئەرێنی تەکنەلۆجیای فێرکردن دەکەن لە دروستکردنی پاڵنەری فیربوون. |

| | |
|---|---|
| **توێژینەوەی پێنجەم** | |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | سرحان,٢٠١٧ |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی پەیوەندییان بە دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لەغەزە |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | • زانینی ئاستی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکاران. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەصفی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | خوێندکارانی پۆلی ٨ و ٩ بنەڕەتی لەپارێزگای غەزە بۆساڵی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥، ژمارەی خوێندکارەکان ١٠٦٤١ خوێندکار بوون. |
| نموونەی توێژینەوەکە | ٣١٢ خوێندکاری نێر و مێ وەك نموونە وەرگرتووە. |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | فۆرمی ڕاپرسی بۆهەریەکە لەگۆڕاوەکان. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێرەیی ، لادانی پێوەری ، ئەلفا کرۆنباخ ، پێرسۆن ، سپێرمان ،T.test ، one way ANOVA |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | • ئاستی پاڵنەری فێربوون بەرزبوو.<br>• بوونی جیاوازی لەپاڵنەری فێربوون بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێیە. |
| **توێژینەوەی شەشەم** | |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | شیبة،٢٠١٥ |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | پاڵنەری فێربوون و پەیوەندی بەبڕوا بەخۆبوون و گونجانی ئەکادیمی لای خوێندکارانی قۆناغی دووەمی ناوەندی. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | • زانینی ئاستی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکاران.<br>• زانینی جیاوازی پاڵنەری فێربوون بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەصفی بەکارهێناوە. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | سەرجەم خوێندکارانی پۆلی ٢ ناوەندی لەبازنەی تقرت کەبریتی بوون لە( ثانوية الحسن إبن الهيثم بالنزلة ، ثانوية لزهاري التونسي تبسبست،ثانوية هواري بومدين الززواية العابدية،ثانوية الأمير عبد القادر تقرت. |
| نموونەی توێژینەوەکە | ١٠٠ خوێندکار لە ڕەگەزی نێر ومێ دیاریکردووە وەك نموونەی توێژینەوەکە. |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | فۆرمی ڕاپرسی بۆهەریەکە لەگۆڕاوەکان. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێرەیی ، لادانی پێوەری ، ئەلفا کرۆنباخ ، پێرسۆن ، سپێرمان ،T.test . |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | • ئاستی پاڵنەری فێربوون بەرزبوو.<br>• بوونی جیاوازی لەپاڵنەری فێربوون بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێ. |

| توێژینەوەی حەوتەم | |
|---|---|
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | عبدالوهاب،٢٠١٤ |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | لێهاتووی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بەپاڵنەری فێربوون و ئاستی ڕەزامەندی |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | • زانینی ئاستی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکاران.<br>• زانینی جیاوازی خوێندکاران بەپێی ڕەگەز لەئاستی پاڵنەری فێربوون. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەصفی شیکاری. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | بریتی بوو لەخوێندکارانی پۆلی سێهەمی ناوەندی بۆساڵی خوێندنی ٢٠١١-٢٠١٢، کەژمارەیان ١٢٤٩٠ خوێندکار بوون ٦٢٣٧ کوڕ و ٦٢٥٣ کچ لەویلایەتی مستغانم. |
| نموونەی توێژینەوەکە | نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە٦٢٤ خوێندکار لەڕەگەزی نێر و مێ. |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن و سپێرمان و براون،ئەلفاکرۆمباخ،ناوەندی ژمێرەیی،T.test. |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | • ئاستی پاڵنەری فێربوون لای نموونەی توێژینەوەکە ئاستێکی بەرزدا بوو.<br>• بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی پاڵنەری فێربوون بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێیە. |

## ٣.٤.٢ سێهەم:توێژینەوەکانی تایبەت بەزیرەکی هەڵچوونی

**خشتەی (٤): توێژینەوەکانی تایبەت بەزیرەکی هەڵچوونی**

| توێژینەوەی یەکەم | |
|---|---|
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | سرحان,٢٠١٧ |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی پەیوەندیان بە دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لەغەزە |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | • زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکاران.<br>• زانینی جیاوازی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەصفی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | خوێندکارانی پۆلی ٨ و ٩ بنەڕەتی لەپارێزگای غەزە بۆساڵی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥، کەژمارەیان ١٠٦٤١ خوێندکار بوون. |
| نموونەی توێژینەوەکە | ٣١٢ خوێندکاری نێر و مێ وەك نموونە وەرگرتووە. |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | فۆڕمی ڕاپرسی بۆهەریەکە لەگۆڕاوەکان. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێرەیی ، لادانی پێوەری ، ئەلفا کرۆنباخ ، پێرسۆن ، سپێرمان ،T.test ، one way ANOVA |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | • ئاستی زیرەکی هەڵچوونی بەرزبوو.<br>• نەبوونی جیاوازی لەزیرەکی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز . |

| | |
|---|---|
| **توێژینەوەی دووەم** | |
| **ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە** | حسن،٢٠١٣ |
| **ناونیشانی توێژینەوەکە** | زیرەکی هەڵچوونی و پەیوەندی بەڕێگاکانی مامەڵەکردن لەگەڵ فشارە دەروونیەکان. |
| **گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە** | • زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای تاکەکانی توێژینەوەکە.<br>• زانینی جیاوازی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.<br>• زانینی جیاوازی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی پسپۆری (زانستی و مرۆڤایەتی) |
| **ڕێبازی توێژینەوەکە** | میتۆدی وەصفی |
| **کۆمەڵگەی توێژینەوەکە** | خوێندکارانی زانکۆکانی عێراق کەبریتی بوون لە(بغداد ، مستنصرية،الموصل،البصرة)لەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لەقۆناغی یەکەم بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩-٢٠١٠ خوێندنی بەیانیان. |
| **نموونەی توێژینەوەکە** | ٤٣٠ خوێندکار بوون بەشێوەی هەڕەمەکی دیاریکرابوون لەو ٤ زانکۆیە ٢١٥ لەڕەگەزی کوڕ و ٢١٥ لەڕەگەزی کچ بوون. |
| **ئامرازەکانی توێژینەوەکە** | فۆڕمی ڕاپرسی بۆ هەردوو گۆڕاوەکە. |
| **کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە** | ناوەندی ژمێرەیی ، لادانی پێوەری ، ئەلفا کرۆنباخ ، پێرسۆن ، سپێرمان ،T.test . |
| **گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە** | • زیرەکی هەڵچوونی لەئاستێکی بەرزدایە.<br>• بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بۆ زیرەکی هەڵچونی لەبەرژەوەندی رەگەزی مێ.<br>• نەبوونی جیاوازی ئاماری بۆ زیرەکی هەڵچوونی بەپێی پسپۆڕی(زتستی و مرۆیی). |
| **توێژینەوەی سێهەم** | |
| **ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە** | العلوان،٢٠١٠ |
| **ناونیشانی توێژینەوەکە** | زیرەکی هەڵچونی و پەیوەندی بە لێهاتووی کۆمەڵایەتی و شێوازەکانی پەیوەست بوون لای خوێندکارانی زانکۆلەبەر ڕۆشنایی گۆڕاوی پسپۆڕی وڕەگەزی خوێندکار. |
| **گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە** | • زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای تاکەکانی توێژینەوەکە.<br>• زانینی جیاوازی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.<br>• زانینی جیاوازی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی پسپۆری (زانستی و مرۆڤایەتی) |
| **ڕێبازی توێژینەوەکە** | میتۆدی وەصفی |
| **کۆمەڵگەی توێژینەوەکە** | سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی بەکالۆریۆس لەزانکۆی حسین بن طلال بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩-٢٠١٠ کەژمارەیان ٥٣٤٢ خوێندکارە. |
| **نموونەی توێژینەوەکە** | ٤٧٥ خوێندکار لەهەردوو ڕەگەز بەشێوەی هەڕەمەکی دیاریکراوون. |
| **ئامرازەکانی توێژینەوەکە** | ٣ فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ گۆڕاوەکان |
| **کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە** | ناوەندی ژمێرەیی ، لادانی پێوەری ، تحليل انحدار،تحليل التباين الثنائی. |
| **گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە** | • زیرەکی هەڵچوونی لەئاستێکی باشدایە.<br>• بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بۆ زیرەکی هەڵچوونی لەبەرژەوەندی رەگەزی مێ.<br>• بوونی جیاوازی ئاماری بۆ زیرەکی هەڵچوونی بەپێی پسپۆڕی(زانستی و مرۆیی) لەبەرژەوەندی پسپۆڕی مرۆڤایەتی . |

| | |
|---|---|
| **توێژینەوەی چوارەم** | |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | بن جامع،٢٠١٠ |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | زیرەکی هەڵچوونی و پەیوەندی بەسەرکردەی کاریگەر. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | • زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای تاکەکانی توێژینەوەکە.<br>• زانینی پەیوەندی نێوان زیرەکی هەڵچوونی و سەرکردەی کاریکەر. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەصفی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتبوو لەچوارچێوەی بەڕێوەبردنی ناوەندی، کەلەلایەن سەرۆکی بەرژەوەندییەکانی ناقتاك/ سکیکدەوە بەڕێوەدەبران، کەژمارەیان بریتی بوو لە ٤٢ سەرکردەی بەرژەوەندییەکان لە بازنە جیاوازەکاندا. |
| نموونەی توێژینەوەکە | بریتی بوون لە ٤٢ سەرکردەی بەرژەوەندییەکان واتە کۆی کۆمەڵگاکە. |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | فۆڕمی ڕاپرسی |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | کای سکوێر،پیرسۆن |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | زیرەکی هەڵچوونی لەئاستێکی باشدایە.<br>بوونی پەیوەندییەکی ئاماری ئەرێنی ڕاستەوانە لەنێوان گۆڕاوەکاندا |
| **توێژینەوەی پێنجەم** | |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | الکیکی،٢٠١٠ |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارە بەهرەمەندەکان |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | • زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارە بەهرەمەندەکان.<br>• زانینی جیاوازی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەصفی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ١٦٠ خوێندکاری بەهرەمەند لەپۆلی ٦ ئامادەیی لەپارێزگای نەینەوا بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩-٢٠١٠ ، کەبریتی بوون لە ٧٨ کوڕ و ٨٢ کچ |
| نموونەی توێژینەوەکە | ٩٦ خوێندکاری بەهرەمەندی کوڕ و کچ لەپۆلی ٦ ئامادەیی لەپارێزگای نەینەوا. |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | فۆڕمی ڕاپرسی |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | پێرسۆن،تاقیکردنەوەی تائی یەك نموونە و دوونموونە. |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | • زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارە بەهرەمەندەکان لەئاستێکی بەرزدایە.<br>• نەبوونی جیاوازی ئاماری لەنێوان خوێندکاران بەپێیی گۆڕاوی ڕەگەز. |
| **توێژینەوەی شەشەم** | |
| ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | بکری،٢٠١٠ |

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوەکە | جیاوازی نێوان زیرەکی هەڵچوونی و هەڵسوکەوتی گێچەڵکردن لای خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی لەپارێزگای عکا. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | زانینی جیاوازی نێوان زیرەکی هەڵچوونی و هەڵسوکەوتی گێچەڵکردن لای خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی.<br>زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکاران. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەصفی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٦٢٧ خوێندکار بوون |
| نموونەی توێژینەوەکە | ٢٣٨ خوێندکاری کوڕ و کچ بەشێوەی هەڕەمەکی دیاریکراون ، کە پێك هاتبوون لە ١٣٩ کوڕ و ٩٩ کچ. |
| ئامڕازەکانی توێژینەوەکە | فۆڕمی ڕاپرسی بۆ هەردوو گۆڕاوەکە. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێرەی ،لادانی پێوەری ،تاقیکردنەوەی تائی. |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | • زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکاران لەئاستێکی بەرزدایە.<br>• نەبوونی جیاوازی ئاماری لەنێوان خوێندکاران بەپێیی گۆڕاوی ڕەگەز. |

## ٤.٤.٢ لێکچوون و جیاوازی لەنێوان توێژینەوەی ئێستا و توێژینەوەکانی پێشوو:

١. لەڕووی میتۆدی توێژینەوە: زۆربەی توێژینەوەکان میتۆدی وەصفی شیکاری، یان وەصفی پەیوەندییان بەکارهێناوە، جگە لەتوێژینەوەکانی(Mark & Ellina,2012) و(محمد،٢٠١٢) و (Jennifer,2016) و(Ellina & Andrea,2016) و (Blake,2016) کە میتۆدی ئەزموونیان بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەیان،بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە توێژەر میتۆدی وەصفی پەیوەندیی بەکارهێناوە.

٢. لەڕووی ئامانجی توێژینەوە: سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو وە توێژینەوەکەی ئێستاش هەمان ئامانجیان هەیە،ئەویش زانینی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و زانینی ئاستی پاڵنەری فێربوون و زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونییە.

٣. لەڕووی بەکارهێنانی ئامڕازی توێژینەوەکە: زۆربەی توێژینەوەکان هەمان ئامڕازییان بەکارهێناوە، کەبریتی بوون لەئامادەکردنی ڕاپرسی بۆ هەریەکە لەگۆڕاوەکانی، یاخود وەرگرتنی پێوەری ئامادەکراو لەتوێژینەوەکانی پێشوودا(تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن،پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەلچوونی)، جگە لەتوێژینەوەکانی( Mark & Ellina,2012) و(محمد،٢٠١٢) و (Jennifer,2016) و(Ellina & Andrea,2016) و (Blake,2016)،کە تاقیکردنەوەی دەستکەوتیان بەکارهێناوە بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوەکانیان. بۆ توێژینەوەکەی ئێستا توێژەر هەستا بەدروستکردنی پێوەرێك بۆ پێوانەکردنی

تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و ئامادەکردنی پێوەرەکانی پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی بەسوود وەرگرتن لەتوێژینەوەکانی پێشوو.

٤. لەڕووی کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکان جیاواز بوون لەڕووی ژمارە و نموونە و کۆمەڵگاکانەوە،بەم شێوەیە بوون(الزدجالية،٢٠١٤)٢٢٢ مامۆستا بوو، (نسيمة،٢٠١٧)٤٠٦مامۆستای زانکۆ بوون،(مراد،٢٠١٣)١٠١مامۆستا بوون،(الناعبى،٢٠٠٨)١٧٩ مامۆستا بوون،(ئاگبۆ،٢٠١٥)٥٠ خوێندکارو دایك و باوکیان و بەڕێوەبەری قوتابخانەکانیان و ١٢ مامۆستا لەهەریەك لەو قوتابخانانە، کەوەك کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دیاریکراون، (Granito&Chernobilsky,2012) ١٠٢ خوێندکار لەهەردوو ڕەگەز،(محمد و ئەوانی تر،٢٠١٢)بەشی بیرکاری لەزانکۆی قەتەر وەك نموونە دیاریکردووە، (Harris,2016) ٤٧خوێندکار،(Chernobilsky&Olsen,2016)٣٣ خوێندکار و ٢٠لە دایك و باوکی خوێندکارەکان، (Wieking,2016)١٠٠خوێندکار،(Francis,2017)پۆلی ٧ تا ١٢ لەقوتابخانەی نیوئینگلاند چارتەر،(غريب،٢٠١٨)٦٠ مامۆستا ،(حمد،٢٠٢٠)٣٠٠خوێندکار، (صابر،٢٠٢١)٥٥٠ خوێندکار، (عبدالوهاب،٢٠١٤)٦٢٤خوێندکار بوون،(سرحان،٢٠١٧)٣١٢ خوێندکار بوون، (شيبة،٢٠١٥)١٠٠خوێندکار بوون،(سوفى،٢٠١٨)١٢٠ خوێندکار بوون، (حسن،٢٠١٣)٤٣٠ خوێندکار بوون، (العلوان،٢٠١٠)٤٧٥ خوێندکار بوون،(بن جامع،٢٠١٠)٤٢ سەرکردەی بەرژەوەندییەکان بوون، (الكيكى،٢٠١٠)٩٦ خوێندکار بوون و (بكرى،٢٠١٠) ٢٣٨ خوێندکار بوون.

٥. لەڕووی ئامرازی ئاماری توێژینەوەکە: توێژینەوەکەی ئێستا و توێژینەوەکانی پێشووتر بەشێوەیەکی گشتی نزیك بوون لەیەکەوە لەبەکارهێنانی ئامڕازە ئامارییەکان و بەگشتی ئەمانەیان بەکارهێناوە هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسون،ئەلفاکرۆنباخ،ڕێژەی سەدی،ناوەندی ژمێرەیی،لادانی پێوەری ،تاقیکردنەوەی تائی یەك نموونە ،تاقیکردنەوەی تائی دوونموونە، One Way ANOVA.

تـوێژەر سـوودی لەتوێژینـەوەکانی پێشـوو وەرگرتـووە بـۆ پێناسـەکردنی چەمکـەکان و دروسـتکردن و ئامـادەکردنی ئامڕازەکـانی توێژینەوەکـە.

# بەشی سێیەم

# ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

**ڕێبازی توێژینەوەکە**

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

**نموونەی توێژینەوەکە**

**ئامرازەکانی توێژینەوەکە**

**ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەشێوەی کۆتایی**

**ئامرازی ئامارییەکان**

# بەشی سێهەم

# ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە پێك دێت لە ڕوونکردنەوەی ئەو میتۆدەی لە لایەن توێژەرەوە پەیڕەوی کراوە ، لەگەڵ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە. هەروەها خستنەڕووی چۆنییەتی دروستکردنی ئامڕازەکانی توێژینەوەکە، لەگەڵ ڕێککاریەکانی ڕاستی و جێگیری ئامرازەکانی توێژینەوە و بەکارهێنانی ئەو ئامرازە ئاماریانەی، کە لە شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون. بەم شێوەیە خوارەوە:-

## ١.٣ میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی توێژینەوە ڕێگایەکە توێژەران پشتی پێدەبەستن بۆ ناسینەوەی تایبەتمەندی دیاردەکە لەسەر بنەمای وەسفکردنی دیاردەکە بەوەسفکردنێکی ورد.بەواتای دیاریکردنی دیمەنەکە هەر وەک ئەوەی، کەخۆی لەواقیعدا هەیە،کە لەوانەیە وەسفکردنە بە وشە، یان بەژمارە بێت(العثمان،٢٠٠٩:٣٢)بۆ هێنانەدی ئامانجی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهاتووە، چونکە لەم جۆرە میتۆدە دا، لێکۆڵینەوە دەربارەی دیاردە جیاوازەکان دەکرێت. هەروەها دەرخستنی لایەنە ئاماژە بۆ کراوەکان و دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی خودی دیاردەکە و دیاردە پەیوەندیدارەکانی دیکە.

## ٢.٣ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەلگەی توێژینەوە سەرجەم ئەو تاکانەیە،کە لەخەسڵەتێکی تێبینیکراودا هاوبەشن(بۆکانی،٢٠١٦:١٢٥)، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسەرجەم خوێندکارانی بەکالۆریۆس لەزانکۆی سلێمانی بۆ خوێندنی بەیانیان ،کە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) بەردەوامن لەخوێندن بریتیبوون لە(٢١١٦١) خوێندکار،(٨٠٦٠)خوێندکار لەڕەگەزی نێر و (١٣١٠١)خوێندکار لەڕەگەزی مێ بوون،توێژەر ئاماری خوێندکارانی لەبەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری و تۆماری گشتی زانکۆی سلێمانی وەرگرت، خوێندکاران دابەشبوون بەسەر(٢١) کۆلێجدا بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر بڕوانە خشتەی (٥).

خشتەی (٥):کۆمەڵگای توێژینەوە کەپێکهاتووە لەخوێندکارانی زانکۆی سلێمانی

| ژ | کۆلێج | ژمارەی خوێندکار | | ژ | کۆلێج | ژمارەی خوێندکار | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | | | نێر | مێ |
| ١ | بازرگانی | ٦٢٤ | ٧٨٠ | ١٢ | ئەندازیاری | ٥٤٧ | ٤٦٧ |
| ٢ | یاسا | ٢٧٣ | ٤٤٨ | ١٣ | زانست | ٨١٠ | ١١٠٦ |
| ٣ | پەروەردە | ٢٦٧ | ٧٠٥ | ١٤ | پزیشکی ڤێترنەری | ١٥٩ | ١٦٩ |
| ٤ | پەرستاری | ١٢٩ | ٢٤١ | ١٥ | پزیشکی ددان | ٢٢٦ | ٣٠٥ |
| ٥ | پەروەردەی بنەرەتی | ٥٤٤ | ١٩١٢ | ١٦ | پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشییەکان | ٥٦٤ | ٢٦٤ |
| ٦ | زانستە ڕامیارییەکان | ١٥٢ | ٢١٥ | ١٧ | پزیشکی گشتی | ٧٥٨ | ٨٦٤ |
| ٧ | زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان | ٢٣٦ | ٥٤٥ | ١٨ | زمان | ٥٣٠ | ١١٨٩ |
| ٨ | کارگێڕی وئابووری | ٥٤٦ | ٨٥٩ | ١٩ | زانستەمرۆڤایەتیەکان | ٧٢٧ | ١٦٠٠ |
| ٩ | دەرمانسازی | ٢٥٧ | ٣٦٨ | ٢٠ | زانستە سروشتیەکان/ چوارتا | ١٠ | ٢٠ |
| ١٠ | هونەر | ١٥٢ | ٢٠٨ | ٢١ | زانستە ئیسلامییە کان | ٤٤١ | ٥٧٤ |
| ١١ | پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/سیدصادق | ١٠٨ | ٢٦٢ | | کۆی گشتی | ٨٠٦٠ | ١٣١٠١ |

## ٣.٣ نموونەی توێژینەوەکە:

نموونەی توێژینەوەکە بەشێکی دیاریکراو و سنوردارە،کە هەڵگری هەمان تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەن لەڕووی چەندێتی و چۆنایەتییەوە. ئەو پێوانەیەش بۆ سامپڵی توێژینەوە کە(Henrysson)پێشنیاری کردووە،و جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە بۆ ئەوەی سامپڵی توێژینەوە بتوانێت،نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات،نابێت لە(٤٠٠) یەکە کەمتر بێت،هەروەها(Ebel)،وایدەبینێت هەتا قەبارە و ژمارەی سامپڵی توێژینەوەکە زیاتر بێت، ئەوا زیاتر دەتوانین شیکردنەوەی دیاردەکە و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکەین و لەپێوانەی هەڵەی توێژینەوەکە دوورکەوینەوە(Ebel,1972:289) .

### ١.٣.٣ نموونەی سەرەتایی توێژینەوەکە:

توێژەر نموونەیەکی سەرەتای هەڵبژارد، کەپێکهاتبوو لە(١١٢)خوێندکار لەڕەگەزی نێرو مێ لەبەشەکانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی،توێژەر سێ بەشی بەشێوەی مەبەستدار هەڵبژارد،(٥٦)خوێندکار لە هەردوو بەشی زانستی(کۆمپیوتەر و بیرکاری) هەڵبژارد و (٥٦)خوێندکاری لەبەشی(پەروەردەی تایبەت)هەڵبژارد هەروەك لەخشتەی (٦) ڕوونکراوەتەوە. سوود لەم نموونەسەرەتاییە وەرگیراوە، بۆدیاریکردنی تایبەتمەندییە سایکۆمەتریەکانی ئامڕازی پێوانەکردنەکان، لەتوێژینەوەکەدا. وەك دیاریکردنی(ڕاستگۆیی، جێگیری و ئاستی ڕوونی بڕگەکان وکاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە).

**خشتەی(٦):نمونەی سەرەتایی توێژینەوەکە**

| ژ | بەش | لقی خوێندن | ڕەگەزی مێ | ڕەگەزی نێر | کۆی گشتی | ڕێژەی % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پەروەردەی تایبەت | مرۆیی | ٤٩ | ٧ | ٥٦ | %٥٠ |
| ٢ | زانستی کۆمپیوتەر | زانستی | ٩ | ١٥ | ٢٤ | %٥٠ |
| ٣ | زانستە بیرکارییەکان | | ٢٧ | ٥ | ٣٢ | |
| کۆی گشتی | | | ٨٥ | ٢٧ | ١١٢ | %١٠٠ |
| ڕێژەی % | | | %٧٥.٩ | %٢٤.١ | | |

### ٢.٣.٣دیاریکردنی نموونەی بنەڕەتی توێژینەوەکە:

نموونەی توێژینەوەکە هەڕەمەکی چینی ڕێژەییە بەشێوەی قورعە(٣) کۆلێجی زانستی و(٣) کۆلێجی مرۆڤایەتی هەڵبژێردراوە،(نانلی) ئاماژە بەوە دەکات کە نابێت ژمارەی ئەندامانی نموونەی وەرگیراو لە (٥) کەس کەمتر بێت بۆ هەر بڕگەیەکی ڕاپرسییەکە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری چانس لەهەڵبژاردنی نموونەکە و پرۆسەکانی شیکردنەوەی ئاماری جیاکاری و ڕاستگۆیی و جێگیریی بەپێی ژمارەی بڕگەکان (Nunally,1987:262). بەپێی بۆچوونی (نانلی) ژمارەی نموونەی پێویست بۆ ئەم توێژینەوەیە بەلایەنی کەمەوە دەبێت بەم شێوەیە بێت:-

ژماری ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە= ٥بژاردە× ٧١بڕگە = ٣٥٥نموونەی پێویست.

توێژەر بۆئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە(١٤٠٩) خوێندکاری لەهەردوو ڕەگەز وەك نموونەی توێژینەوەکەی دەستنیشانکرد،بەڕێژەی(٣٠%)بۆ هەر کۆلێجێك و فۆڕمی ڕاپرسی بەشێوەی ئەلکترۆنی و چاپکراو ئاڕاستەیانکرا،لەو ڕێژەیە(٩٩٥)خوێندکار ڕاپرسیەکانیان بەشێوەیەکی دروست پڕکردەوە و گەڕاندییانەوە بۆ توێژەر ،بڕوانە خشتەی (٧) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٧): نموونەی توێژینەوەکە

| ژ | کۆلێج | بەش | نموونەی وەرگیراوی بەشەکە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | قۆناغی ١ | | قۆناغ ٢ | |
| | | | نێر | مێ | نێر | مێ |
| ١ | ئەندازیاری | سەرچاوەکانی ئاو | - | - | ٧ | ٩ |
| | | شارستانی | ٥ | ٧ | ٥ | ٧ |
| | | کارەبا | ٥ | ٦ | ٥ | ٦ |
| | | تەلارسازی | ٩ | ٩ | ٥ | ٧ |
| ٢ | زانست | بایۆلۆجی | ٧ | ٢٦ | ٣ | ٨ |
| | | کیمیا | ٥ | ٦ | ٥ | ٥ |
| | | کۆمپیوتەر | ١٦ | ١٢ | ٥ | ٥ |
| | | فیزیا | ٧ | ٩ | ٥ | ٦ |
| | | ماتماتیك | ٥ | ٦ | ٥ | ٥ |
| | | جیۆلۆجی | ٥ | ١٢ | ٥ | ٤ |
| ٣ | پەروەردە | فیزیا | ٢ | ٦ | ٢ | ٦ |
| | | ماتماتیک | ٢ | ٥ | ١ | ٢ |
| | | کیمیا | ٢ | ١٠ | ٢ | ٤ |
| | | بایۆلۆجی | ٥ | ٢١ | ٣ | ٧ |
| ٤ | پەروەردەی بنەڕەتی | زمانی ئینگلیزی | ٥ | ٣٨ | ٢ | ١٦ |
| | | زانستی کومپیوتەر | ٤ | ٧ | ٥ | ١٠ |
| | | زانستە بیرکاریەکان | ٣ | ٦ | ٣ | ٢٢ |
| | | زانستە کۆمەلایەتیەکان | ٢ | ٢٠ | ٨ | ١٢ |
| | | باخچەی منداڵان | - | ٣٤ | - | ١٧ |
| | | پەروەردەی هونەری | ٢ | ٨ | ١ | ٤ |
| | | زمانی کوردی | ١٦ | ٣٨ | ٣ | ٥ |
| | | پەروەردەی تایبەت | ٧ | ٢٦ | ٢ | ٦ |
| ٥ | زمان | کوردی | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٤ |
| | | عەرەبی | ٤ | ٧ | ٣ | ٧ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ئینگلیزی | ٤ | ٧ | ٤ | ٧ |
| | | وەرگێڕان | ٥ | ٦ | ٤ | ٧ |
| | | فارسی | ٤ | ٧ | ٤ | ٦ |
| ٦ | زانسته مرۆڤایەتیەکان | کۆمەڵناسی | ١٠ | ١٠ | ٥ | ١٠ |
| | | مێژوو | ٥ | ٨ | ٥ | ١٠ |
| | | ڕاگەیاندن | ٥ | ٩ | ٥ | ٩ |
| | | شوێنەوار | ٥ | ١٢ | ٥ | ٨ |
| | | کاری کۆمەلایەتی | ٥ | ٨ | ٥ | ٨ |
| | | فەلسەفە و توێژینەوە کلتوریەکان | ٢ | ١٢ | ٣ | ١٠ |
| | | پەیوەندییە گشتیەکان | ١٠ | ١٠ | - | - |

## ٤.٣ ئامڕازەکانی توێژینەوە(Study Instruments):

هەڵبژاردنی ئامڕاز بۆ هەر توێژینەوەیەک یەکێکە لەمەرجە زانستیەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە،کە دەبێت لەگەڵ سروشتی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەدا بگونجێت.بۆیە ئامڕازەکان جۆراو جۆرن و لە توێژینەوە زانستییەکاندا بەکاردێت وەک(ڕاپرسی،تێبینیکردن، چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوە)(جودة،١٩:٢٠٠٨)بۆگەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە واپێویست بوو توێژەر بۆپێوانەکردنی هەریەك لە گۆڕاوەکانی(تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن، پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی) پێوەری گونجاو ئامادەبکات هەروەك لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

### ١.٤.٣ پێوەری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن(ICT):

لەبەرنەبوونی پێوەرێکی گونجاو بەزمانی کوردی، توێژەر هەستا بەئامادەکردنی پێوەرێك بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوی(تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن)توێژەر بەرەو کرداری بنیاتنان ئاڕاستەی گرت (Allen & Yen )ئاماژە بەوە دەکەن، کەکرداری بنیاتنانی هەر پێوەرێك بەگشتی بەچوار قۆناغی سەرەکیدا دەڕوات،کەبریتیین لە:-

١. پلاندانان بۆ پێوەرەکە و دیاری کردنی ئەو بوار و تەوەرانەی بڕگەکان لەخۆدەگرێت.
٢. داڕشتنی بڕگەکان بەپێی ئەو تەوەر و لایەنانەی دیاریکراوە.
٣. جێبەجێکردنی بڕگەکان بەسەر سامپڵێك لەکۆمەڵگای توێژینەوەکە.

٤. شیکارکردنی بڕگەکانی پێوەرەکە.

### ١.١.٤.٣ ئەنجامدانی ڕاپرسی کراوە:

توێژەر ڕاپرسی کراوەی ئەنجامدا بۆ(٢٠) خوێندکاری زانکۆ بە پشت بەستن بەشارەزاییان، بەوەش دەتوانین زانیاری بەسوودمان دەست بکەوێت. پرسیارەکەش بریتی بوولە (بەڕای بەڕێزتان ئەو پرسیارانە چین، کە ئاماژەن بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لای خوێندکارانی زانکۆ؟) هەروەك لەپاشکۆی (١)ڕوونکراوەتەوە ،دوای کۆکردنەوەی ڕاپرسییەکە توێژەر توانی(٤٩) بڕگە ئامادە بکات،بەپشت بەستن بەدووبارە بوونەوەی وەڵامەکان زیاد لەجارێك هەروەك لە پاشکۆی(٢) ڕوونکراوەتەوە.

### ٢.١.٤.٣ داڕشتنەوەی بڕگەکان:

توێژەر بۆ ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوەرەکەی گەڕایەوە بۆتوێژینەوەکانی پێشووتر بەوەش توانی سوود لەدوو توێژینەوەی پێشووتر وەربگرێت، کەبریتی بوون لە توێژینەوەی (ضیف الله نسیمة،٢٠١٧،٤٧٢)هەروەها توێژینەوەی (Sharif A and All,2019:5) بەمەبەستی سوود وەرگرتن لێیان بۆ بنیاتنانی پێوەرەکە.بۆ هەڵسەنگاندنی پێوەرەکەش لەڕوی زمانەوانیەوە خرایە بەردەست(٥)پسپۆڕی زمانی کوردی وەك لەپاشکۆی(٣)خراوەتە ڕوو.

### ٣.١.٤.٣ ڕاستگۆی ڕواڵەت:

مەبەست لەڕاستگۆیی تاقیکردنەوەی ڕادەی توانایەتییە لەسەر پێوانەی ئەو بوارەی، کەبۆی دانراوە،ئەگەر مامۆستا تاقیکردنەوەیەکی کرد بۆ پێوانەکردنی توانای فێرخواز لەسەر ڕێکاری پرۆسەی لێکدان ئەم تاقیکردنەوەیە ڕاست دەبێ، ئەگەر لەسەر ئەم توانایە ئەنجام بدرێ،بەڵام ناڕاست دەبێ، ئەگەر توانایەکی تر پێوانە بکات(النوح،٢٠٠٤:١٤٠)،

بۆدیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی، توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان،بۆ ئەو مەبەستەش پێوانەکە خرایە بەردەست (٢٣)شارەزاو پسپۆڕی(ڕێگاکانی وانەوتنەوە ودەروونزانی و کۆمپیوتەر)هەروەك لەپاشکۆی (٤)ڕوونکراوەتەوە،داوایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەرببڕن وهەرگۆڕانکاریەك پێیان باشە پێشنیازی بکەن،هەروەك لەپاشکۆی(٥)ڕوونکراوەتەوە ،دوای کۆکردنەوەی فۆڕمەکان،بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە، کەڕێژەی ڕێککەوتن

لەسەرمانەوەیان(٩٠%)بوو،بەم شێوەیەلە کۆی(٤٩)بڕگە (١٨) بڕگە لابران، کە بریتی بوون لە بڕگەکانی(٦،٧،٨،١٠،١٢،١٧،٢٣،٢٥،٢٩،٣٦،٣٨،٤٢،٤٣،٤٤،٤٦،٤٧،٤٩)هەروەها بەپێی پێشنیاری پسپۆڕان گۆڕانکاری لە(٨)بڕگەدا کرا، کەبریتیبوون لە بڕگەکانی(١،٢،٣،٤،٩،١١،٣٧،٤٠) و (٢٣) بڕگە وەك خۆیان مانەوە، کە بریتیبوون لە بڕگەکانی (٥،١٣،١٤،١٥،١٦،١٨،١٩،٢٠،٢١،٢٢،٢٣،٢٥،٢٧،٣٠،٣١،٣٢،٣٣،٣٤،٣٥،٣٩،٤١) بڕوانە پاشکۆی(٦)بەم جۆرەش ژمارەی بڕگەکان بوون بە (٣١)بڕگە هەروەك لە پاشکۆی (٧) ڕوونکراونەتەوە.

### ٤.١.٤.٣ شیکردنەوەی ئاماری بۆ برگەکانی پێوەری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن:

بەمەبەستی دڵنیا بوون لە بوونی مەرجەکانی ڕاستگۆیی وجێگیری وتوانای جیاکاری لە نێوان بڕگەکانی پێوانە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن توێژەر شیکاری ئاماری بۆ سەرجەم برگەکانی پێوانەکە ئەنجامدا لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

### ١.٤.١.٤.٣ هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوەرەکە:

ئەم ڕێگەیە پشت بەجیاکاری دەبەستێت لەنێوان ئەو تاکانەی تایبەتمەندی پێوانەکراویان تێدا بەدیدەکرێت و ئەوانەی تیایاندا بەدیناکرێت.ئەم ڕێگەیە ئاماژەیەکی خێرا بەڕادەی ڕاستگۆیی پێوانەکە دەدات(عبدلرحمن،١٩٩٨ل:١٩٢) ، توێژەر هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوانە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردنی دەرهێناوە بە پشت بەستن بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

أ. ڕیزبەندی کردنی ئەو نمرانە، کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستیان هێناوە لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە.

ب.دابەشکردنی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ دوو گروپ،گروپێك، کە زۆرترین نمرەیان بە دەستهێناوە بە ڕێژەی (٢٧%) کە ژمارەیان (٣٠) خوێندکار بوو، وە گروپێك، کە کەمترین نمرەیان بە دەست هێناوە بە ڕێژەی (٢٧%)، کە ژمارەیان (٣٠) خوێندکار بوو ، وە دورخستنەوەی ئەو گروپەی، کە ناوەندبوون.

ج. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوونموونەی سەربەخۆ (Independent Sample T-Test) بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر برگەیەك.لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە

جگــه لەبڕگــەکانی(٣١،١٤،١٣) ســەرجەم بڕگەکــانی پێــوەری تەکنــەلۆجیای زانیــاری و پەیوەندیکردن توانای جیاکاریان هەیە،وەك لە خشتەی (٨) خڕاوەتەروو.

خشتەی (٨): هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوانە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن

| ژمارەی برگە | گروپی نمرە بەرزەکان | | گروپی نمرە نزمەکان | | نرخی تائی هەژمارکراو |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | |
| ١ | ٣.٨٠٠ | ٠.٧٦١ | ٢.٦٣٣ | ١.٠٦٦ | ٤.٨٨١ |
| ٢ | ٤.١٦٧ | ٠.٧٤٧ | ٢.٨٦٧ | ٠.٩٣٧ | ٥.٩٤٦ |
| ٣ | ٤.٥٦٧ | ٠.٧٧٤ | ٣.٤٣٣ | ١.١٦٥ | ٤.٤٤١ |
| ٤ | ٣.٧٣٣ | ٠.٦٩١ | ٢.٥٠٠ | ١.٠٧٥ | ٥.٢٨٨ |
| ٥ | ٣.٩٦٧ | ٠.٨٠٩ | ٣.١٦٧ | ١.٠٢٠ | ٣.٣٦٨ |
| ٦ | ٣.٩٦٧ | ٠.٧١٨ | ٢.٤٦٧ | ١٣٧.١ | ٦.١١٣ |
| ٧ | ٤.٣٦٧ | ٠.٦٦٩ | ٢.٠٣٣ | ١.١٥٩ | ٩.٥٥٥ |
| ٨ | ٣.٧٠٠ | ٠.٨٧٧ | ٢.٦٠٠ | ١.٠٧٠ | ٤.٣٥٧ |
| ٩ | ٤.٣٦٧ | ٠.٥٥٦ | ٢.٦٦٧ | ٠.٩٩٤ | ٨.١٧٨ |
| ١٠ | ٤.٤٣٣ | ٠.٦٢٦ | ٢.٦٦٧ | ١.١٨٤ | ٧.٢٢٧ |
| ١١ | ٣.٦٦٧ | ٠.٨٤٤ | ٢.٧٠٠ | ١.١٤٩ | ٣.٧١٥ |
| ١٢ | ٤.٠٠٠ | ٠.٦٩٥ | ٢.٨٠٠ | ١.٠٩٥ | ٥.٠٦٩ |
| ١٣ | ٣.٤٣٣ | ١.٠٧٣ | ٢.٩٣٣ | ١.١٧٢ | ١.٧٢٤ |
| ١٤ | ٣.٩٠٠ | ٠.٩٩٥ | ٣.٤٠٠ | ١.١٦٣ | ١.٧٩١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | ٤.٢٣٣ | ٠.٧٧٤ | ٢.٧٠٠ | ١.٢٦٤ | ٥.٦٧١ |
| ١٦ | ٤.٤٣٣ | ٠.٧٢٨ | ٣.٠٣٣ | ١.٠٦٦ | ٥.٩٤٣ |
| ١٧ | ٣.٩٠٠ | ٠.٧٥٩ | ٢.٨٠٠ | ١.١٥٧ | ٤.٣٥٧ |
| ١٨ | ٣.٩٣٣ | ٠.٧٤٠ | ٢.٦٣٣ | ٠.٨٩٠ | ٦.١٥٦ |
| ١٩ | ٣.٩٠٠ | ٠.٧٥٩ | ٢.٦٦٧ | ١.١٥٥ | ٤.٨٩١ |
| ٢٠ | ٤.٣٣٣ | ٠.٧١١ | ٢.٦٦٧ | ١.٠٦١ | ٧.١٤٩ |
| ٢١ | ٣.٧٦٧ | ٠.٩٧١ | ٢.٨٠٠ | ١.٠٩٥ | ٣.٦١٨ |
| ٢٢ | ٣.٩٦٧ | ٠.٧١٨ | ٢.٧٦٧ | ٠.٨٩٨ | ٥.٧٢٠ |
| ٢٣ | ٤.٥٣٣ | ٠.٥٧١ | ٢.٩٠٠ | ٠.٩٢٣ | ٨.٢٤٦ |
| ٢٤ | ٤.٢٣٣ | ١.٠٤٠ | ٢.٥٣٣ | ١.١٣٧ | ٦.٠٤٧ |
| ٢٥ | ٤.٢٦٧ | ١.٠٤٨ | ٢.٩٣٣ | ١.٠٨١ | ٤.٨٥٣ |
| ٢٦ | ٣.٩٣٣ | ١.٣٨٨ | ٢.٨٣٣ | ١.٣٦٧ | ٣.٠٩٥ |
| ٢٧ | ٣.٨٦٧ | ١.٠٤٢ | ٢.٧٦٧ | ٠.٧٢٨ | ٤.٧٤٣ |
| ٢٨ | ٤.١٦٧ | ١.٠٥٣ | ٣.٠٣٣ | ١.٠٩٨ | ٤.٠٨٢ |
| ٢٩ | ٤.١٠٠ | ٨٠٣.٠ | ٢.٩٠٠ | ٠.٨٠٣ | ٥.٧٩١ |
| ٣٠ | ٣.٩٣٣ | ٠.٩٨٠ | ٣.٢٣٣ | ١.١٠٤ | ٢.٥٩٨ |
| ٣١ | ٣.٠٠٠ | ١.٢٨٧ | ٢.٧٦٧ | ١.١٠٤ | ٠.٧٥٤ |

## ٣.٤.١.٤.٣ پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەك بە نمرەی گشتی پێوەرەکە:

بەمەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەك بە نمرەی گشتی پێوەری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن،توێژەر بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS)هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(person) ی لەنێوان بڕگەکانی پێوانەکە بە کۆی گشتی پێوانەکەی دۆزیەوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە جگە لەبڕگەکانی (١٣،١٤،٢١،٢٦،٢٨،٣٠،٣١) سەرجەم هاوکۆلکەکانی برگەکانی دیکە بەڵگەداری ئاماریان هەبوو لە سەر ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)،بەم شێوەیەش(٢٤)بڕگەمایەوە،هەروەك لەپاشکۆی(٨) ڕونکراوەتەوە، بڕوانە خشتەی (٩).

**خشتەی (٩): هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوان تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن**

| ژ.بڕگە | بەهای پەیوەندی پێرسۆن بەکۆی گشتی پێوانەکە | ئاستی بەڵگەداری | ژ.بڕگە | بەهای پەیوەندی پێرسۆن بەکۆی گشتی پێوانەکە | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠.٥٦٦ | ٠.٠٠٠ | ١٧ | ٠.١٩٩ | ٠.٠٣٥ |
| ٢ | ٠.٤٤٧ | ٠.٠٠٠ | ١٨ | ٠.٣١١ | ٠.٠٠١ |
| ٣ | ٠.٣٧١ | ٠.٠٠٠ | ١٩ | ٢٧٨.٠ | ٠.٠٠٣ |
| ٤ | ٠.٤١٧ | ٠.٠٠٠ | ٢٠ | ٠.٢٧٨ | ٠.٠٠٣ |
| ٥ | ٠.٢٤٤ | ٠.٠١٠ | ٢١ | ٠.١٨٩ | ٠.٠٤٥ |
| ٦ | ٠.٢٣٧ | ٠.٠١٢ | ٢٢ | ٠.٤٢٧ | ٠.٠٠٠ |
| ٧ | ٠.٣٥٣ | ٠.٠٠٠ | ٢٣ | ٠.٢٥٦ | ٠.٠٠٦ |
| ٨ | ٠.٢٣٧ | ٠.٠١٢ | ٢٤ | ٠.٢٣٧ | ٠.٠١٢ |
| ٩ | ٠.٣٢٠ | ٠.٠٠١ | ٢٥ | ٠.٣٢٨ | ٠.٠٠٠ |
| ١٠ | ٠.٣٩٧ | ٠.٠٠٠ | ٢٦ | ٠.١٨٩ | ٠.٠٤٥ |
| ١١ | ٠.٢٤٢ | ٠.٠١٠ | ٢٧ | ٠.٢٩٣ | ٠.٠٠٢ |
| ١٢ | ٠.٢٠١ | ٠.٠٣٤ | ٢٨ | ٠.٠٢٣ | ٠.٨١٢ |
| ١٣ | ٠.٠٨٠- | ٠.٩٣٢ | ٢٩ | ٠.٢٩٠ | ٠.٠٠٢ |
| ١٤ | ٠.٠٢١- | ٠.٨٣٠ | ٣٠ | ٠.١٤٨- | ٠.١١٩ |
| ١٥ | ٠.٢٧٨ | ٠.٠٠٣ | ٣١ | ٠.١٥٧- | ٠.٠٩٨ |
| ١٦ | ٠.٣٤٣ | ٠.٠٠٠ | | | |

### ٥.١.٤.٣ جێگیری:

مەبەست لە جێگیری هەر پێوەرێك ئەوەیە، ئەگەر پێوەرێك بەسەر كۆمەڵێك تاكدا جێبەجێ كراو چاودێری نمرەكانی هەرتاكێك بكرێت تیایدا.وە دووبارە پێوانەكەبەسەر هەمان تاكەكانی ئەو گروپەدا لەهەمان بارودۆخدا دووبارە كرایەوە و هەمان ئەنجام دەست كەوت، ئەوا دەردەكەوێت پێوەرەكە بەتەواوی جێگیرە(الحموز،٢٠٠٤:٢١٨) توێژەربۆدیاریكردنی جێگیری پێوانەكەی چەندڕێگەیەكی بەكار هێنا وەك:-

### یەكەم: ڕێگەی تاقیكردنەوە ودووبارە تاقیكردنەوە:

لەم ڕێگەیەدا ئامرازی توێژینەوەكە دوو جار بەسەرهەمان سامپڵدا جێبەجێ دەكرێتەوە، بەمەرجێك ماوەی زەمەنیان لە(٢١)ڕۆژ كەمتر نەبێت ،دواتر ئەو هاوكۆلكە پەیوەندییەی دەستمان دەكەوێت ڕادەی جێگیری پێوانەكە نیشان دەدات،جێگیری پێوانەكە بەشێوازی(Test-retest)ئاشكرا كرا،بۆجاری یەكەم لەڕێكەوتی(٢٠٢١/١٢/٢١)پێوانەكە بەسەر(١١٢)خوێندكاردا جێبەجێكرا،كە بەشێك بوون لەكۆمەڵگەی توێژینەوە كەپێك هاتبوون لەڕەگەزی نێرو مێ،هەروەك لەپاشكۆی(٩)ڕونكراوەتەوە، دوای تێپەڕبوونی (٢٢) ڕۆژلەڕێكەوتی(٢٠٢٢/١/١٢)دووبارە پێوانەكە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێكرایەوە دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامی یەكەم ودووەم لەڕێگەی هاوكۆلكەی پەیوەندی پێرسۆن(person)دۆزرایەوە،لەئەنجامدا دەركەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەكەم ودووەم بریتیە لە(٠،٨٣٩)ئەمەش پەیوەندیەكی بەهێزەو ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە جێگێری پێوانەكە بەرزە،هەروەك لە خشتەی(١٠)ڕوونكراوەتەوە.

خشتەی (١٠): هاوكۆلكەی جێگیری بۆ پێوانەی تەكنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیكردن

| جێ بەجێكردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوكۆلكەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەكەم | ١٠٦.٧٣ | ١٥.٩١٥ | ٠.٨٣٩ |
| دووەم | ١٠٦.٥٠ | ١٥.٨٠٦ | |

## دووەم: ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ:

توێژەر جێگیری پێوانەکەی بەڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ دۆزیەوە،کەیەکێکە لەڕێگەکانی دیاریکردنی گونجاندنی ناوەکی،پاش جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر(١١٢) خوێندکاری نموونەی سەرەتایی دەرکەوت ،ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بریتیە لە(٠.٩٢) ئەمەش جێگیرییەکی بەرزە.

## ٦.١.٤.٣ تایبەتمەندی پێوەری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن

تـوێژەر دوای ئەوەی ڕاسـتگۆیی و جێگیــری بـۆ پێــوەری تەکنــەلۆجیای زانیــاری و پەیوەندیکردن دیاریکرد،پێوانەکە بەشێوەی کۆتایی(٢٤)بڕگەی مایەوە،بەشێوەیەکی گشتی بڕگەکان ڕوون بوون لەلای خوێندکارانی زانکۆ و کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە(٧)خولەك بـوو. هەروەهـا بژاردەکـانی وەڵامـدانەوە لەنـاوەڕۆکی بڕگەکـان بەجـۆری پێـنج بـژاردە داڕێژرابـوو واتە(٥)بـژاردە لەبەرامـبەر بڕگەکـان هەیە،کەبـریتین لە(هەمیشــە ، زۆرجــار ، هەندێکجار ، بەدەگمەن ، هەرگیز)بەهای بژاردەکان بـریتیە لە(١،٢،٣،٤،٥)بەهەمـان ڕیزبەنـدی بەرامــبەر بڕگەنەرێنییەکــان نمرەکــان پــێچەوانە دەبنەوە،بـڕگە نەرێنیەکــانیش بــریتین لە(٥،٤،٣،٢،١). واتە بەرزترین نمرەی پێوەرەکە (١٢٠) نمرەیە و نزمترین نمرە (٢٤) نمرەیە.

## ٢.٤.٣ پێوەری پاڵنەری فێربوون:

لەبەرنەبوونی پێوەرێکی گونجاو بەزمانی کوردی توێژەر هەستا بەئامادەکردنی پێوەرێك بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوی(پاڵنەری فێربوون)بۆ ئەم مەبەستەش ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجام درا:-

## ١.٢.٤.٣ ئەنجامدانی ڕاپرسی کراوە:

توێژەر ڕاپرسی کراوەی ئەنجامدا بۆ(١٠) پسپۆڕی دەروونزانی پەروەردەیی بە پشت بەستن بەشارەزاییان بەوەش دەتوانین زانیاری بەسوودمان دەست بکەوێت، پرسیارەکە بریتی بوو لە (بەڕای بەڕێزتان ئەو پرسیارانە چین، کە ئاماژەن بۆ بونی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆ؟) هەروەك لەپاشکۆی (١٠)ڕوونکراوەتەوە ،دوای کۆکردنەوەی ڕاپرسییەکە توێژەر توانی(١٣) بڕگە ئامادە بکات هەروەك لە پاشکۆی(١١)ڕوونکراوەتەوە.

### ٢.٢.٤.٣ داڕشتنەوەی بڕگەکان:

توێژەر بۆئامادەکردنی بڕگەکانی پێوەرەکە گەڕایەوە بۆتوێژینەوەکانی پێشووتر توانی سوود وەربگرێت لە توێژینەوەی(قطامی)لەساڵی(١٩٨٩) ئامادەکراوە،بەپشت بەستن بەدوو پێوانەی پاڵنەری فێربوونی قوتابخانەیی،ئەوانیش پێوانەی(Kozeki & Entwistle,1988)و پێوانەی(Russel)بۆ پاڵنەری فێربوون،بەشێوەیەکی سەرەتایی پێوانەکە پێکهاتبوو لە(٦٠) بڕگە، دواتر لەساڵی(١٩٩٢)گۆڕانکاری تیاکرا و(٢٤)بڕگەی لابرا و پێوانەکە بوو بە(٣٦)بڕگە،ئەم پێوەرە لەساڵی(٢٠٢٠)لەلایەن (حمد)وەرگیراوە و کردوویەتی بە(٢٢)بڕگە و وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی بۆ کردووە،توێژەر سوودی لەو توێژینەوانە وەرگرتوو توانی(١٥)بڕگەی لێوەربگرێت و بەجۆرێك دایڕێژێتەوە، کە لەگەڵ کۆمەڵگای توێژینەوەکەیدا بگونجێت ،هەروەك لە پاشکۆی (١٢)ڕوونکراوەتەوە.

### ٣.٢.٤.٣ ڕاستگۆی ڕواڵەت:

مەبەست لە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی، ئامرازی توێژینەوە ئایا ئامرازەکە لەڕووکەش و ڕواڵەتدا، تاچەند دیاردەکە ئەپێوێت.وەڕادەی بڕگەکانی پێوەرەکە تەنها ئەو گۆڕاوەی بۆی دانراوە پێوانە دەکات(بۆکانی،٢٠١٦ل:١٧٤).بۆدیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان. بۆ ئەو مەبەستەش پێوەرەکە خرایە بەردەست(١٣)شارەزاو پسپۆڕی(ڕێگاکانی وانەوتنەوە ودەروونزانی پەروەردەیی)هەروەك لەپاشکۆی (١٣)ڕوونکراوەتەوە.داوایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەربڕن وهەرگۆڕانکارییەك پێیان باشە پێشنیازی بکەن، هەروەك لەپاشکۆی(١٤)ڕوونکراوەتەوە ،دوای کۆکردنەوەی فۆڕمەکان،بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە، کەڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەوەیان (٩٠%)بوو،بەم شێوەیەلە کۆی(٢٨)بڕگە (٦) بڕگە لابران، کە بریتی بوون لە بڕگەکانی(١،٢،٧،١٠،١٧،١٨) هەروەها بەپێی پێشنیاری پسپۆڕان گۆڕانکاری لە(٧)بڕگەدا کرا، کە بریتیبوون لە بڕگەکانی (٥،٩،١١،١٢،٢١،٢٢،٢٦) و(١٥) بڕگە وەك خۆیان مانەوە، کە بریتیبوون لە بڕگەکانی (٣،٤،٦،٨،١٣،١٤،١٥،١٦،١٩،٢٠،٢٣،٢٤،٢٥،٢٧).بڕوانە پاشکۆی(١٥)بەم جۆرەش ژمارەی بڕگەکان بوون بە (٢٢)بڕگە هەروەك لە پاشکۆی (١٦) ڕوونکراونەتەوە.

## ٤.٢.٤.٣ شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی پێوەری پاڵنەری فێربوون

بەمەبەستی دڵنیا بوون لە بوونی مەرجەکانی ڕاستگۆیی وجێگیری وتوانای جیاکاری لە نێوان برگەکانی پێوەری پاڵنەری فێربووندا توێژەر شیکاری ئاماری بۆ سەرجەم برگەکانی پێوەرەکە ئەنجامدا لە ریگەی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:-

### ١.٤.٢.٤.٣ هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەرەکە:

ئەم ڕێگەیە پشت بەجیاکاری دەبەستێت لەنێوان ئەو تاکانەی تایبەتمەندی پێوانەکراویان تێدا بەدیدەکرێت و ئەوانەی تیایاندا بەدیناکرێت.ئەم ڕێگەیە ئاماژەیەکی خێرا بەڕادەی ڕاستگۆیی پێوانەکە دەدات(عبدلرحمن،١٩٩٨ل:١٩٢)،توێژەر هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوەری پاڵنەری فێربوون دەرهێناوە به پشت بەستن بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:-

أ. ڕیزبەندی کردنی ئەو نمرانە، کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستیان هێناوە لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە.

ب.دابەشکردنی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ دوو گروپ،گروپێك کە زۆرترین نمرەیان بە دەستهێناوە بە ڕێژەی (٢٧%)، کە ژمارەیان (٣٠) خوێندکار بوو، وە گروپێك، کە کەمترین نمرەیان بە دەست هێناوە بە ڕێژەی (٢٧%)، کە ژمارەیان (٣٠) خوێندکار بوو ، وە دوورخستنەوەی ئەو گروپەی، کە ناوەندبوون.

ج. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوونموونەی سەربەخۆ (Independent Sample T-Test) بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر بڕگەیەك،لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە جگە لەبڕگەکانی(١،٦)سەرجەم برگەکانی پێوانەی پێوانەی پاڵنەری فێربوون هەیە. وەك لە خشتەی (١١) خڕاوەتەروو.

**خشتەی (١١): هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەری پاڵنەری فێربوون**

| ژمارەی برگە | گروپی نمرە بەرزەکان | | گروپی نمرە نزمەکان | | نرخی تائی هەژمارکراو |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | |
| ١ | ٣.٣٦٧ | ١.٢١٧ | ٢.٩٦٧ | ١.٢١٧ | ١.٢٧٣ |
| ٢ | ٤.١٠٠ | ٠.٩٩٥ | ٢.٦٠٠ | ٠.٨٩٤ | ٦.١٤٤ |
| ٣ | ٤.٢٦٧ | ٠.٨٢٨ | ٢.٦٣٣ | ١.١٢٩ | ٦.٣٩٤ |
| ٤ | ٤.٧٠٠ | ٠.٥٩٦ | ٢.٧٠٠ | ٠.٩٥٢ | ٩.٧٥٦ |
| ٥ | ٤.٠٠٠ | ١.٠١٧ | ٢.٠٦٧ | ٠.٨٢٨ | ٨.٠٧٩ |
| ٦ | ٢.١٦٧ | ١.٢٦٢ | ٢.٩٣٣ | ١.٢٠٢ | -٢.٤١١ |
| ٧ | ٣.٩٣٣ | ١.٠٤٨ | ٢.٧٦٧ | ١.١٦٥ | ٤.٠٧٩ |
| ٨ | ٤.٤٣٣ | ٠.٦٧٩ | ٢.٧٦٧ | ١.٠٧٣ | ٧.١٩٤ |
| ٩ | ٤.٨٠٠ | ٠.٤٠٧ | ٣.١٠٠ | ١.٠٦٢ | ٨.١٩٢ |
| ١٠ | ٤.٩٣٣ | ٢٥٤.٠ | ٣.٥٠٠ | ١.٠٤٢ | ٧.٣٢٢ |
| ١١ | ٤.٨٣٣ | ٠.٤٦١ | ٢.٧٣٣ | ٠.٨٢٨ | ١٢.١٤٦ |
| ١٢ | ٤.٧٠٠ | ٠.٤٦٦ | ٣.١٠٠ | ٠.٨٤٥ | ٩.٠٨٧ |
| ١٣ | ٤.٤٣٣ | ٠.٩٧١ | ٢.٩٦٧ | ١.١٥٩ | ٥.٣١٤ |
| ١٤ | ٤.٨٠٠ | ٠.٤٠٧ | ٣.٣٠٠ | ١.١١٩ | ٦.٩٠٥ |
| ١٥ | ٤.٤٣٣ | ٠.٧٢٨ | ٢.٨٣٣ | ١.١٧٧ | ٦.٣٣٦ |
| ١٦ | ٤.٥٣٣ | ٠.٥٠٧ | ٢.٩٣٣ | ١.٠١٥ | ٧.٧٢٨ |
| ١٧ | ٤.٥٠٠ | ٠.٧٧٧ | ٢.٥٣٣ | ٠.٩٧٣ | ٨.٦٥٥ |
| ١٨ | ٤.٠٠٠ | ١.٠٥٠ | ٢.٦٠٠ | ١.٣٨٠ | ٤.٤٢٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩ | ٤.٩٣٣ | ٠.٢٥٤ | ٣.٦٠٠ | ١.١٣٣ | ٦.٢٩٥ |
| ٢٠ | ٥.٠٠٠ | ٠.٠٠٠ | ٣.٥٦٧ | ١.٣٥٧ | ٥.٧٩٠ |
| ٢١ | ٤.٦٠٠ | ٠.٧٧٠ | ٢.٧٠٠ | ١.٠٥٥ | ٧.٩٦٩ |
| ٢٢ | ٤.٢٦٧ | ٠.٨٦٨ | ٣.٠٣٣ | ٠.٩٢٨ | ٥.٣١٩ |

### ٢.٤.٢.٤.٣ پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك بە نمرەی گشتی پێوەرەکە:

بەمەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەك بە نمرەی گشتی پێوەری پاڵنەری فێربوون، توێژەر بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS)هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(person) ی لەنێوان بڕگەکانی پێوەرەکە بە کۆی گشتی پێوەرەکە دۆزیەوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە جگە لەبڕگەکانی(١،٦،٧،١٨).سەرجەم هاوکۆلکەکانی برگەکانی دیکە بەڵگەداری ئاماریان هەبوو لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)، بەم شێوەیەش(١٨)بڕگەمایەوە،هەروەك لەپاشکۆی(١٧)ڕوونکراوەتەوە، وەك لە خشتەی ژمارە (١٢) دیارە.

خشتەی (١٢): هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەك بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوەری پاڵنەری فێربوون

| ژ.بڕگە | بەهای پەیوەندی پێرسۆن بەکۆی گشتی پێوانەکە | ئاستی بەڵگەداری | ژ.بڕگە | بەهای پەیوەندی پێرسۆن بەکۆی گشتی پێوانەکە | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠.١١٦ | ٠.٢٢٥ | ١٢ | ٠.١٩٢ | ٠.٠٤٥ |
| ٢ | ٠.١٥٥ | ٠.١٠٣ | ١٣ | ٠.١٩٣ | ٠.٠٤٦ |
| ٣ | ٠.٢٣٧ | ٠.٠١٢ | ١٤ | ٠.٢٠١ | ٠.٠٣٤ |
| ٤ | ٠.٢١٦ | ٠.٠٢٢ | ١٥ | ٠.٥٦٤ | ٠.٠٠٠ |
| ٥ | ٠.٢٥٦ | ٠.٠٠٦ | ١٦ | ٠.٢٩٣ | ٠.٠٠٢ |
| ٦ | ٠.٠٣٢ | ٠.٧٤٠ | ١٧ | ٠.٢٩٠ | ٠.٠٠٢ |
| ٧ | ٠.٠٢٣ | ٠.٨٠٦ | ١٨ | ٠.٠٤٠ | ٠.٦٧٧ |
| ٨ | ٠.٢٧٨ | ٠.٠٠٣ | ١٩ | ٠.٣٦٩ | ٠.٠٠٠ |
| ٩ | ٠.٢٣٧ | ٠.٠١٢ | ٢٠ | ٠.٤٤٩ | ٠.٠٠٠ |
| ١٠ | ٠.٢١٦ | ٠.٠٢٢ | ٢١ | ٠.٢١٣ | ٠.٠٢٣ |
| ١١ | ٠.٢٩٣ | ٠.٠٠٢ | ٢٢ | ٠.٥٦٦ | ٠.٠٠٠ |

### ٥.٢.٤.٣ جێگیری بۆ پێوەری پاڵنەری فێربوون:

#### یەکەم: رێگەی تاقیکردنەوە ودووبارە تاقیکردنەوە

بۆ زانینی جێگیری پێوەرەکە،توێژەر دووجار ئامرازی توێژینەوەکەی بەسەر هەمان نموونەدا جێ بەجێدەکات. بەمەرجێك ماوەی زەمەنیان لە(٢١)ڕۆژ کەمتر نەبێت ،دواتر ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەستمان دەکەوێت ڕادەی جێگیری پێوانەکە نیشان دەدات.جێگیری پێوانەکە بەشێوازی(Test-retest)ئاشکرا کرا،بۆجاری یەکەم لەڕێکەوتی(٢٠٢١/١٢/٢١)پێوانەکە بەسەر(١١٢)خوێندکاردا جێبەجێکرا،کە بەشێك بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە و پێك هاتبوون لەڕەگەزی نێرو مێ هەروەك لەپاشکۆی(١٨)ڕوونکراوەتەوە، دوای تێپەڕبوونی (٢٢) ڕۆژلەڕێکەوتی(٢٠٢٢/١/١٢)دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامی یەکەم ودووەم لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(person)دۆزرایەوە،لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم ودووەم بریتیە لە(٠.٩٣٥)ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزەو ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە جێگێری پێوانەکە بەرزە.هەروەك لە خشتەی(١٣)ڕوونکراوەتەوە

خشتەی (١٣): هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوەری پاڵنەری فێربوون

| جێ بەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ٨١.١٦ | ١٣.١٩٥ | ٠،٩٣٥ |
| دووەم | ٨١.٠٤ | ١٣.١٩٠ | |

#### دووەم: ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ:

توێژەرجێگیری پێوانەکەی بەڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ دۆزیەوە،کەیەکێکە لەڕێگەکانی دیاریکردنی گونجاندنی ناوەکی،پاش جێبەجێکردنی پێوەرەکە بەسەر(١١٢) خوێندکاری نموونەی سەرەتاییدا دەرکەوت ،کە ڕێژەی جێگیری پێوەرەکە بریتییە لە(٠.٩٠) ئەمەش جێگیریەکی بەرزە.

### ٦.٢.٤.٣ تایبەتمەندی پێوەری پاڵنەری فێربوون

تـوێژەر دوای ئەوەی ڕاسـتگۆیی وجێگیـری بـۆ پێـوەری(پاڵنـەری فێربـوون) دیـاریکرد، پێوانەکە بەشێوەی کۆتـایی(١٨)بـڕگەی مایەوە،بـەشێوەیەکی گشـتی بڕگەکـان ڕوون بـوون لەلای خوێنـدکارانی زانکـۆ و کـاتی پێویسـت بـۆ وەڵامـدانەوە(٥)خـولەك بـوو. هەروەهـا بژاردەکـانی وەڵامــدانەوە لەنــاوەڕۆکی بڕگەکــان لەجــۆری پێــنج بــژاردە داڕێژرابــوو، واتە(٥)بژاردە لەبەرامبەر بڕگەکان هەیە،کەبریتین لە(زۆر ڕازیم ، ڕازیم ، دودڵم، ناڕازیم ،زۆر ناڕازیم)بەهای بژاردەکان بریتیە لە(١،٢،٣،٤،٥)بەهەمان ڕیز بەندی بەرامبەر بڕگەنەرێنیەکـان نمرەکان پێچەوانە دەبنەوە ، بڕگە نەرێنیەکانیش بریتین لە(٥،٤،٣،٢،١) واتە بەرزترین نمـرەی پێوەرەکە (٩٠) نمرەیە و نزمترین نمرە (١٨) نمرەیە.

### ٣.٤.٣ پێوەری زیرەکی هەڵچوونی:

لەبەرنەبوونی پێوەرێکی گونجاو بەزمانی کوردی توێژەر هەستا بەئامادەکردنی پێوەرێك بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوی(زیرەکی هەلچوونی)بۆ ئەم مەبەستەش ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجام درا:-

### ١.٣.٤.٣ داڕشتنەوەی بڕگەکان:

توێژەر بۆ ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوەرەکە گەڕایەوە بۆتوێژینەوەکانی پێشووتر بەمـەش توانی سوود لەچەند توێژینەوەیـەکی پێشـووتر وەربگرێـت، کەبریتـی بـوون لە تـوێژینەوەی (حســــــن،٢٠١٣: ١٩١-١٩٤)، (علـــــــوان،١٤٢،٢٠١٠-١٤٣) ، (جـــــــامع،٢٠١٠: ١٧١-١٧٤)، (الكيكی،٢٠١٠:٢٢)هەروەها توێژینەوەی(سرحان،٢٠١٥:١١٧) بەمەبەستی سوود وەرگرتن لێیان بۆ ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوەرەکە.

### ٢.٣.٤.٣ ڕاستگۆی رواڵەت:

بۆدیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان،بۆ ئەو مەبەسـتەش پێوەرەکـە خـرایە بەردەسـت(١٣)شـارەزاو پسـپۆڕی(ڕێگاکـانی وانەوتنـەوە ودەروونزانــی پــەروەردەیی)هەروەك لەپاشـکۆی (١٩)ڕوونکراوەتەوە،داوایـان لێکـراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سـەبارەت بەگونجاوی بڕگەکـان و بژاردەکـان دەربـبڕن وهەرگۆڕانکـاریەك پێیـان باشـە پێشـنیازی بکەن،هـەروەك لەپاشـکۆی(٢٠)ڕوونکراوەتـەوە ،دوای کـۆکردنەوەی فۆڕمەکـان،بەپێی بۆچـوونی شـارەزایان تەنهـا ئەو بڕگـانە مـانەوە، کەڕێـژەی ڕێککەوتـن

لەسەرمانەوەیان (٩٠%)بوو.بەم شێوەیەلە کۆی(٤٠) بڕگە (٤) بڕگە لابران، کە بریتی بوون لە بڕگەکانی (٣٣،١٤،٨،٣) . هەروەها بەپێی پێشنیاری پسپۆڕان گۆڕانکاری لە(٩)بڕگەدا کرا، کەبریتیبوون لە بڕگەکانی(٣٩،٣٧،٣٥،٣٢،٢٩،١٧،١٢،٧،٦) و (٢٧) بڕگەش وەك خۆیان مانەوە، کەئەمانەبوون(٤٠،٣٨،٣٦،٣٤،٣١،٣٠،٢٨،٢٧،٢٦،٢٥،٢٤،٢٣،٢٢،٢١،٢٠،١٩،١٨،١٦،١٥،١٣،١٠،٩،٤،٢،١) بڕوانە پاشکۆی(٢١)بەم جۆرەش ژمارەی بڕگەکان بوون بە (٣٦)بڕگە هەروەك لە پاشکۆی (٢٢) ڕوونکراونەتەوە.

### ٣.٣.٤.٣ شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی:

بەمەبەستی دڵنیا بوون لە بوونی مەرجەکانی ڕاستگۆیی وجێگیری وتوانای جیاکاری لە نێوان برگەکانی پێوانە زیرەکی هەڵچوونییدا، توێژەر شیکاری ئاماری بۆ سەرجەم بڕگەکانی پێوانەکە ئەنجامدا لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:-

### ١.٣.٣.٤.٣ هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەرەکە:

ئەم ڕێگەیە پشت بەجیاکاری دەبەستێت لەنێوان ئەو تاکانەی تایبەتمەندی پێوانەکراویان تێدا بەدیدەکرێت و ئەوانەی تیایاندا بەدیناکرێت.ئەم ڕێگەیە ئاماژەیەکی خێرا بەڕادەی ڕاستگۆیی پێوانەکە دەدات(عبدلرحمن،١٩٩٨ل:١٩٢) ، توێژەر هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوانە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن دەرهێناوە بە پشت بەستن بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:-

أ. ڕیزبەندی کردنی ئەو نمرانەی، کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستیان هێناوە لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە.

ب.دابەشکردنی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ دوو گروپ،گروپێك کە زۆرترین نمرەیان بە دەستهێناوە بە ڕێژەی (٢٧%)، کە ژمارەیان (٣٠) خوێندکار بوو، وە گروپێك، کە کەمترین نمرەیان بە دەست هێناوە بە ڕێژەی (٢٧%)، کە ژمارەیان (٣٠) خوێندکار بوو ، وە دوورخستنەوەی ئەو گروپەی، کە ناوەندبوون.

ج. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوونموونەی سەربەخۆ (Independent Sample T-Test) بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر بڕگەیەك،لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە جگە لەبڕگەکانی(١٥،٨،٦) سەرجەم برگەکانی پێوانەی زیرەکی هەڵچوونی توانای جیاکاریان هەیە. وەك لە خشتەی ژمارە (١٤) خراوەتەروو.

**خشتەی (١٤): هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەری زیرەکی هەڵچونی**

| ژمارەی برگە | گروپی نمرە بەرزەکان | | گروپی نمرە نزمەکان | | نرخی تائی هەژمارکراو |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | |
| ١ | ٤.٦٣٣ | ٠.٦١٥ | ٣.٧٠٠ | ١.٠٥٥ | ٤.١٨٧ |
| ٢ | ٤.٦٠٠ | ٠.٥٦٣ | ٣.٥٦٧ | ١.٢٢٣ | ٤.٢٠٦ |
| ٣ | ٤.٠٦٧ | ٠.٩٨٠ | ٢.٦٦٧ | ٠.٩٥٩ | ٥.٥٩٥ |
| ٤ | ٤.٥٣٣ | ٠.٦٨١ | ٣.١٠٠ | ١.٢١٣ | ٥.٦٤٤ |
| ٥ | ٤.١٣٣ | ٠.٩٧٣ | ٢.٦٠٠ | ١.١٦٣ | ٥.٥٤٢ |
| ٦ | ٣.٩٣٣ | ١.٢٥٨ | ٣.٣٦٧ | ١.٢٤٥ | ١.٧٥٤ |
| ٧ | ٤.٢٣٣ | ٠.٧٢٨ | ٣.٢٠٠ | ١.٠٣١ | ٤.٤٨٨ |
| ٨ | ٣.٠٣٣ | ١.٢١٧ | ٢.٩٠٠ | ١.٢١٣ | ٠.٤٢٥ |
| ٩ | ٤.١٣٣ | ١.٠٤٢ | ٢.٩٣٣ | ٠.٩٤٤ | ٤.٦٧٧ |
| ١٠ | ٤.٨٠٠ | ٠.٤٠٧ | ٣.٢٦٧ | ١.١٤٣ | ٦.٩٢٧ |
| ١١ | ٤.٦٠٠ | ٠.٦٧٥ | ٣.٠٦٧ | ١.٠٨١ | ٦.٥٩٥ |
| ١٢ | ٤.٦٦٧ | ٠.٩٢٢ | ٣.١٦٧ | ١.٣١٥ | ٥.١١٧ |
| ١٣ | ٤.٧٣٣ | ٠.٦٤٠ | ٢.٩٦٧ | ١.١٥٩ | ٣١٢.٧ |
| ١٤ | ٤.٢٠٠ | ٠.٩٦١ | ٢.٤٠٠ | ٠.٩٦٨ | ٧.٢٢٩ |
| ١٥ | ٣.٤٠٠ | ١.٥٨٩ | ٢.٨٦٧ | ١.١٦٧ | ١.٤٨٣ |
| ١٦ | ٣.٧٣٣ | ١.٣٨٨ | ٢.٧٣٣ | ١.٠١٥ | ٣.١٨٧ |
| ١٧ | ٤.٥٣٣ | ٠.٨١٩ | ٢.٩٠٠ | ١.١٢٥ | ٦.٤٣١ |
| ١٨ | ٤.٥٠٠ | ٠.٧٧٧ | ٣.٠٠٠ | ٠.٨٧١ | ٧.٠٤٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩ | ٤.٦٠٠ | ٠.٦٢١ | ٣.٣٠٠ | ٠.٩٨٨ | ٦.١٠٤ |
| ٢٠ | ٤.٥٠٠ | ٠.٦٨٢ | ٣.٠٦٧ | ٠.٩٠٧ | ٦.٩١٩ |
| ٢١ | ٤.٦٠٠ | ٠.٥٦٣ | ٢.٨٦٧ | ١.٠٤٢ | ٨.٠٢١ |
| ٢٢ | ٤.٥٠٠ | ٠.٦٣٠ | ٣.٠٣٣ | ١.١٢٩ | ٦.٢١٧ |
| ٢٣ | ٣.٩٦٧ | ١.٢١٧ | ٢.٩٣٣ | ١.٠١٥ | ٣.٥٧٣ |
| ٢٤ | ٤.٦٣٣ | ٠.٦٦٩ | ٢.٩٠٠ | ١.١٢٥ | ٧.٢٥٨ |
| ٢٥ | ٤.٨٠٠ | ٠.٤٨٤ | ٣.١٦٧ | ١.٠٨٥ | ٧.٥٣١ |
| ٢٦ | ٤.٦٦٧ | ٠.٤٧٩ | ٣.١٣٣ | ١.٠٠٨ | ٧.٥٢٨ |
| ٢٧ | ٤.٥٦٧ | ٠.٥٦٨ | ٣.٠٦٧ | ١.١٤٣ | ٦.٤٤١ |
| ٢٨ | ٤.٨٠٠ | ٠.٤٠٧ | ٢.٨٦٧ | ١.١٠٦ | ٨.٩٩١ |
| ٢٩ | ٤.٤٣٣ | ٠.٧٢٨ | ٣.٣٦٧ | ٠.٩٩٩ | ٤.٧٢٧ |
| ٣٠ | ٤.٠٦٧ | ٠.٦٩١ | ٢.٧٠٠ | ٠.٨٧٧ | ٦.٧٠٦ |
| ٣١ | ٤.٥٠٠ | ٠.٥٧٢ | ٣.١٣٣ | ٠.٨١٩ | ٧.٤٩٤ |
| ٣٢ | ٤.٣٣٣ | ٠.٦٠٦ | ٢.٦٦٧ | ١.٠٢٨ | ٧.٦٥٠ |
| ٣٣ | ٤.٥٠٠ | ٠.٨٦١ | ٣.٠٦٧ | ١.٤٦١ | ٤.٦٣٣ |
| ٣٤ | ٤.٠٣٣ | ٠.٩٢٨ | ٢.٧٠٠ | ١.١٧٩ | ٤.٨٧٠ |
| ٣٥ | ٤.٢٠٠ | ٠.٩٩٧ | ٣.١٣٣ | ١.٣٨٣ | ٣.٤٢٩ |
| ٣٦ | ٤.٣٠٠ | ٠.٧٠٢ | ٣.١٣٣ | ١.١٦٧ | ٤.٦٩٥ |

### ٢.٣.٣.٤.٣ پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەك بە نمرەی گشتی پێوەرەکە:

بەمەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەك بە نمرەی گشتی پێوانە زیرەکی هەڵچوونی، توێژەربەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆزانستە کۆمەڵایەتییەکان

(SPSS)هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(person) ی لەنێوان بڕگەکانی پێوانەکە بە کۆی گشتی پێوانەکەی دۆزیەوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە جگە لەبڕگەکانی(٦،٨،١٥،١٦،٢٣،٣٤،٣٥)، سەرجەم هاوکۆلکەکانی بڕگەکانی دیکە بەڵگەداری ئاماریان هەبوو لە سەر ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥ )بەمەش(٢٩) بڕگەمایەوە،هەروەك لەپاشکۆی(٢٣)ڕونکراوەتەوە وەك لە خشتەی (١٥) دیارە.

**خشتەی (١٥): هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەك بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی**

| ژ.بڕگە | بەهای پەیوەندی پێرسۆن بەکۆی گشتی پێوانەکە | ئاستی بەڵگەداری | ژ.بڕگە | بەهای پەیوەندی پێرسۆن بەکۆی گشتی پێوانەکە | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠.٥٥٠ | ٠.٠٠١ | ١٩ | ٠.٣٥٦ | ٠.٠٠٠ |
| ٢ | ٠.٤٦٥ | ٠.٠٠٠ | ٢٠ | ٠.٢٩٦ | ٠.٠٠٢ |
| ٣ | ٠.٢٦٣ | ٠.٠٠٥ | ٢١ | ٠.١٩٣ | ٠.٠٤٦ |
| ٤ | ٠.٣٥٧ | ٠.٠٠٠ | ٢٢ | ٠.٢١٤ | ٠.٠٢٤ |
| ٥ | ٠.٢٩٦ | ٠.٠٠٢ | ٢٣ | ٠.٠٢٩ | ٠.٧٦٤ |
| ٦ | ٠.١٥٧ | ٠.٠٩٩ | ٢٤ | ٠.٣٥٨ | ٠.٠٠٠ |
| ٧ | ٠.٣١٩ | ٠.٠٠١ | ٢٥ | ٠.٢١٦ | ٠.٠٢٢ |
| ٨ | ٠.١٥٤ | ٠.١٠٥ | ٢٦ | ٠.٣٥٥ | ٠.٠٠٠ |
| ٩ | ٠.٢٣١ | ٠.٠١٤ | ٢٧ | ٠.٠٨٣ | ٠.٣٨٣ |
| ١٠ | ٠.٢٠٥ | ٠.٠٣٠ | ٢٨ | ٠.٣٧٨ | ٠.٠٠٠ |
| ١١ | ٠.٢٨٣ | ٠.٠٠٣ | ٢٩ | ٠.١٩٨ | ٠.٠٣٦ |
| ١٢ | ٠.٣١٩ | ٠.٠٠١ | ٣٠ | ٠.٢٦٥ | ٠.٠٠٥ |
| ١٣ | ٠.٢٧٤ | ٠.٠٠٣ | ٣١ | ٠.٣٧٧ | ٠.٠٠٠ |
| ١٤ | ٠.٣٥٨ | ٠.٠٠٠ | ٣٢ | ٠.٣١٩ | ٠.٠٠١ |
| ١٥ | ٠.٠٣٨ | ٠.٦٨٣ | ٣٣ | ٠.٢٩٣ | ٠.٠٠٢ |
| ١٦ | ٠.٠٨٠ | ٠.٤٠٤ | ٣٤ | ٠.٠٣٢ | ٠.٧٤٠ |
| ١٧ | ٠.١٩٩ | ٠.٠٣٦ | ٣٥ | ٠.١٤٧ | ٠.١٢٢ |
| ١٨ | ٠.٣٩٩ | ٠.٠٠٠ | ٣٦ | ٠.٢٠١ | ٠.٠٣٤ |

### ٣.٤.٣.٤ جێگیری بۆ پێوەری زیرەکی هەڵچوونی:

### یەکەم: رێگەی تاقیکردنەوە ودووبارە تاقیکردنەوە

بۆ دیاریکردنی ڕادەی جێگیری پێوەرەکە،توێژەر ئامڕازی توێژینەوەکە،دوو جار بەسەرهەمان سامپڵدا جێبەجێ دەکات، بەمەرجێك ماوەی زەمەنیان لە(٢١)ڕۆژ کەمتر نەبێت ،دواتر ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەستمان دەکەوێت ڕادەی جێگیری پێوەرەکە نیشان دەدات،جێگیری پێوەرەکە بەشێوازی(**Test-retest**)ئاشکرا کرا.بۆجاری یەکەم لەڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٢١) پێوانەکە بەسەر(١١٢)خوێندکاردا جێبەجێکرا،کە بەشێك بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوە کە،کەپێك هاتبوون لەڕەگەزی نێرو مێ، هەروەك لەپاشکۆی(٢٤)ڕوونکراوەتەوە. دوای تێپەڕبوونی (٢٢) ڕۆژلەڕێکەوتی(٢٠٢٢/١/١٢)دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە و دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامی یەکەم ودووەم لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(person)دۆزرایەوە.لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم ودووەم بریتییە لە(٠.٨٩)ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزەو ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە جێگیری پێوانەکە بەرزە.هەروەك لە خشتەی(١٦)ڕوونکراوەتەوە

خشتەی (١٦): هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوەری زیرەکی هەڵچوونی

| جێ بەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ١٣٣.٤٥ | ١٩.٤٣ | ٠،٨٩ |
| دووەم | ١٣٢.٣٠٤ | ٢١.٤٣ | |

### دووەم: ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ:

توێژەر جێگیری پێوانەکەی بەڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ دۆزیەوە،کەیەکێکە لەڕێگەکانی دیاریکردنی گونجاندنی ناوەکی،پاش جێبەجێکردنی پێوەرەکە بەسەر(١١٢) خوێندکاری نموونەی سەرەتایی دەرکەوت ،ڕێژەی جێگیری پێوەرەکە بریتییە لە(٠.٩٢٥) ئەمەش جێگیریەکی بەرزە.

## ٥.٣.٤.٣ تایبەتمەندی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی

پێوانەی(زیرەکی هەڵچوونی) بەشێوەی کۆتایی لە(٢٩)بڕگە پێك دێت،بەشێوەیەکی گشتی بڕگەکان لای خوێندکارانی زانکۆ ڕوون بوو، کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە (٨)خولەك بوو.هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لەناوەڕۆکی بڕگەکاندا بە جۆری(پێنج) بژاردە داڕێژراوە ،واتە(٥)بژاردە لەبەرامبەر بڕگەکان هەیە،کە بریتیین لە(هەمیشە بەسەرمدا جێبەجێ دەبێت ، زۆربەسەرمدا جێ بەجێدەبێت ، هەندێك جار بەسەرمدا جێبەجێدەبێت ، کەم بەسەرمدا جێبەجێ دەبێت ، بەسەرمدا جێبەجێ نابێت) و بەهای بژاردەکان بریتین لە(٥،١،٢،٣،٤)بەهەمان ڕیز بەندی،بەرامبەر بڕگە نەرێنیەکان نمرەکان پێچەوانە دەبنەوە واتە (٥،٤،٣،٢،١).

## ٥.٣ ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی کۆتایی:

توێژەر لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/٢٣)دەستی کرد بەجێبەجێکردنی پێوەرەکانی توێژینەوەکەی بەسەر نموونەی توێژینەوەکەیدا،کەپێکهاتبوو لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، کەژمارەیان (١٤٠٩) خوێندکار بوو،لەهەردوو ڕەگەز نێرو مێ، کە بەسەر شەش کۆلێجدا دابەشبوون، لەو ڕێژەیە تەنها(٩٩٥)خوێندکار وەڵامی پێوەرەکەیان گەڕاندەوە بۆ توێژەر.هەروەك لە پاشکۆی (٢٥) ڕوونکراوەتەوە و ئەنجامدانەکەش لەبەرواری(٢٠٢٢/٣/١٥)کۆتای پێهات.

## ٦.٣ ئامڕازە ئامارییەکان(Statical tools):

١. سوود لە پڕۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان ڤێرژنی(٢٥) وەرگیراوە بۆ بەکار هێنانی ئەم ئامڕازە ئاماریانەی خوارەوە:-
٢. هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (معامل الارتباط پیرسون- Person Correlation Coefficient) بۆئەژمارکردنی جێگیری بەڕێگەی دووبارەجێبەجێکردن و ڕاستگۆیی بونیادنان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بەکار هات.
٣. ئەلفا-کرۆنباخ (Alpha Cronbachs) بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوەرەکە.
٤. بەکارهێنانی(Independent Sample t-test) بۆدۆزینەوەی توانای جیاکاری بڕگەکان لەنێوان نمرە بەرز ونزمەکاندا.
٥. تاقیکردنەوەی(t)تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست(Independent Sample t-test) تاقیکردنەوەی(t)بۆیەك نموونە(One Sample t-test).
٦. بەکارهێنانی هاوکێشەی ئەنۆڤا(One way ANOVA).

٧. دووبارەبوونەوە(Frequency)بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی دووبارەبوونەوەی هەڵبژاردەی پێوەرەکان.

١. تاقیکردنەوەی(t)بۆیەك نموونە(One Sample T-Test).

$$T.test = \frac{\bar{X} - M}{\frac{A}{\sqrt{N}}}$$

٢. تاقیکردنەوەی(t)تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست(Independent Sample T-Test)

$$T.test = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1 - 1)A_1^2}{n_1 + n_2 - 2} + \frac{(n_2 - 1)A_2^2}{n_1 + n_2 - 2} * \left(\frac{1}{n_1} + \frac{1}{n_2}\right)}}$$

٣. هاوکێشەی ئەنۆڤا(One way ANOVA).

$$SS = \sum (X - X^{-})^2 = \sum X^2 - \frac{(\sum X)^2}{N}$$

٤. هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person Correlation Coefficient)

$$r = \frac{\sum XY - \frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{\left[\!\left[\sum_X 2 - \frac{(\sum X)^2}{n}\right]\!\right] * \left[\!\left[\sum_Y 2 - \frac{(\sum Y)^2}{n}\right]\!\right]}}$$

٥. ئەلفا-کرۆنباخ (Alpha Cranach's)

$$A = \left(\frac{K}{K - 1}\right) * \left(1 - \frac{\sum_i^k = 1\, S_i^2}{S_t^2}\right)$$

(الجادری،٢٠٠٧:٢٨٨)

# بەشی چوارەم

## خستنەرووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

## دەرئەنجامەکان

## ڕاسپاردەکان

## پێشنیارەکان

# بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

ئەم بەشە تایبەتە بە شیکردنەوەی داتاکان و خستنەڕوی ئەنجامەکان بە گوێرەی ڕیزبەندی ئامانجەکان، کە لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا دیاری کراوە،هەروەها ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان و لەکۆتاییدا دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیاز خراونەتەڕوو.

١.٤ ئامانجی دووەم :زانینی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی.

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی(SPSS)و ئامڕازی ئاماری( One Sample T-Test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بەناوەندی گریمانەیی پێوانەکە،لەئەنجامدا دەرکەوت، کەناوەندی ژمێرەیی بریتیەلە(٧٦.٧٦)بەرزترە لە ناوەندی گریمانەیی پێوانەکە، کەبریتی بوو لە(٧٢)بەلادانی پێوەری(١٨.٣٣)،هەروەها دەرکەوت، کەبەهای (t)بریتییە لە(١٣٢.٠٩٨) لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)،هەروەك لەخشتەی(١٧) ڕوونکراوەتەوە،.واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت و ناوەندی ژمێرەیی گەورەترە لەناوەندی گریمانەیی. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کەبەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەئاستێکی بەرزدایە.

خشتەی(١٧): ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لای نموونەی توێژینەوەکە

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ٩٩٥ | ٧٦.٧٦ | ١٨،٣٣ | ٧٢ | ٩٩٤ | ١٣٢.٠٩٨ | ١.٩٦٠ | ٠.٠٠٠ |

توێژەر ئەو ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی لەئێستادا تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن تەواوی جیهانی کۆنترۆڵکردووە و لەلایەکی دیکەوە گرنگی دان بەتەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەتایبەتی لەکۆلێجە زانستیەکاندائەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی(غریب،٢٠١٨) و (الزدجالية،٢٠١٤).

٢.٤ ئامانجی سێیەم :زانینی جیاوازی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و فێرکردن لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز و لقی خوێندن و قۆناغ).

١.٢.٤ زانینی جیاوازی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ).

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامڕازی ئاماری(Independent Sample t-test)لەئەنجامدا دەرکەوت،کەناوەندی ژمێرەیی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لای ڕەگەزی نێر بریتییە لە(٧٦.١٣) بەلادانی پێوەری (١٩.٨٥)،بەڵام لای ڕەگەزی مێ ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە(٧٧.٠٤٦) و بەلادانی پێوەری(١٧.٦١)هەروەها بەهای(t)بریتییە لە(٠.٧٢٥-) لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)بەنمرەی ئازادی(٩٩٣) هەروەك لەخشتەی(١٨)ڕوونکراوەتەوە. لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەدی ناکرێت.

خشتەی(١٨): دەرخستنی جیاوازی ڕەگەز لەئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن

| ڕەگەز | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| نێر | ٣٠٨ | ٧٦.١٣ | ١٩.٨٥ | ٩٩٣ | - ٠.٧٢٥ | ١.٩٦٠ | ٠.٤٦٩ |
| مێ | ٦٨٧ | ٧٧.٠٤٦ | ١٧.٦١ | | | | |

بەبڕوای توێژەر ئەو ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەردوو ڕەگەز دەتوانن سوود لەجۆرە جیاوازەکانی تەکنەلۆجیا وەربگرن بەتایبەت ئەو بوارانەی پەیوەندیدارە بەسیستەمی خوێندنی بەشەکانیان.ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (نسیمة،٢٠١٧) و (الناعبی،٢٠٠٨).

**٢.٢.٤ زانینی جیاوازی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن(زانستی و مرۆڤایەتی).**

**دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامڕازی ئاماری(Independent Sample T-Test)لەئەنجامدا دەرکەوت،کەناوەندی ژمێرەیی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لای بەشە زانستییەکان بریتییە لە(٨٦.٨٦) بەلادانی پێوەری (١٣.٣١)،بەڵام لای بەشە مرۆڤایەتیەکان ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە(٦٩.٦٦) و بەلادانی پێوەری(١٨.٠٥)،هەروەها بەهای(t)بریتییە لە(١٦.٤٢) لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)بەنمرەی ئازادی(٩٩٣) هەروەك لەخشتەی(١٩) ڕونکراوەتەوە،لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی بەش جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەدیدەکرێت و جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی بەشی زانستیە.**

**خشتەی(١٩): دەرخستنی جیاوازی بەش لەئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن**

| لقی خوێندن | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| زانستی | ٤١١ | ٨٦.٨٦١٣ | ١٣.٣١٧٢ | ٩٩٣ | ١٦.٤٢٧ | ١.٩٦٠ | ٠.٠٠٠ |
| مرۆڤایەتی | ٥٨٤ | ٦٩.٦٦١٠ | ١٨.٠٤٩٠ | | | | |

**بەبۆچوونی توێژەر ئەوەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کەبەشە زانستییەکان گرنگییەکی زیاتر بە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن دەدەن بۆ فێربوون و فێرکردن،لەکاتێکدا لای بەشە مرۆڤایەتییەکان کەمترە،ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەش پێچەوانەیە لەگەڵ توێژینەوەی (حمد،٢٠٢٠).**

**٣.٢.٤ زانینی جیاوازی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و فێرکردن لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوی قۆناغ(یەکەم و دووەم).**

**دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامڕازی ئاماری(Independent Sample T-Test)لەئەنجامدا دەرکەوت،کەناوەندی ژمێرەیی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لای قۆناغی یەکەم بریتییە لە(٧٧.٦٣) بەلادانی پێوەری (١٨.٢٩)،بەڵام لای**

قۆناغی دووەم ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە(٧٥.٤٦) و بەلادانی پێوەری(١٨.٣٢).هەروەها بەهای(t)بریتییە لە(١.٨٣) لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)بەنمرەی ئازادی(٩٩٣) هەروەك لەخشتەی(٢٠) ڕوونکراوەتەوە. لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی قۆناغ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەدی ناکرێت.

خشتەی(٢٠): دەرخستنی جیاوازی بەش لەئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن

| قۆناغ | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| یەکەم | ٥٩٦ | ٧٧.٦٣٩٣ | ١٨.٢٩٥١ | ٩٩٣ | ١.٨٣٩ | ١.٩٦٠ | ٠.٠٦٦ |
| دووەم | ٣٩٩ | ٧٥.٤٦١٢ | ١٨.٣٢٩٥ | | | | |

بەبۆچوونی توێژەر ئەوەش هۆکاری ئەوەیە، کەبەشێوەیەکی گشتی لەقۆناغە جیاوازەکاندا هەوڵدەدرێت سوود لەتەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن وەربگیرێت بەتایبەتی لەبەشە زانستییەکاندا، کە تەکنەلۆجیا بەشێکی دانەبڕاوە لەبابەتەکانی خوێندنیان.

## ٣.٤ئامانجی چوارەم:زانینی ئاستی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی.

دوای کۆکردنـەوەی داتاکـان و بـەکارهێنانی بەرنامـەی(**SPSS**)و ئـامڕازی ئامـاری( **One Sample T-Test**) بۆ بـەراوردکردنی ناوەنـدی ژمێرەیـی نموونـەی توێژینەوەکـە بەناوەنـدی گریمانەیی پێوانەکە،لەئەنجامدا دەرکەوت، کەناوەندی ژمێرەیی بریتییەلە(٦٣.٦١)بەرزترە لە ناوەنـدی گریمانـەیی پێوانەکـە، کـەبریتی بـوو لـە(٥٤)بـەلادانی پێـوەری(١٦.٥١).هـەروەها دەرکــەوت، کەبــەهای (**t**)بریتییــە لــە(١٢١.٥) لەئاســتی بەڵگــەداری(٠.٠٥)،هــەروەك لەخشتەی(٢١)ڕوونکراوەتـەوە، واتـە جیـاوازی بەڵگـەداری ئامـاری بەدیـدەکرێت و ناوەنـدی ژمێرەیی گـەورەترە لەناوەنـدی گریمانـەیی، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کەپاڵنـەری فێربـوون لەئاستێکی بەرزدایە.

خشتەی(٢١): ئاستی پاڵنەری لای نموونەی توێژینەوەکە

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ٩٩٥ | ٦٣.٦١ | ١٦.٥١ | ٥٤ | ٩٩٤ | ١٢١.٥٠٣ | ١.٩٦٠ | ٠.٠٠٠ |

بەبۆچوونی توێژەر هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەخوێندکاران هەست بەئاسوودەیی دەکەن و لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا تەکنەلۆجیا ئاسانکاری تەواوی دابینکردووە بۆ خوێندکاران و خوێندکاران حەز بەخوێندن و فێربوون دەکەن بەو ئومێدەی بگەن بەئامانجەکانیان و تاکێکی سوود بەخشی کۆمەڵگەبن لەدواڕۆژدا.ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (صابر،٢٠٢١)و(حمد،٢٠٢٠)و(سرحان،٢٠١٥).

## ٤.٤ئامانجی پێنجەم:زانینی جیاوازی ئاستی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوەکانی(ڕەگەز و لقی خوێندن و قۆناغ).

### ١.٤.٤ زانینی جیاوازی ئاستی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ).

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامڕازی ئاماری(Independent Sample T-Test)لەئەنجامدا دەرکەوت،کەناوەندی ژمێرەیی ئاستی پاڵنەری فێربوون لای ڕەگەزی نێر بریتییە لە(٥٩.٧٤) بەلادانی پێوەری (١٦.٤٥)،بەڵام لای ڕەگەزی مێ ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە(٦٥.٣٤) و بەلادانی پێوەری(١٦.٢٥).هەروەها بەهای(t)بریتییە لە(٥.٠٠٢) لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)بەنمرەی ئازادی(٩٩٣) هەروەك لەخشتەی(٢٢)ڕوونکراوەتەوە.لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی پاڵنەری فێربوون بەدی دەکرێت و جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێیە.

خشتەی(٢٢): دەرخستنی جیاوازی ڕەگەز لەئاستی پاڵنەری فێربوون

| ڕەگەز | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| نێر | ٣٠٨ | ٥٩.٧٤ | ١٦.٤٥ | ٩٩٣ | ٥.٠٠٢ | ١.٩٦٠ | ٠.٢١٥ |
| مێ | ٦٨٧ | ٦٥.٣٤ | ١٦.٢٥ | | | | |

توێژەر پێی وایە، ئەو جیاوازیە پەیوەندی بەبارو دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەیە بەجۆرێك، کە دوای تەواوکردنی خوێندن خوێندکاران ناتوانن بەزوویی دابمەزرێن. ئەمەش وای لەخوێندکارانی ڕەگەزی (نێر)کردووە، کە هاوشانی خوێندنەکەیان هەوڵی ئیشکردنی دیکە بدەن، تاوەکو پشت بەخۆیان ببەستن بەپێچەوانەی ڕەگەزی مێ، کەهەوڵدەدات بۆ دەوروبەری بسەلمێنێت کە کچانیش دەتوانن سەرکەوتووبن لەخوێندن و وەك ڕەگەزی نێر ببنە خاوەن بڕوانامە و ئیشی خۆیان. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (حمد،٢٠٢٠) و(سرحان،٢٠١٧)و(شیبة،٢٠١٥)و(عبدالوهاب،٢٠١٤).

## ٢.٤.٤زانینی جیاوازی ئاستی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن(زانستی و مرۆڤایەتی).

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامڕازی ئاماری(Independent Sample T-Test)لەئەنجامدا دەرکەوت،کەناوەندی ژمێرەیی ئاستی پاڵنەری فێربوون لای بەشە زانستییەکان بریتییە لە(٧٠.٣٨) بەلادانی پێوەری (١٠.٠٩)،بەڵام لای بەشە مرۆڤایەتییەکان ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە(٥٨.٨٤) و بەلادانی پێوەری(١٨.٣٨).هەروەها بەهای(**t**)بریتییە لە(11.56) لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)بەنمرەی ئازادی(٩٩٣)هەروەك لەخشتەی(٢٣) ڕوونکراوەتەوە. لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی پاڵنەری فێربوون بەدیدەکرێت و جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی لقی زانستییەکانە.

خشتەی(٢٣): دەرخستنی جیاوازی بەش لەئاستی پاڵنەری فێربوون

| لقی خوێندن | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| زانستی | ٤١١ | ٧٠.٣٨٩٣ | ١٠.٠٩ | ٩٩٣ | ١١.٥٦٤ | ١.٩٦٠ | ٠.٠٠٠ |
| مرۆڤایەتی | ٥٨٤ | ٥٨.٨٤ | ١٨.٣٨ | | | | |

بەبۆچوونی توێژەر ئەوەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کەبەشە زانستییەکان زیاتر گرنگی بەخوێندن دەدەن و ئومێدیان زیاتر هەیە بەوەی دوای تەواوکردنی خوێندن ببن بە خاوەنی ئیشی خۆیان.

## ٣.٤.٤ زانینی جیاوازی ئاستی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوی قۆناغ(یەکەم و دووەم).

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامڕازی ئاماری(Independent Sample T-Test)لەئەنجامدا دەرکەوت،کەناوەندی ژمێرەیی ئاستی پاڵنەری فێربوون لای قۆناغی یەکەم بریتییە لە(٦٥.٤٣) بەلادانی پێوەری (١٦.٥٣)،بەڵام لای قۆناغی دووەم ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە(٦٠.٨٧) و بەلادانی پێوەری(١٦.١١).هەروەها بەهای(t)بریتییە لە(٤.٣٠٦) لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)بەنمرەی ئازادی(٩٩٣) هەروەك لەخشتەی(٢٤) ڕوونکراوەتەوە. لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی قۆناغ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی پاڵنەری فێربوون بەدی دەکرێت و جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی قۆناغی یەکەم بوو.

خشتەی(٢٤): دەرخستنی جیاوازی بەش لەئاستی پاڵنەری فێربوون

| قۆناغ | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| یەکەم | ٥٩٦ | ٦٥.٤٣ | ١٦.٥٣ | ٩٩٣ | ٤.٣٠٦ | ١.٩٦٠ | ٠.٠٠٠ |
| دووەم | ٣٩٩ | ٦٠.٨٧ | ١٦.١١ | | | | |

بەبۆچونی توێژەر هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆش و خرۆشەی، کەخوێندکاران لەسەرەتای چوونە زانکۆ هەیانە و دەیانەوێت خۆیان وەك تاکێکی لێهاتوو دەربخەن.

## ٥.٤ ئامانجی شەشەم:زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەگشتی.

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی(SPSS) و ئامرازی ئاماری( One Sample T-Test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بەناوەندی گریمانەیی پێوانەکە، کەبریتی بوو لە(١٠٠.٢٣)بەلادانی پێوەری(٢٣.٣٧).هەروەها دەرکەوت، کەبەهای(t)بریتییە لە(١٣٥.٢٤٨)لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)،هەروەك لەخشتەی(٢٥) ڕوونکراوەتەوە.واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت و ناوەندی ژمێرەیی گەورەترە لەناوەندی گریمانەیی،ئەمەش ئەوە دەردەخات زیرەکی هەڵچوونی لەئاستێکی بەرزدایە.

خشتەی(٢٥): ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای نموونەی توێژینەوەکە

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ٩٩٥ | ١٠٠.٢٣ | ٢٣.٣٧ | ٨٧ | ٩٩٤ | ١٣٥.٢٤٨ | ١.٩٦٠ | ٠.٠٠٠ |

بەبۆچوونی توێژەر هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەخوێندکاران هەست بەئاسوودەیی دەکەن و لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا تەکنەلۆجیا ئاسانکاری تەواوی دابینکردووە بۆ خوێندکاران و خوێندکاران و هەست بەئاسوودەیی دەکەن و ئومێدێکی زیاتریان هەیە بۆ

ژیانی داهاتوویان ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی (سرحان،٢٠١٧) و(حسن،٢٠١٣) و (العلوان،٢٠١٠) و(بن جامع،٢٠١٠)و(الكيكى،٢٠١٠)و(بكرى،٢٠١٠).

٦.٤ ئامانجی حەوتەم :زانینی جیاوازی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز و بەش و قۆناغ).

١.٦.٤ زانینی جیاوازی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ).

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامڕازی ئاماری(Independent Sample T-Test)لەئەنجامدا دەرکەوت،کەناوەندی ژمێرەیی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای ڕەگەزی نێر بریتییە لە(٩٧.١٨) بەلادانی پێوەری (٢٤.١٣)،بەڵام لای ڕەگەزی مێ ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە(١٠١.٦٠) و بەلادانی پێوەری(٢٢.٩١).هەروەها بەهای(t)بریتییە لە(٢.٧٦٨) لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)بەنمرەی ئازادی(٩٩٣) هەروەك لەخشتەی(٢٦) ڕوونکراوەتەوە .لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی زیرەکی هەڵچوونی بەدی دەکرێت و جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێیە.

خشتەی(٢٦): دەرخستنی جیاوازی ڕەگەز لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی

| ڕەگەز | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی: هەژمارکراو | بەهای تائی: خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٣٠٨ | ٩٧.١٨ | ٢٤.١٣ | ٩٩٣ | ٢.٧٦٨ | ١.٩٦٠ | ٠.٠٠٦ |
| مێ | ٦٨٧ | ١٠١.٦٠ | ٢٢.٩١ | | | | |

توێژەر پێی وایە ئەو جیاوازییە پەیوەندی بەبارو دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەیە بەجۆرێك، کە خوێندکارانی ڕەگەزی مێ زیاتر کۆمەڵایەتی و بەسۆزترن بەرامبەر بەهاوڕێ و دەوروبەریان. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی (حسن،٢٠١٣) و (العلوان،٢٠١٠).

## ٢.٦.٤ زانینی جیاوازی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوی لقی خوێندن(زانستی و مرۆڤایەتی).

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامڕازی ئاماری(Independent Sample T-Test)لەئەنجامدا دەرکەوت،کەناوەندی ژمێرەیی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای بەشە زانستییەکان بریتییە لە(١١١.٩٦) بەلادانی پێوەری (١٤.٠٢٨)،بەڵام لای بەشە مرۆڤایەتییەکان ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە(٩١.٩٨) و بەلادانی پێوەری(٢٥.٠٦٤)،هەروەها بەهای(t)بریتییە لە(١٤.٦٢٦) لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)بەنمرەی ئازادی(٩٩٣) هەروەك لەخشتەی(٢٧) ڕوونکراوەتەوە.لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی بەش جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی زیرەکی هەڵچوونی بەدیدەکرێت و جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی بەشی زانستییە.

خشتەی(٢٧): دەرخستنی جیاوازی بەش لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی

| بەش | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| زانستی | ٤١١ | ١١١.٩٦ | ١٤.٠٢٨ | ٩٩٣ | ١٤.٦٢٦ | ١.٩٦٠ | ٠.٠٠٠ |
| مرۆڤایەتی | ٥٨٤ | ٩١.٩٨ | ٢٥.٠٦٤ | | | | |

بەبۆچوونی توێژەر ئەوەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کەبەشە زانستییەکان زیاتر گرنگی بەخوێندن دەدەن و زیاتر هاوکاریی و کاری بەکۆمەڵ هەیە لەنێوانیاندا .ئەوەش وادەخوازێت، کەهەست بەکێشە و گرفتەکانی یەکتر بکەن و هاوسۆزی بۆ یەکتر دەرببڕن.

## ٣.٦.٤ زانینی جیاوازی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوی قۆناغ(یەکەم و دووەم).

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامڕازی ئاماری(Independent Sample T-Test)لەئەنجامدا دەرکەوت،کەناوەندی ژمێرەیی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای قۆناغی یەکەم بریتییە لە(١٠٢.١٧) بەلادانی پێوەری (٢٢.٩٧)،بەڵام لای قۆناغی دووەم ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە(٩٧.٣٤) و بەلادانی پێوەری(٢٣.٦٩).هەروەها بەهای(t)بریتییە لە(٣.٢٠٧) لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)بەنمرەی ئازادی(٩٩٣) هەروەك لەخشتەی(٢٨) ڕوونکراوەتەوە. لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی قۆناغ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی زیرەکی هەڵچوونی بەدی دەکرێت و جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی قۆناغی یەکەم بوو.

خشتەی(٢٨): دەرخستنی جیاوازی بەش لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی

| قۆناغ | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| یەکەم | ٥٩٦ | ١٠٢.١٧ | ٢٢.٩٧ | ٩٩٣ | ٣.٢٠٧ | ١.٩٦٠ | ٠.٠٠١ |
| دووەم | ٣٩٩ | ٩٧.٣٤ | ٢٣.٦٩ | | | | |

بەبۆچوونی توێژەر هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆش و خرۆشەی، کەخوێندکاران لەسەرەتای چوونە زانکۆ هەیانە و دەیانەوێت هاوڕێیەتی نوێ دروست بکەن و خۆیان لەتەنیایی ڕزگاربکەن، چونکە هەست دەکەن، کە زانکۆ پێویستی بەهاوکاری و کاری بەگروپ هەیە.

## ٧.٤ ئامانجی هەشتەم:زانینی ژمارەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی ڕۆژانەی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و زانینی جیاوازی لەنێوانیان لەئاستی(پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوون)بەپێی ژمارەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی ICT.

دوای شیکردنەوەی داتاکان بەپشت بەستن بەژمارەی دووبارە بوونەوەی وەڵامەکان(Frequencies)بۆ دۆزینەوەی ژمارەی دووبارە بوونەوەی کاتژمێرەکان و ڕێژەی سەدیان لەئەنجامدا دەرکەوت لە(١٤.٤%)،کەدەکاتە(١٤٣)خوێندکار لەنموونەی توێژینەوەکە (١- ٢)کاتژمێر تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن.هەروەها لە(٣٣.١)دەکاتە(٣٢٩)خوێندکار لەنموونەی توێژینەوەکە(٣ - ٤)کاتژمێر تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن. هەروەها لە(٣٣.٧)دەکاتە(٣٣٥)خوێندکار لەنموونەی توێژینەوەکە(٥ - ٦)کاتژمێر تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن و لە(١٨.٩)دەکاتە(١٨٨)خوێندکار لەنموونەی توێژینەوەکە(لە ٧ کاتژمێر زیاتر) تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن،وەك لەخشتەی(٢٩)ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(٢٩):ڕێژەی سەدی کاتژمێری بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لای نموونەی توێژینەوەکە

| کاتژمێرەکانی بەکارهێنان | ژمارەی دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| ١ – ٢ کاتژمێر | ١٤٣ | %١٤.٤ |
| ٣ – ٤ کاتژمێر | ٣٢٩ | %٣٣.١ |
| ٥ – ٦ کاتژمێر | ٣٣٥ | %٣٣.٧ |
| لە ٧ کاتژمێر زیاتر | ١٨٨ | %١٨.٩ |

## ١.٧.٤ زانینی جیاوازی لەنێوانیان خوێندکاران لەئاستی پاڵنەری فێربوون و بەپێی ژمارەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانیICT .

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامڕازی ئاماری(one way ANOVA)لە ئەنجامدا دەرکەوت، بەهای(f)بریتییەلە(٩.٦٨٠)و نمرەی ئازادی لەنێوان گروپەکان(٣)لە ناو گروپەکان (٩٩١)لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)،هەروەك لەخشتەی(٣٠)،(٣١) ڕوونکراوەتەوە. واتەجیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەپێی ژمارەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەئاستی پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەدیدەکرێت.

خشتەی(٣٠): ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ کاتژمێرەکانی بەکارهێنان و جیاوازییان لەئاستی پاڵنەری فێربووندا

| کاتژمێرەکانی بەکارهێنان | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ – ٢ کاتژمێر | ١٤٣ | ٥٦.٨٣ | ١٩.٦٤ |
| ٣ – ٤ کاتژمێر | ٣٢٩ | ٦٤.٧٧ | ١٦.٨٧ |
| ٥ – ٦ کاتژمێر | ٣٣٥ | ٦٤.٥١ | ١٥.٠٦٩ |
| لە ٧ کاتژمێر زیاتر | ١٨٨ | ٦٥.١١ | ١٤.٤٨ |

خشتەی(٣١): جیاوازی نێوان کاتژمێری بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەئاستی پاڵنەری فێربوون

| ئاستی پاڵنەری فێربوون | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازادی | دوجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای (F) | ئاستی بەڵگەداری (Sig) | ئاستی بەڵگەداری ئاماری ٠.٠٥ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| لەنێوان گروپەکاندا | ٧٧١٧.٣٩ | ٣ | ٢٥٧٢.٤٦٣ | ٩.٦٨٠ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەدارە |
| لەناو گروپەکاندا | ٢٦٣٣٦٥.٠٨٨ | ٩٩١ | ٢٦٥.٧٥٧ | | | |
| کۆی گشتی | ٢٧١٠٨٢.٤٧٨ | ٩٩٤ | | | | |

بۆ تەواوکردنی ئەنجامەکانی شیکاری جیاوازی یەك ئاڕاستە توێژەر پشتی بەستووە بەیاسای(LSD)،بۆ زانینی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و جیاوازییان لەئاستی پاڵنەری فێربووندا،هەروەك لەخشتەی(٣٢)خراوەتە ڕوو.لەئەنجامدا دەرکەوت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و جیاوازییان لەئاستی پاڵنەری فێربووندا لەنێوان کاتژمێری (١ - ٢) لەگەڵ(٣ - ٤)کاتژمێر و لەگەڵ(٥ - ٦)کاتژمێر و لە(٧)کاتژمێر زیاتر و جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی (٣ – ٤)و(٥ – ٦)و(لە ٧ کاتژمێر زیاتر)بوو ،بەڵام جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان کاتژمێری بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری وپەیوەندیکردن و جیاوازیان لەئاستی پاڵنەری فێربووندا لەنێوان کاتژمێری(٢ - ٣)کاتژمێر و(٤ – ٥)کاتژمێر و لە(٧)کاتژمێر زیاترلەبەرئەوەی لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)بەرزترە.

خشتەی(٣٢): ژمارەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنان و جیاوازیان لەئاستی پاڵنەری فێربون بەپێی یاسای(LSD)

| بەکارهێنانی ماوەی(I) | بەکارهێنانی ماوەی(J) | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەند(I-J) | هەڵەی پێوانەیی | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ - ٢ | ٣ - ٤ | ١٤٣ | ٥٦.٨٣ | -٧.٩٤٥٩٥* | ١.٦٣٢٨٥ | ٠.٠٠٠ |
| | ٥ - ٦ | | | -٧.٦٨٤٢٥* | ١.٦٢٨٤٢ | ٠.٠٠٠ |
| | لە ٧ زیاتر | | | -٨.٢٧٩٥٣* | ١.٨٠٨٨٨ | ٠.٠٠٠ |
| ٣ - ٤ | ١ - ٢ | ٣٢٩ | ٦٤.٧٧ | ٧.٩٤٥٩٥* | ١.٦٣٢٨٥ | ٠.٠٠٠ |
| | ٥ - ٦ | | | ٠.٢٦١٧٠ | ١.٢٦٥٣٤ | ٠.٨٣٦ |
| | لە ٧ زیاتر | | | -٠.٣٣٣٥٩ | ١.٤٩٠٤٣ | ٠.٨٢٣ |
| ٥ - ٦ | ١ - ٢ | ٣٣٥ | ٦٤.٥١ | ٧.٦٨٤٢٥* | ١.٦٢٨٤٢ | ٠.٠٠٠ |
| | ٣ – ٤ | | | -٠.٢٦١٧٠ | ١.٢٦٥٣٤ | ٠.٨٣٦ |
| | لە ٧ زیاتر | | | -٠.٥٩٥٢٨ | ١.٤٨٥٥٧ | ٠.٦٨٩ |
| لە ٧ زیاتر | ١ - ٢ | ١٨٨ | ٦٥.١١ | ٨.٢٧٩٥٣* | ١.٨٠٨٨٨ | ٠.٠٠٠ |
| | ٣ - ٤ | | | ٠.٣٣٣٥٩ | ١.٤٩٠٤٣ | ٠.٨٢٣ |
| | ٥ - ٦ | | | ٠.٥٩٥٢٨ | ١.٤٨٥٥٧ | ٠.٦٨٩ |

ئەمەش مانای وایە خوێندکاران تاوەکو زیاتر تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەکاربهێنن ئاستی پاڵنەری فێربوونیان بەرزترە،بە بۆچوونی توێژەر ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەخوێندکاران سوود لەوکاتە وەردەگرن، کەلەبەکارهێنانی تەکنەلۆجیای

زانیاری و پەیوەندیکردن بەسەری دەبەن بۆفێربوون بەتایبەت لەڕێگەی یوتیوب و هەندێك پەیج و سایتی پەروەردەیی و فێرکارییەوە.

## ٢.٧.٤ زانینی جیاوازی لەنێوانیان خوێندکاران لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی و بەپێی ژمارەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانیICT .

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری(one way ANOVA)لە ئەنجامدا دەرکەوت،بەهای(f)بریتییەلە(١٠.٥١٧)و نمرەی ئازادی لەنێوان گروپەکان(٣)لە ناو گروپەکان(٩٩١) لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)،هەروەك لەخشتەی(٣٣)،(٣٤)ڕوونکراوەتەوە. واتەجیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەپێی ژمارەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەدیدەکرێت.

خشتەی(٣٣):ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ کاتژمێرەکانی بەکارهێنان و جیاوازییان لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی

| کاتژمێرەکانی بەکارهێنان | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| ١ ــ ٢ کاتژمێر | ١٤٣ | ٩٠.٣٩ | ٢٧.٧٦ |
| ٣ ــ ٤ کاتژمێر | ٣٢٩ | ١٠٠.٩٩ | ٢٢.٧٢ |
| ٥ ــ ٦ کاتژمێر | ٣٣٥ | ١٠٢.٠١١ | ٢١.٨٢ |
| لە ٧ کاتژمێر زیاتر | ١٨٨ | ١٠٣.٢٢ | ٢١.٧٦ |

خشتەی(٣٤): جیاوازی نێوان کاتژمێری بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەئاستی زیرەکی هەڵچونی

| ئاستی پاڵنەری فێربوون | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازادی | دوجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای (F) | ئاستی بەڵگەداری (Sig) | ئاستی بەڵگەداری ئاماری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوان گروپەکاندا | ١٦٧٦٢.١٣٢ | ٣ | ٥٥٨٧.٣٧٧ | ١٠.٥١٧ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەدارە |
| لەناو گروپەکاندا | ٥٢٦٤٧٦.٨٣٧ | ٩٩١ | ٥٣١.٢٥٨ | | | |
| کۆی گشتی | ٥٤٣٢٣٨.٩٦٩ | ٩٩٤ | | | | |

بۆ تەواوکردنی ئەنجامەکانی شیکاری جیاوازی یەك ئاڕاستە توێژەر پشتی بەستووە بەیاسای(LSD)،بۆ زانینی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن

و جیاوازییان لەئاستی پاڵنەری فێربووندا،هەروەك لەخشتەی(٣٥)خراوەتە ڕوو.لەئەنجامدا دەرکەوت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و جیاوازییان لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی لەنێوان کاتژمێری(١ - ٢) لەگەڵ(٣ - ٤)کاتژمێر و لەگەڵ(٥ - ٦)کاتژمێر و لە(٧)کاتژمێر زیاتر و جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی (٣ – ٤)و(٥ – ٦)و(لە ٧ کاتژمێر زیاتر)بوو ،بەڵام جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان کاتژمێری بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری وپەیوەندیکردن و جیاوازیان لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی لەنێوان کاتژمێری(٢ - ٣)کاتژمێر و(٤ – ٥)کاتژمێر و لە(٧)کاتژمێر زیاترلەبەرئەوەی لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)بەرزترە.

خشتەی(٣٥): ژمارەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنان و جیاوازیان لەئاستی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی یاسای(LSD)

| بەکارهێنانی ماوەی(I) | بەکارهێنانی ماوەی(J) | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەند(I-J) | هەڵەی پێوانەیی | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ ـ ٢ | ٣ ـ ٤ | ١٤٣ | ٩٠.٣٩ | -١٠.٥٩٥٣٢* | ٢.٣٠٨٦٥ | ٠.٠٠٠ |
| | ٥ ـ ٦ | | | -١١.٦١٣٣٤* | ٢.٣٠٢٣٨ | ٠.٠٠٠ |
| | لە ٧ زیاتر | | | -١٢.٨٢٤٨٠* | ٢.٥٥٧٥٢ | ٠.٠٠٠ |
| ٣ ـ ٤ | ١ ـ ٢ | ٣٢٩ | ١٠٠.٩٩ | ١٠.٥٩٥٣٢* | ٢.٣٠٨٦٥ | ٠.٠٠٠ |
| | ٥ ـ ٦ | | | -١.٠١٨٠٢ | ١.٧٨٩٠٣ | ٠.٥٦٩ |
| | لە ٧ زیاتر | | | -٢.٢٢٩٤٨ | ٢.١٠٧٢٧ | ٠.٢٩٠ |
| ٥ ـ ٦ | ١ ـ ٢ | ٣٣٥ | ١٠٢.٠١١ | ١١.٦١٣٣٤* | ٢.٣٠٢٣٨ | ٠.٠٠٠ |
| | ٣ – ٤ | | | ١.٠١٨٠٢ | ١.٧٨٩٠٣ | ٠.٥٦٩ |
| | لە ٧ زیاتر | | | -١.٢١١٤٦ | ٢.١٠٠٤٠ | ٠.٥٦٤ |
| لە ٧ زیاتر | ١ ـ ٢ | ١٨٨ | ١٠٣.٢٢ | ١٢.٨٢٤٨٠* | ٢.٥٥٧٥٢ | ٠.٠٠٠ |
| | ٣ ـ ٤ | | | ٢.٢٢٩٤٨ | ٢.١٠٧٢٧ | ٠.٢٩٠ |
| | ٥ ـ ٦ | | | ١.٢١١٤٦ | ٢.١٠٠٤٠ | ٠.٥٦٤ |

ئەمەش مانای وایە خوێندکاران، تاوەکو زیاتر تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەکاربهێنن ئاستی زیرەکی هەڵچوونیان بەرزترە،بە بۆچوونی توێژەر ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن ڕۆڵی هەبووە لەهۆشیارکردنەوەی

تاك و پشت بەستن بەخود و زیابوونی گیانی هاوکاریکردن و خۆگونجاندن و ڕێزگرتن لەهەستی کەسانی دیکەو یارمەتیدانیان لەکاتی پێویست.

## ٨.٤ ئامانجی نۆیەم:زانینی پەیوەندی نێوان ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن(ICT) و پاڵنەری فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی.

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی(SPSS) و ئامرازی ئاماریی( Person Correlation)لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی پێرسۆن(Person)لە نێوان ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و پاڵنەری فێربوون بریتی بوو لە(٠.٧٧١)لەئاستی بەڵگەداری ئاماری(٠.٠٠٠) و ڕێژەی هەڵە(٠.٠٥)،واتە پەیوەندییەکی پۆزەتیڤی ڕاستەوانەیە لەنێوان ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و پاڵنەری فێربووندا،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، هەتا ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەرزبێت پاڵنەری فێربوون بەرزدەبێتەوە و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە،بەڵام بۆ دڵنیابوون لەبەڵگەداری ئاماری ئەم پەیوەندییە توێژەر تاقیکردنەوەی تائی(t)تایبەت بەهاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(معامل ارتباط بيرسۆن)بەکارهێنا بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری(SPSS)،کەئەنجامەکەی لەخشتەی ژمارە(٣٦)دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی(٣٦): دەرخستنی پەیوەندی نێوان ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و پاڵنەری فێربوون

| گۆڕاوەکان | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئاستی بەکارهێنانی ICT | ٩٩٥ | ٧٦.٧٦ | ١٨.٣٣ | ٠.٧٧١ | ٣٤.٨٥٣ | ١.٩٦ | ٠.٠٠٠ |
| پاڵنەری فێربوون | | ٦٣.٦١ | ١٦.٥١ | | | | |

توێژەر پێی وایە، ئەم پەیوەندییە بەهێزە ئەوە دەردەخات،کەخوێندکاران توانیویانە سوود لەتەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن وەربگرن بۆ فێربوون و هانیان دەدات بۆ خوێندن.

**٩.٤ ئامانجی دەیەم:زانینی پەیوەندی نێوان ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن(ICT) و زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی.**

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی(SPSS) و ئامرازی ئاماریی( Person Correlation)لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی پێرسۆن(Person)لە نێوان ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و زیرەکی هەڵچوونی بریتی بوو لە(٠.٧٥١)لەئاستی بەڵگەداری ئاماری(٠.٠٠٠) و ڕێژەی هەڵە(٠.٠٥).واتە پەیوەندییەکی پۆزەتیڤی ڕاستەوانەیە لەنێوان ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و زیرەکی هەڵچوونی ،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەتا ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەرزبێت،ئەوا زیرەکی هەڵچوونی بەرزدەبێتەوە و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە،بەڵام بۆ دڵنیابوون لەبەڵگەداری ئاماری ئەم پەیوەندییە توێژەر تاقیکردنەوەی تائی(t)تایبەت بەهاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(معامل اتباط بیرسۆن)بەکارهێنا بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری(SPSS)کەئەنجامەکەی لەخشتەی ژمارە(٣٧)دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی(٣٧): دەرخستنی پەیوەندی نێوان ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن و زیرەکی هەڵچوونی

| گۆڕاوەکان | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئاستی بەکارهێنانی ICT | ٩٩٥ | ٧٦.٧٦ | ١٨.٣٣ | ٠.٧٥١ | ٤٧.٨٦٦ | ١.٩٦ | ٠.٠٠٠ |
| زیرەکی هەڵچوونی | | ١٠٠.٢٣ | ٢٣.٣٧ | | | | |

توێژەر پێی وایە، ئەم پەیوەندییە بەهێزە ئەوە دەردەخات،کەخوێندکاران توانیویانە سوود لەتەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن وەربگرن، تاوەکو زیاتر بڕوایان بەخۆیان هەبێت و هەست بەئاسوودەیی بکەن و گیانی هاوکاری و یارمەتیدان گەشەبکات لایان.

## ١٠.٤ ئامانجی یازدەهەم:زانینی پەیوەندی نێوان پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی.

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی(SPSS) و ئامڕازی ئاماریی( Person Correlation)لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی پێرسۆن(Person)لە نێوان ئاستی پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی بریتی بوو لە(٠.٨٦٤)لەئاستی بەڵگەداری ئاماری(٠.٠٠٠) و ڕێژەی هەڵە(٠.٠٥).واتە پەیوەندییەکی پۆزەتیقی ڕاستەوانەیە لەنێوان ئاستی پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونیدا ،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، هەتا ئاستی پاڵنەری فێربوون بەرزبێت زیرەکی هەڵچوونی بەرزدەبێتەوە و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە،بەڵام بۆ دڵنیابوون لەبەڵگەداری ئاماری ئەم پەیوەندییە توێژەر تاقیکردنەوەی تائی(t)تایبەت بەهاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(معامل اتباط بيرسۆن)بەکارهێنا بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری(SPSS)،کەئەنجامەکەی لەخشتەی ژمارە(٣٨)دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی(٣٨): دەرخستنی پەیوەندی نێوان ئاستی پاڵنەری فێربوون و زیرەکی هەڵچوونی

| گۆڕاوەکان | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| پاڵنەری فێربوون | ٩٩٥ | ٦٣.٦١ | ٢٣.٣٧ | ٠.٨٦٤ | ٩٣.٦٩٩ | ١.٩٦ | ٠.٠٠٠ |
| زیرەکی هەڵچوونی | | ١٠٠.٢٣ | ١٦.٥١ | | | | |

توێژەر پێی وایە، ئەم پەیوەندییە بەهێزە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم دوو چەمکە گرنگ و پەیوەندیدارن بەیەکەوە، هەرکاتێك خوێندکار پاڵنەری فێربوونی هەبوو، ئەوا زیرەکی هەڵچوونیشی بەرزدەبێت و گەشەدەکات وە بەپێچەوانەشەوە.

## ١١.٤ ئامانجی دوازدەهەم: زانینی ژمارەی خوێندکارانی نموونەی وەرگیراو بۆ توێژینەوەکە و ڕێژەی سەدییان بەپێی کۆلێجەکان بۆ خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و زانینی جیاوازی لەنێوان خوێندکاران لەئاستی(بەکارهێنانی

تــــەکنــــەلۆجیای زانیـــاری و پەیوەندیکردن،پاڵنـــەری فێربـــوون،زیرەکی هەڵچوونی)بەپێی جیاوازی کۆلێجەکان.

دوای شـــیکردنەوەی داتاکـــان بەپشـــت بەســـتن بـــەژمارەی دووبـــارە بوونـــەوەی وەڵامەکان(Frequencies)بۆ دۆزینەوەی ژمارەی دووبارە بوونەوەی ژمارەی خوێندکارانی کۆلێجـەکان و ڕێـژەی سـەدیان لەئەنجامـدا دەرکـەوت لـە(٩.٢%)کەدەکاتـە(٩٢)خوێنـدکار لەنموونەی توێژینەوەکە لەکۆلێجی ئەندازیاری بوون.هەروەها لە(٧.٨)دەکاتە(١٧٧)خوێندکار لەنموونەی توێژینەوەکە لەکۆلێجی زانست بـوون ، هـەروەها لـە(٨%)دەکاتـە(٨٠)خوێنـدکار لەنموونــــەی توێژینەوەکـــــە لـــــەکۆلێجی پـــــەروەردە زانســـــتەکان بـــــوون و لە(١٩.٥)دەکاتە(١٩٤)خوێندکار لەنموونـەی توێژینەوەکـە لـەکۆلێجی زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان بــوون. هــەروەها لــە(٣٣.٤)دەکاتــە(٣٣٢)خوێنــدکار لەنموونــەی توێژینەوەکــە لــەکۆلێجی پــەروەردەی بنــەڕەت بــوون و لــە(١٢.١)دەکاتــە(١٢٠)خوێنــدکار لەنموونــەی توێژینەوەکــە لەکۆلێجی زمان بوون وەك لەخشتەی(٣٩)ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(٣٩):ژمارەی دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی کۆلێجەکان

| کۆلێج | ژمارەی دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئەندازیاری | ٩٢ | ٩.٢ |
| زانست | ١٧٧ | ٧.٨ |
| پەروەردە زانستەکان | ٨٠ | %٨ |
| زانستە مرۆڤایەتیەکان | ١٩٤ | %١٩.٥ |
| زمان | ١٢٠ | %١٢.١ |
| پەروەردەی بنەڕەت | ٣٣٢ | %٣٣.٤ |

## ١.١١.٤ زانینی جیاوازی لەنێوان خوێندکاراندا لەئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن بەپێی جیاوازی کۆلێجەکان:

دوای شـیکردنەوەی داتاکـان بـە بـەکارهێنانی ئـامڕازی ئامـاری(one way ANOVA)لـە ئەنجامدا دەرکەوت،بەهای(F)بریتییەلە(١١٩.٤٩٠)و نمرەی ئازادی لەنێوان گروپەکان(٥)لە ناو گروپـەکان(٩٨٩)لەئاسـتی بەڵگـەداری(٠.٠٠٠)،هـەروەك لەخشـتەی(٤٠)،(٤١)ڕوونکراوەتـەوە. واتـەجیاوازی بەڵگـەداری ئامـاری بـەپێی ژمـارەی خوێنـدکارانی کۆلێجـەکان لەئاسـتی

بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەدیدەکرێت.

**خشتەی(٤٠):ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ کۆلێجەکان و جیاوازییان لەئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن**

| کۆلێج | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| ئەندازیاری | ٩٢ | ٨٦.٠٥٤٣ | ١٤.٠٠٨٩ |
| زانست | ١٧٧ | ٨٨.٠٤٥٢ | ١٢.٩٦٧١ |
| پەروەردە زانستەکان | ٨٠ | ٨٤.٢٢٥٠ | ١٣.٧٩٢٢ |
| زانستە مرۆڤایەتیەکان | ١٩٤ | ٥٩.٦٠٣١ | ١٦.٢٢٥٤ |
| زمان | ١٢٠ | ٦٢.١٤١٧ | ١٣.٤٦٨٤ |
| پەروەردەی بنەڕەت | ٣٣٢ | ٨١.٦٩٥٨ | ١٤.٨٨٥٤ |

**خشتەی(٤١): جیاوازی نێوان کۆلێجەکان لەئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن**

| بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازادی | دوجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای(F) | ئاستی بەڵگەداری ئاماری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوان گروپەکاندا | ١٢٥٧٨٤.٨١٨ | ٥ | ٢٥١٥٦.٩٦٤ | ١١٩.٤٩٠ | بەڵگەدارە |
| لەناو گروپەکاندا | ٢٠٨٢١٩.٦٢١ | ٩٨٩ | ٢١٠.٥٣٦ | | |
| کۆی گشتی | ٣٣٤٠٠٤.٤٣٨ | ٩٩٤ | | | |

بۆ تەواوکردنی ئەنجامەکانی شیکاری جیاوازی یەك ئاراستە توێژەر پشتی بەستووە بەیاسای(LSD)،بۆ زانینی ژمارەی خوێندکارانی کۆلێجەکان و جیاوازییان لەئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن،هەروەك لەخشتەی(٤٢)خراوەتە ڕوو.لەئەنجامدا دەرکەوت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان کۆلێجەکان و جیاوازییان لەئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەنێوان کۆلێجەکانی(ئەندازیاری)و(زانست )و(پەروەردە زانستەکان ) لەگەڵ(زانستە مرۆڤایەتیەکان) و(زمان)و(پەروەردەی بنەڕەت) و جیاوازیەکەش لەبەرژەوەندی کۆلێجی(ئەندازیاری)و(زانست ) و(پەروەردە زانستەکان ) بوو، ،بەڵام جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن لەنێوان کۆلێجەکانی(ئەندازیاری)و(زانست ) و (پەروەردە زانستەکان ) لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)بەرزترە.

